# ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (454) دووشەممە 2017/4/24 - 4ی گوڵان 2717 (750) دینار


## یەک ملیۆن تۆن گەنم لە دەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت، بەغدا ئەمساڵ تەنیا نیو ملیۆن تۆن گەنمی جووتیارانی کوردستان دەکڕێتەوە. ئەوە لەکاتێکدا پێشبینی دەکرێ بەرهەمی ئەمساڵی جووتیارانی کوردستان بگاتە ملیۆنێک و 600 هەزار تۆن.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە نرخ و بڕی ئەو گەنمەی بڕیارە حکومەتی عێراق لە جووتیارانی کوردستانی بکڕێتەوە، گوتی: "هەرچەندە هێشتا بڕیاری کۆتایی لەسەر نرخی کڕینەوە و بڕی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران نەدراوە، بەڵام بۆچوونی لیژنەی باڵای تەخمین و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئەوەیە ئەمساڵ تەنیا 17%ی بودجەی تەرخانکراوی کڕینەوەی گەنم، بۆ گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بێت کە دەکاتە نزیکەی 500 تاوەکو 550 هەزار تۆن".

لە پێنج ساڵی ڕابردوودا رووبەری چێنراوی گەنم لە هەرێمی کوردستان لە ملیۆنێک و 737 هەزار دۆنمەوە بۆ 3 ملیۆن و 100 هەزار دۆنم زیادی کردووە، بڕی بەرهەمیش لە 227 هەزار تۆنەوە بۆ ملیۆنێک و 680 هەزار تۆن زیاد بووە.

ئەگەر بەغدا بڕیارەکەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمساڵ زیاتر لە ملیۆنێک تۆن گەنم لە دەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە.



«8

**بەرپرسانی گۆڕان:**
### نەوشیروان مستەفا لەم نزیکانە دەگەڕێتەوە
3

### هۆشیار زێباری و قادری حاجی عەلی کۆدەبنەوە
4

**هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتیک بۆ (ڕووداو):**
### هەوڵ بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی سووریا نادەین
5

# گۆڕان نوێنەر بۆ لیژنەی باڵای گشتپرسی نانێرێ

**بزووتنەوەی گۆڕان:**
یەکێتی بە ئێمەیان گوتووە لەسەر گشتپرسی لەگەڵ پارتی ڕێکنەکەوتووین

« 3



## پارتێکی سوێد داوای کەلەپچەی ئەلیکترۆنی بۆ کۆچبەران دەکات
« 11

ژنان 12
### پزیشکێکی ئوردنی چاوی ژنێکی کورد کوێر دەکات


ڕاپۆرت 7
### فەرمانبەرانی عێراق ساڵانە شەش مانگ پشوو دەدەن

ڕاپۆرت 14
### کوردێک کڵاو لەسەری گاگارین دەنێت


کۆمەڵایەتی 13
### چوار چەکداری دەمامکدار گەنجێک ئەشکەنجە دەدەن


رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (454) – دووشەممە 2017/4/24



## کلاسیکۆ سێ قوربانی لێکەوتەوە

رووداو– هەولێر

دوای کۆتاییهاتنی یاری نێوان ریال مەدرید و بارسێلۆنا، بەهۆی تەقەی خۆشییەوە سێ هاووڵاتی برینداربوون. دکتۆر سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "لە دوای کۆتاییهاتنی یارییەکە، سێ کەس بەهۆی تەقەکردنەوە بریندابوون و بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکیش رەوانەنەخۆشخانە کراون". نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، لەبارەی تەقەکردن و خۆشی دەربڕینی هاووڵاتیان لە شاری هەولێر رایگەیاند "تەقەکردن یاسا شکاندن و گێرەشێوێنییە و بەتوندی سزای تەقەکەران دەدەین". یاری کلاسیکۆ لە خولی یانەکانی ئیسپانیا لە نێوان ریال مەدرید و بارسێلۆنا بە سەرکەوتنی بارسێلۆنا و بە ئەنجامی 3 گۆڵ بەرامبەر بە 2 گۆڵ کۆتاییهات.



### بە کەفالەت ئازادکراون

# شەش کەس لەسەر دۆسیەی سەنا دەستگیر دەکرێن

ناسر عەلی
رووداو– دهۆک

تاوەکوو ئێستا شەش کەس لەسەر دۆسیەی سەنا، ئەو منداڵەی بەهۆی هەڵەیەکی پزیشکی دەستی بڕدرایەوە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە و دوو لەوان کە برنپێچێکی ژن و پزیشکێکن، شەش رۆژ بەندکراون، بەڵام برینپێچەکە دەڵێت دوور و نزیک پەیوەندی بە دۆسیەی سەناوە نییە و لەو ماوەیەی راگیراوە مامەڵەی خراپی لەگەڵ کراوە. ئەو دەڵێت: "ئەوەی لەگەڵ من کرا، داعش بە خەڵکی نەکردووە".

رۆژی 2017/4/7 کچێکی تەمەن دوو ساڵ، بەناوی سەنا عیسام بەهۆی سکچوونەوە رەوانەی نەخۆشخانەی گوڵانی ئاکرێ دەکرێت. بەڵام دوای دوو رۆژ دەستی رەش هەڵدەگەڕێ، دواتر رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک دەکرێت، رۆژی 16ی ئەم مانگە لێژنەیەکی پزیشکی بڕیاری بڕینەوەی دەستی سەنایان دا.

لەسەر دۆسیەی سەنا رۆژی 18ی مانگی رابردوو چوار کەس دەستگیرکران کە دوویان برینپێچ بوون و دووی دیکەشیان پزیشک بوون. هەر ئەو رۆژە پزیشکێک و برینپێچێک بە کەفالەت ئازادکران، هەروەها پزیشکێک و برینپێچەکەی دیکە زیندانی کران، ئەوان تاوەکو رۆژی 23ی مانگ لە زیندان مانەوە و دواتر بە کەفالەت ئازادکران. دوای ئازادکردنی ئەو دوو کەسە، دوو کەسی دیکە بانگهێشتکران و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا.



(و) ئەو ژنە برینپێچییە کە شەش رۆژ لە زیندان بووە، گوتی "سێ ساڵە بوومەتە برینپێچ، سەرەتا لە دهۆک بووم، پێش چوار مانگ شووم کرد بە کەسێکی دانیشتووی ئاکرێ، بۆیە خۆم نەقڵی ئاکرێ کرد. ئەو رۆژەی سەنایان هێنایە نەخۆشخانە، راستە من خەفەر بووم، بەڵام نە کانۆلامان داناوە، نە چارەسەریشم بۆ نووسیوە".

(و) کە چوار مانگە دووگیانە، دەڵێت هەر لە یەکەم رۆژ کە لەلایەن لێژنەکەوە بانگ کراوە، نەزیف بووە. ئەو دەڵێت "چەند جارێک پێمگوتن من ئاگام لەو بابەتە نییە، بەڵام سوودی نەبوو، بردمیان بۆ لێکۆڵینەوە، دادوەر قسەی ناخۆشی پێگوتم، چەند جارێک پێمگوت من دووگیانم، بەڵام ئەو گوێی پێنەدام".

ئەو برینپێچە بەردەوام نکۆڵی لەوە دەکرد کە پەیوەندی بە دۆسیەی سەناوە هەبێ و گوتی "لەو ماوەیەی وەکو برینپێچ دامەزراوم، بە هەزاران کەسم چارەسەر کردووە، تاوەکو ئێستا هیچ هەڵەیەکم نەکردووە، بەڕاستی لە دۆسیەی سەنا غەدریان لێکردم".

### برینپێچێک: ئەوەی لەگەڵ من کرا داعش لەگەڵ خەڵکی نەکردووە

برینەوەی دەستی سەنا کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، تاوەکو ئێستا سێ لێژنەی لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە دروستکراون، رۆژی 23ی ئەو مانگەش وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی قەزای ئاکرێی کرد، دواتریش سەردانی دهۆکی کرد.

ئەو برینپێچە دەڵێت گرتنەکەی کاریگەری زۆری لەسەر خۆی و کۆرپەلەکەی هەبووە "رەوشی دەروونیم جێگیر نییە، بەهۆی گرتنەکەم تووشی خوێنبەربوونێکی زۆر بووم، کۆرپەلەکەم وشکبووەتەوە و مەترسی لەسەرە".

محەممەد فایەق، ئەندامی داواکاری گشتی لە دادگای ئاکرێ و ئەندامی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی سەنا دەڵێت "هەر لەیەکەم رۆژ کە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد، یەکەم جار چوار کەسمان بانگ کرد، دوو لەوان رەوانەی زیندان کران، کە یەکێک برینپێچێکی ژن بوو، ئەوەی دیکەش ئەو پزیشکە بوو کە ئەو رۆژە خەفەر بووە".

ئەو ئەندامەی لێژنەکە رەتیکردەوە غەدریان لەو برینپێچە کردبێ و گوتی "وەکو لێژنە غەدرمان لە کەس نەکردووە، تەنیا کاری خۆمان کردووە، لەبیر نەکەین دەستی منداڵێک بڕاوەتەوە".

تۆمەتبارانی ئەو دۆسیە هەر دێ و ژمارەیان زیاد دەبێ، رۆژی 2017/4/23 لێژنەی لێکۆڵینەوە پزیشکێک و برینپێچێکی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە راگرت، دوای ئەوەی ئیفادەیان وەرگیرا، هەر هەمان رۆژ بە کەفالەت ئازاد کران. تا ئێستا سێ پزیشک و سێ برینپێچ لەو دۆسیەدا تۆمەتبار کراون.

محەممەد باسی سزای ئەو کەسانەی کرد ئەگەر تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ ببێتەوە و گوتی "ئەوانە بەپێی مادده 416 دادگایی دەکرێن ئەگەر تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ ببێتەوە، سزاکەیان دوو ساڵ بەندکردن دەبێ، چونکە بوونەتە هۆی کەمئەندامبوونی کەسێک".

# 5 مەتر لەنێوان مەرگ و ژیاندا

هونەر ئەحمەد
رووداو– مووسڵ

بەرەبەیانییەکی زوو لەگەڵ دوو تیمی دیکەی رووداو بەرەو موسڵ بەڕێکەوتین. لەکاتی گەیشتنمان بە بەری راستی مووسڵ تیمەکەی ئێمە لە دوو تیمەکەی دیکە جیابووەوە و بەرەو ئەو میحوەرە چووین کە دژە تیرۆری عێراق شەڕی لێ دەکات. پێش گەیشتنمان پەیوەندیم بە لیوا مەعن سەعد یەکێک لە فەرماندەکانی دژە تیرۆرەوە کرد و پێیگوتم کە هێزەکانیان ئەمرۆ هیچ پێشڕەوییەک ناکەن. بۆیە پەیوەندیم بە تیمەکانی دیکەی رووداوەوە کرد و پێمگوتن کە چاوەڕوانمان بکەن دەگەڕێینەوە بۆ میحوەری پۆلیسی فیدراڵی.

گەیشتینەوە ناوچەی عرێج کە فەرماندەیی گشتی پۆلیسی فیدراڵی لێیە و لە گۆڕەپانی بنکەکە چاوەڕوان بووین تاوەکو بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی فیدراڵی بەرەو هێڵی پێشەوەمان ببات لە بەری راستی مووسڵ. چاوەڕوانییەکەمان لەچاو رۆژانی دیکە 20 خولەک زیاتری خایاند، لەناکاو دەنگی تەقە هات و پێمواببوو کە یەکێک چەکەکەی تاقیدەکاتەوە، بەڵام تەقەکان زۆرتر بوون.

لەپێش فەرماندەیی گشتی پۆلیس شڵەژان روویدا، پۆلیسەکانی بەر دەرگا دەستیان دایە چەک، لەگەڵ کامێرامانەکەم و تیمەکانی دیکەی رووداو ئۆتۆمبێلەکانمان لە گۆڕەپانی بارەگای پۆلیسی فیدراڵی جێهێشت، لە ناکاو فەرماندەیەکی پۆلیس هاتە دەرەوە و بێ تەلێکی پێبوو، بەردەوام فەرمانی دەدا و بە پۆلیسەکانی بەردەرگای گوت هەموو رێگاکان دابخەن، ترسی زۆر هەبوو ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو خۆی بگەیەنێتە بنکەی فەرماندەییەکە. لە فەرماندەکەی پۆلیس نزیک بوومەوە تاوەکو گوێ لە بێ تەلەکەی بگرم. یەکێک لە بێتەلەکەوە هاواری کرد: داعش هێرشی هێناوە و دەیەوێت بێتە نێو بنکەکەوە. هێزەکان هەموویان کۆکرانەوە و فەرمان کرا لە پاڵ سەنگەرەکانی دەوروبەری بارەگاکەوە پشتێنەیەکی ئەمنی دروست بکرێت، زۆری نەخایاند چوار هەلیکۆپتەر لە بنکەکەوە هەستان و دەستیانکرد بە چاودێریکردنی ناوچەکە. لە تەنیشت بنکەکەوە بۆردومان دەستی پێکرد، بۆردومانەکە زۆر نزیک بوو لە ئێمە، سەیر بوو بەلامەوە بۆچی بۆردومانەکە هێندە نزیکە، بەڵام دواتر دەرکەوت خۆکوژێکی داعش لە نزیک ئێمە لە نێو گژوگیای ناوچەکە خۆی حەشاردابوو، بەهۆی بۆردومانەکەوە تەقییەوە، فەرماندەکەی پۆلیس تووڕە بوو، گوتی هەموو دەزگاکانی راگەیاندن با بگەڕێنەوە، نامەوێت کەس لێرە بێت. لەو کاتەدا دوو چەکداری داعش هەڵدەهاتن و منیش وێنەم دەگرتن، بانگی فەرماندەکەی پۆلیسم کرد تاوەکو تەماشای وێنەکان بکات، هەڵاتنی چەکدارانی داعش دەبینرا، فەرماندەکەی پۆلیس سەرقاڵ بوو بە ئەرکەکەیەوە، فەرمانی پاشەکشێکردنی تیمەکانی راگەیاندنی لەبیر چووەوە، زۆری پێنەچوو فەرمان کرا کە ناوچەکە بپشکنرێت. ئێمەش پێ بەپێ لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس رۆیشتین. لەپاڵ تەپۆڵکەیەک تەقە لە چەکدارێکی داعش کرا، چەکدارەکە وا دەرکەوت کە کوژراوە، من و چەند پۆلیسێک لێی نزیک بووینەوە، پۆلیسێک ویستی تەقەی دیکەی لێ بکات، منیش پێمگوت ئاگاداربن نەوەک پشتێنی پێوە بێت، چونکە ئەگەر تەقەی لێ بکەن دەتەقێتەوە، لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس زیاتر نزیک بووینەوە، بەشێوەیەک تەنیا 5 بۆ 7 مەترمان مابوو بگەینە سەر چەکدارەکە. من هەر چاوم لەسەری بوو، ئەو پشتی لە ئێمە بوو، لەناکاو جووڵەی دەستیم بینی، هاوارم کرد بکشێنەوە و هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو کە خۆی تەقاندەوە، پێمواببوو دوو بۆ سێ پۆلیس بەهۆی خۆتەقاندنەوەی چەکدارەکەی داعش گیانیان لەدەستدابێ. نزیکەی 20 مەتر هاتمە دواوە، بینیم پۆلیسێک هەموو دەموچاوی خوێنە. دواتر دۆخەکە هەندێک هێور بووەوە، بۆم دەرکەوت لەو تەقینەوەیەدا سێ پۆلیس بریندار بوون.



دواتر هێزەکانی پۆلیس جارێکی دیکە خۆیان کۆکردەوە و دەستیان بە پشکنینی ناوچەکە کرد. لەو هێرشەی داعش بۆ سەر بنکەی گشتیی پۆلیسی فیدراڵی 4 چەکداری داعش خۆیان تەقاندەوە، چەکدارێکیش بە فیشەکی پۆلیس کوژرا و چەکدارێکیش هەڵهات. لە ئۆپەراسیۆنەکانی پۆلیسیشدا 8 کەس دەستگیرکران کە گومان هەبوو لە هێرشەکەدا هاوکاریی چەکدارانی داعشیان کردبێت.

### بزنەکێویەکی دوو گیان دەکوژێت

# ئەفسەرێکی پێشمەرگە لەسەر راوکردن دەستگیر دەکرێت



راوچی حەسەن
رووداو– دەربەندیخان

لەسەر کوشتنی بزنە کێوییەک، سێ راوچی لە چیای بەرانانی سنووری قەزای دەربەندیخان دەستگیر دەکرێن و بەگوتەی کارمەندێکی پۆلیسی دارستانی دەربەندیخانیش "یەکێک لە راوچییەکان ئەفسەری وەزارەتی پێشمەرگەیە".

رووداوەکە دوانیوەڕۆی رۆژی 2017/4/23 بووە. هاووڵاتیانی ناوچەکە پۆلیسیان لە رووداوێکی تەقەکردن ئاگادار کردووەتەوە، پاشان پۆلیسی دارستان چووەتە شوێنی رووداوەکە و 3 کەسی دەستگیر کردووە کە یەکێکیان ئەفسەری وەزارەتی پێشمەرگەیە.

رائید ئەحمەد مستەفا، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی دەربەندیخان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئیوارەی رۆژی یەکشەممە 2017/4/23، سێ گەنج کە تەمەنیان لە نێوان 20 بۆ 25 ساڵە، لە چیای بەرانان تەقە لە بزنە کێوییەک دەکەن و دەیکوژن، دوای ئەوە تیمەکانی ئێمە چوونە شوێنی رووداوەکە و دەستگیریان کردن".

سەبارەت بە جۆری ئەو چەکەی کە تەقەی پێکراوە، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی دەربەندیخان گوتی "راوچییەکان چەکێکی جۆری (ژێرسێ) یان پێگیراوە، لەگەڵ دووربین و ئامێری راوکردن، ئەوان لەگەڵ کەرەستەکانیان دەخرێنە بەردەستی دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ وەرگرتنی سزاکەیان".

وەک لە وێنەکاندا دەردەکەوێت بزنە کێوییەکە دوو بێچووی لە سکدابووە و ئەوانیش بوونەتە قوربانی گوللەی سێ راوچییەکە.

هەر سەبارەت بە رووداوەکە، دڵشاد محەممەد، کارمەند لە بەشی راگەیاندنی پۆلیسی دارستانی دەربەندیخان بە (رووداو)ی راگەیاند "کاتێک چووینە شوێنی رووداوەکە بینیمان کە ئەو سێ کەسە لە شوێنی رووداوەکەوە نزیکن و چەکیان پێبوو، بەڵام سەرەتا ئەوان نکۆڵیان لەوە دەکرد، ئەو بزنەکێوییەیان کوشتبێت، دواتر دەرکەوت خوێنی بزنەکێوییەکە بە جلوبەرگی یەکێک لە راوچییەکانەوە بوو، ئێمەش دەستگیرمان کردن و دواتر رەوانەی پۆلیسی دەربەندیخانمان کردن"

بە گوتەی دڵشاد محەممەد، یەکێک لەو کەسانەی دەستگیرکراوە، ئەفسەری وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە، هەرسێ راوچییەکەش بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون و ئێستا لە زیندانن.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئەو کەسەی کەسەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، پلەی ملازمە و ناوی (ئا.م.ر) و بەڕێوەبەری ئیدارەی ئەفسەرانە لە سنووری قەزای دەربەندیخان. یەکێکی دیکە لە راوچییەکان ناوی ( ب.ع.م). ئەوەی دیکەشیان ناوی (ش.ئا.ئە) بووە.

بەپێی رێنمایی و بڕیاری دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان، هەرکەسێک ئاسکێک یان بزنەکێویەک بکوژێت، بە بڕی 10ملیۆن دینار سزادەدرێت، جگە لە مانەوەی لە زیندادا. دڵشاد محەممەد دەشڵێت "کوشتنی بزنەکێویەکە لەبەرئەوەی دوو بێچووی لەگەڵ دابووە، ئەوانیش هەژمار دەکرێن و ئەگەر بێت و رووداوەکەیان بەسەردا ساغ بێتەوە کۆی سزای پارە لەو راوچیانە کە وەردەگیرێت، دەبێتە 30 ملیۆن دینار".

لە سنووری چیای بەرانان زیاتر لە 60 بزنی کێوی و کەڵکی کێوی دەژین و رۆژانە لەلایەن پۆلیسی دارستانەوە چاودێری دەکرێن. بەو گوتەی ئەو کارمەندەی پۆلیسی دارستان کامێرای چاودێریش بۆ پاراستنی ئاژەڵەکان دانراوە.

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 454 ) - دووشەممە 2017/4/24



## پارتی: لەو باوەڕەدا نەبووین عەمار حەکیم لێدوانی وا بدات

**ڕووداو- پیرمام**

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی سەربەخۆیی، وەڵامی عەممار حەکیمی دایەوە و گوتی "لەو بڕوایەدا نەبووین سەید عەممار حەکیم لێدوانێکی وا بدات". عەممار حەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق پێشتر ڕایگەیاندبوو هیچ دەوڵەتێک نییە دان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بنێت جگە لە ئیسرائیل نەبێت. میرانی دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندێکی سەدرییەکان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: "لەو بڕوایەدا نەبووین، پێمانوانەبوو سەید عەممار حەکیم لێدوانێکی وا بدات، چونکە ڕەوتی سەدری دەڵێن ئێمە ڕێز لە مافەکانی کورد دەگرین، تەنانەت لەسەر ئاڵای کوردستان لە کەرکووک هیچ کاردانەوەیەکی خراپی نەبووە".

# گۆڕان نوێنەر بۆ لێژنەی باڵای گشتپرسی نانێرێ

### بزووتنەوەی گۆڕان: یەکێتی بە ئێمەیان گوتووە لەسەر گشتپرسی لەگەڵ پارتی ڕێکنەکەوتووین

### شەش ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمان و گشتپرسین



دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان لە سلێمانی

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی لەسەر مەسەلەی گشتپرسی درێژەیان هەیە و لە ماوەی مانگێکدا سێ جار کۆبوونەتەوە. پرسەکەش لەنێوان کاراکردنەوەی پەرلەمان و بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بەبێ پەرلەمان، ماوەتەوە.

ڕۆژی یەکشەممە 2017/4/23 بۆ جاری سێیەم مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بە ئامادەبوونی بارزانی لە پیرمام کۆبوونەوە. پارتی قسەی جیاوازی لە کۆبوونەوەی پێشووتری یەکێتی و گۆڕان لە شاندەکەی یەکێتی بیست.

مەحموود محەممەد، گوتەبێژی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ئێمەیان گوت، پرسی گشتپرسی و کاراکردنەوەی پەرلەمان بەیەکەوە نابەستنەوە. ئەوە دوو شتی جیاوازن و پەیوەندییان بە یەکەوە نییە".

گوتەبێژی پارتی هەروەها گوتی: "بەمزووانە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لایەنە سیاسییەکان دەکرێت بۆ دروستکردنی کۆمیتەی ڕیفراندۆم"، گوتیشی "ئامادەیی و توانای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان وا دەکات بڕیار لەبارەی ڕۆژی گشتپرسی بدرێت".

بەڵام ئەندامێکی شاندی یەکێتی بەشدار لە کۆبوونەوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، قسەی گوتەبێژی پارتی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕای یەکێتی لەسەر گشتپرسی لە پارتی جیاوازە، ئێمە قسەی وامان نەگوتووە، ئەوەی لە بەیاننامە هاوبەشەکە هاتووە ئەوە ڕای یەکێتییە و هەر قسەیەک لە دەرەوەی ئەو بەیاننامەیە ڕای ئێمە نییە، بە پێچەوانەوە زیاتر لە کۆبوونەوەی پێشوو لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان سوور بووین".

### دەستنیشانکردنی ڕۆژی گشتپرسی

بەپێی بەیاننامەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی، ڕۆژی یەکشەممە 2017/4/23 هەردوولا جەختیان لەسەر کۆبوونەوەکانی پێشوویان کردووەتەوە لەبارەی گشتپرسی. ئاماژەیان بە دوو خاڵ کردووە، یەکەم: پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بە پرۆسەی گشتپرسی و دەستنیشانکردنی وادەی پرۆسەکە. دووەم: چۆنیەتی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، بەشێوازێک کە لەخزمەت پرۆسەی گشتپرسی و سەربەخۆیی و یەکڕیزیی نیشتمانیدا بێت.

### یەکێتی لە نێوان دوو ڕێککەوتندا

ئەگەرچی یەکێتی لەگەڵ پارتی ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی تەمەن 10 ساڵی هەیە، لە هەمانکاتدا لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕێککەوتنێکی 25 خاڵیی تەمەن 11 مانگی هەیە، ئێستا لە نێوان هەردوو ڕێککەوتنەکە ماوەتەوە، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر مەسەلەی گشتپرسی بوونەتە دوو بەش، بەشێکیان لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەکەن و پێیانوایە لە بەرژەوەندیی یەکێتی نییە ئەو بابەتە بە کاراکردنەوەی پەرلەمانەوە ببەستێتەوە و نابێ ڕێگا بدەن پارتی بە تەنیا بڕیار لەو بابەتە چارەنووسساز و هەستیارە بدات. لە دوایین کۆبوونەوەی شاندی یەکێتی بە ئامادەبوونی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا بەختیار لەگەڵ قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران، هەمان بۆچوونیان بە ئێرانییەکان گوتووە کە تا سەر پەتەکە لەگەڵ پارتی هەنگاو دەنێن.

لە بەرامبەردا شەش ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ پابەندبوونی یەکێتین بە ڕێککەوتنیان لەگەڵ گۆڕان و لەگەڵ ئەو بۆچوونەن کە یەکێتی بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان و ئاگاداریی گۆڕان هیچ هەنگاوێک بۆ گشتپرسی لەگەڵ پارتی نەنێ. ئەو شەش ئەندامەش بریتین لە (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، حاکم قادر حەمەجان، ڕزگار عەلی، ئاسۆ مامەند، شۆڕش ئیسماعیل و ڕەفعەت عەبدوڵڵا) لە بەرامبەردا جگە لە نەجمەدین کەریم کە بێلایەنیی هەڵبژاردووە، زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ئەوەن پرۆسەی گشتپرسی و پەرلەمان پێکەوە نەبەسترێتەوە.

ڕۆژی 2017/4/22 سەرکردایەتی هاوبەشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی کۆبوونەوە و لە بەیاننامەی هاوبەشی هەردوولادا لەبارەی گشتپرسی ڕایانگەیاند "ئەو پرسانە لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان یەکلایی دەکرێنەوە".

### گۆڕان: ترسمان لە بەشداریی لاوازی خەڵک هەیە

ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتیی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بابەتی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت پێویستی بە کۆدەنگیی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و کاراکردنەوەی دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان هەیە، جگە لەوە دەبێ کێشەی مووچەخۆران چاک بکەین، چونکە مەترسی بەشداریی لاوازی خەڵک لەو پرۆسەیەدا هەیە".

ئەو سەرکردەیەی گۆڕان باسی گلەیی و ڕەخنەی حیزبەکەی کرد لە یەکێتی کە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی هاوبەشدا کردوویانە و گوتی "ئێمە بە ڕاشکاوانە ڕەخنە و قسە و تێبینی خۆمان بە برایانی یەکێتی ڕاگەیاند، ئەوانیش پێیانگوتین هیچ ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ پارتی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی واژۆ نەکردووە، ئەوان بۆ گفتوگۆکردن و دەستنیشانکردنی میکانیزمی گشتپرسی لەگەڵ پارتی کۆبوونەتەوە و هیچ بڕیارێکیان نەداوە و هیچ ڕێککەوتنێکیان ئیمزا نەکردووە".

لەتیف نێرەویی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی لەبارەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی گشتپرسی بەبێ پەرلەمان گوتی "دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان هەستیارە، یەکێتی بەهیوای نزیککردنەوەی لایەنەکانە بە تایبەتی پارتی و گۆڕان، دەبێ لایەنە سیاسییەکان لە کۆبوونەوە و دانیشتنی ڕاشکاوانەدا ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە".

### گۆڕان نوێنەر نانێرێ

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو کە پەیوەندی بە سەرجەم حیزبەکانەوە کردووە، بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە، بۆئەوەی نوێنەری خۆیان بۆ لێژنەی باڵای گشتپرسی بنێرن. ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێت "ئێمە بەدڵنیاییەوە نوێنەری خۆمان بۆ ئەو لیژنەیە نانێرین، چونکە ئەم پرۆسەیە بابەتێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، ئیشی پەرلەمانە بڕیاری لێبدات".

یەکگرتوو خۆی یەکلایی کردووەتەوە کە پشتگیری پرۆسەی گشتپرسی دەکات، لە هەمانکاتدا داوای کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکات بۆ ئەوەی پرۆسەکە شەرعیەتی بەهێزی هەبێت. فەرهاد مەلا ساڵح، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتوو، گوتی "بە شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتیمان ڕاگەیاندووە کە ئێمە پاڵپشتی پرۆسەی گشتپرسی و گەڕانەوە بۆ ڕای میللەت دەکەین، بەڵام بۆ ئەوەی پرۆسەکە شەرعیەتی بەهێزتر بێت، پێویست بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان دەکات، بۆیە دەبێ ئەو کۆمیتەیەی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا دروست دەکرێت، بڕیار لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان بدات تاوەکو یاسایەکی تایبەت بە گشتپرسی دەربکات".

فەرهاد مەلا ساڵح لەبارەی هەڵوێستی حیزبەکەی لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوودا، گوتی کە ئەوان لەگەڵ دروستکردنی دوو کۆمیتەن "کۆمیتەیەک ئامادەسازی بۆ گشتپرسی و دابینکردنی پێداویستییەکان بکات و هاوکات کۆمیتەیەکی دیکە هاوتەریب بە گرنگ دەزانین بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و چاککردنی مووچە و بژێویی خەڵک".

---

### بەرپرسانی گۆڕان:

# نەوشیروان مستەفا لەم نزیکانە دەگەڕێتەوە



**نەوزاد مەحموود و جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکەیان دەکەن. بەرپرسێکی بزووتنەوەکەش دەڵێ بە گەڕانەوەی کاک نەوشیروان لە کاتێکی زۆر کەمدا "کەشێکی ئەرێنی بۆ پەیوەندی و ڕێککەوتننامەی نێوان یەکێتی و گۆڕان دروستدەبێ".

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕۆژی 2016/9/3 بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی بەرەو بەریتانیا بەڕێکەوت و تاوەکو ئێستاش لە لەندەنی پایتەختی ئەو وڵاتە ماوەتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان و کەسە نزیکەکانی نەوشیروان مستەفا لە دەرەوەی بزووتنەوەی گۆڕان داویانە بە (ڕووداو)، پزیشکەکانی لە گەڕانەوە بۆ کوردستان سەرپشکیان کردووە بەو مەرجەی "ڕێنماییە پزیشکییەکان جێبەجێ بکات و هەروەها بەردەوام بێ لە وەرگرتنی چارەسەری لە کاتی پێویستدا، بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆی کراون".

دلاوەر حاجی عوسمان، یەکێک لە هەڵسوڕاوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، کاک نەوشیروان بەو نزیکانە دەگەڕێتەوە "هاتنەوەی ئەو زۆر زەرووره، چونکە ئەو پیاوی ڕۆژە قورسەکانە و ئێستا پێویستی زۆرمان پێیەتی". لەبارەی هۆی دواکەوتنی گەڕانەوەشی گوتی "کێشەی ڤیزای هەبوو، ئەگینا زووتر دەگەڕایەوە کوردستان".

ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕەتیدەکاتەوە نەوشیروان مستەفا بەهۆی نەخۆشییەکەی و وەرگرتنی چارەسەرەوە لە دۆخی سیاسی باشووری کوردستان دابڕابێ "بەردەوام سەیری بارودۆخەکە دەکات و لە هەموو کۆبوونەوەیەکی جڤاتی نیشتمانی و گشتی بزووتنەوەی گۆڕاندا ڕای هەبووە و ئاگاداری بڕیارەکانی بزووتنەوەکەشە".

سەفەری نەوشیروان مستەفا ئەمین، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ لەندەن کە جاری دووەمیەتی، لە ساڵێک نزیک دەبێتەوە، بەڵام بۆ ژیانی سیاسی بزووتنەوەکەی، ئەو جێهێشتنە زۆر قورس کەوت و بەشێک لە هەڵسوڕاوان و سەرکردەکانی بزووتنەوەکە پێیانوایە بەهۆی دووریی نەوشیروان مستەفا، یەکێتی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان کەمتەرخەمە و کات دەکوژێ، هەر بۆیە لەو ماوەیەدا ناو بەناو سەرکردەکانی ئەو حیزبە داوای گەڕانەوەی لێدەکەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە کەسێکی نزیکی نەوشیروان مستەفا وەریگرتوون، لەو ماوەیەی ڕابردوو "نەوشیروان مستەفا دڵنیاکراوەتەوە لەوەی دەتوانێ بگەڕێتەوە و لە نەخۆشخانەی پزیشکیی فارووق لە سلێمانی بەپێی ئەو پشکنین و ڕێنماییە پزیشکیانەی لە لەندەن بۆی کراوە، چارەسەر وەربگرێ"، ئەو سەرچاوەیە هەروا گوتیشی "بۆیە پێش کۆتایی ئەم مانگە نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە سلێمانی و تەندروستیشی باشتر بووە".

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان سەبارەت بە گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بە (ڕووداو)ی گوت "کاک نەوشیروان غائیبی حازرە لە ناومان و ئاگای لە هەموو ڕووداوەکان هەیە، جڤاتی نیشتمانی و برادەرانی ئێرەی سەرپشک کردووە کە هەر بڕیارێک بدەن پشتگیریی دەکات، گەڕانەوەشی پەیوەندی بە باری تەندروستییەوە هەیە، ئەمڕۆ تەندروستی باش بێت شەوەکەی دەگەڕێتەوە".

بەڵام پێشتر بەرپرسێکی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوتبوو "کاک نەوشیروان جارێ نایەتەوە تا پێشهات و ڕووداوی سیاسی نەیەتە پێش، جاری پێشوو کە گەڕایەوە ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی لێکەوتەوە، بۆیە ئەمجارە چاوەڕێی کۆتاییهاتنی شەڕی مووسڵ و خولی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە مانگی هەشتی ئەمساڵ دەکات، ئەوکات بەدووری مەزانن کە کاک نەوشیروان لە فڕۆکەخانەی هەولێر بێتە خوارەوە، نەک فڕۆکەخانەی سلێمانی".

بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/3/17 شوعلە عەلی، هاوسەری نەوشیروان مستەفا لەتەمەنی 60 ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و نەوشیروان مستەفا، بەهۆی نەخۆشی و ڕێوشوێنەکانی سەفەرکردنەوە نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ بەشدارییکردن لە پرسەکەی، بەڵام لە لەندەنەوە بە کورتەنامەی پێزانین، وەڵامی بارزانی و بەرپرسانی حیزبەکانی دیکەی دایەوە و سوپاسی خەڵکی کوردستانیشی کرد بۆ بەشداریکردن لە پرسەی هاوسەرەکەی کە ئەوە یەکەمین پەیام و قسەی نەوشیروان مستەفا بووە لەوەتەی کوردستانی جێهێشتووە.

ڕەئوف عوسمان، بەرپرسی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، پێیوایە هاتنەوەی ڕێکخەری گشتی بززووتنەوەکەیان، کاریگەریی خێرای دەبێ لە پەیوەندیی نێوان گۆڕان و یەکێتی و هەروا ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوانیاندایە. گوتیشی "بێگومان ئەو ڕێککەوتنە دواتر کاریگەریی لەسەر کۆی دۆخە سیاسییەکەش دەبێ و سەرەتایەک دەبێ بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان".

قسەوباسی گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا لە کاتێکدایە کە بابەتی گرنگ لەسەر مێزی حیزبەکانە بۆ دانوستاندن، ئەویش پرسی ئەنجامدانی گشتپرسییە لە هەرێمی کوردستان. یەکێتی و پارتی، پێکەوە سەرقاڵی تاوتوێکردنی ئەو پرسەن و سەردانی حیزبەکانیان کردووە.

لە دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی ئەو بزووتنەویە دووجار بۆ ماوەی درێژ هەرێمی کوردستانی جێهێشتووە. جاری یەکەم ماوەی 7 مانگ لە لەندەن مایەوە و ڕۆژی 2016/4/28 گەڕایەوە سلێمانی، جارێکی دیکەش لە ڕۆژی 2016/9/3 کوردستانی جێهێشت و تاوەکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە.

(ڕووداو) زانیویەتی پزیشکەکان ڕێنمایی نەوشیروان مستەفایان کردووە کە لە ڕۆژ و شەوێکدا دەبێ 14 کاژێر پشوو بدات بە نانخواردن و نووستن و دانیشتن. کاتەکانی دیکەش دەخوێنێتەوە و دەنووسێت. جگە لە ئازاری بڕبڕەی پشتی، کە لە سەردەمی شاخەوە هەیەتی، تەندروستیی جێگیرە. ئێستاش لە نووسینی کتێبێک بووەتەوە.



## وەزارەتی ناوخۆ 300 کەس دادەمەزرێنێ

ڕووداو- هەولێر

لیوا بەختیار بابان ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە )ڕووداو (ی ڕاگەیاند: "لە ڕۆژی یەکشەممە 2017/4/23 ناونوسین بۆ دوو خولی ئەفسەری لەکۆلیژی پۆلیسی هەولێر دەستپێدەکات. ناو نووسینەکە لە ڕێگای ئۆنلاین و فۆرمەوە دەبێت، 10ڕۆژیش بۆ ناونووسین دیاریکراوە". لەبارەی مەرجەکانی وەرگرتنی دەرچووانی زانکۆ ئەو ڕاوێژکارەی وەزیری ناوخۆ گوتی مەرجە فێرخواز تەمەنی لە نێوان 22 بۆ 25 ساڵدا بێت، ئەوانەشی دەرچووی ئامادەیین تەمەنیان لەنێوان 18بۆ 22 ساڵ بێت. خولەکەش 22 مانگ دەخایەنێ.

# هۆشیار زێباری و قادری حاجی عەلی لە سلێمانی کۆدەبنەوە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر





دوور لــە چــاوی کامێرا، هۆشــیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و قادری حاجی عەلی، هەڵسوڕاوی بــاڵای بزووتنــەوەی گــۆڕان لــە ســلێمانی کۆبوونەتەوە. ســەرکردەیەکی پارتیش دەڵێ: "پارتی بەو ئاراستەیە ئیش دەکات کە گۆڕان و لایەنەکانی دیکە بێنە نێو پرۆسەی گشتپرسی".

ئــەو دیدارەی زێباری و قادری حاجی عەلی ڕۆژی 2017/4/17 لە شــاری سلێمانی و دوور لە چــاوی کامێراکان بــووە. ڕووداو زانیویەتی گفتوگۆیــان لــە بــارەی ئاســاییکردنەوەی پەیوەندیی هەردوولا و نزیککردنەوەی بۆچوونی پارتی و گۆڕان لەبارەی گشتپرسی کردووە.

دوایین کۆبوونــەوەی نێــوان پارتــی و گــۆڕان ڕۆژی 2016/12/19 بــوو کاتێــک لە چوارچێوەی جێەجێکردنی پەیامەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاســی پارتی لە سلێمانی لە ماڵی نەوشیروان مســتەفا لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە.

کاردۆ محەممــەد، هەڵســوڕاوی بــاڵای بزووتنــەوەی گــۆڕان بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گــۆڕان پێشــوازی لە هــەر کۆبوونەوەیەکی بەرهەمــدار دەکات بە تایبەتی لەســەر بابەتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، ئێمە لەگەڵ پارتی کێشەمان لەسەر ریفراندۆم نییە، بەڵکو لەسەر میکانیزم و ڕێگاکەی جیاوازیمان هەیە، ئەگەر ئیرادەیەکــی هاوبەشــی ڕاســتەقینە هەبێت، لــە ماوەی 24 کاژێردا بڕیار لەســەر ریفراندۆم دەدەین، هیچ وڵاتێکی ئیقلمی و نێودەوڵەتیش ناتوانێت دژمان بوەستێتەوە".

کاردۆ محەممــەد کارانەکردنەوەی پەرلەمان بە گرێکوێرەی قەیرانە سیاسییەکان دەزانێت و دەڵێ: "ئەگەر پارتی بڕیاری داوە پەرلەمان کارا بکاتەوە، زۆر ئاساییە گۆڕان و پارتی کۆببنەوە و گفتوگۆ لەسەر میکانیزمی ریفراندۆم و مافی چارەی خۆنووســین بکەن، گــۆڕان کۆبوونەوە ڕەتناکاتــەوە، بەڵام کۆبوونەوەی بێ بەرهەم و لەپێناوی کۆبوونەوە ڕەتدەکاتەوە".

سەربەست لەزگین، ئەندامی سەرکردایەتی پارتــی، ســەبارەت بــە کۆبوونــەوە لەگــەڵ گــۆڕان گلەیی لــەو حیزبــە دەکات و دەڵێت: "بزووتنــەوەی گــۆڕان کارێکی باشــی نەکرد، دەرگای کۆبوونــەوەی لــە بەرامبــەر شــاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی داخست، لە ماوەی ڕابردوودا لە پرسەی هاوژینی کاک نەوشیروان نامــە گۆڕینە و بەشــداریی شــاندی بــاڵا لەو پرســەیە هەبوو، پێشتر شــاندی باڵای پارتی ســەردانی گۆڕانــی کردبوو، بۆیــە حەق نەبوو گۆڕان کۆبوونەوە ڕەتبکاتەوە".

سەربەســت لەزگیــن ئاماژە بــەوە دەکات کە ســەرکردایەتی حیزبەکەی بەو ئاراستەیە کاردەکات گۆڕانیش لە پرسی گشتپرسی بێتە نێو پرۆســەکە و دەڵێت "گۆڕان و لایەنەکانی دیکە لە پرۆسەکەدا بن گرنگە بۆ یەکدەنگیی کورد، پارتی و یەکێتی بڕیاریان داوە ریفراندۆم بکەن، ئەو بڕیــارە حەتمییە و دواجار گۆڕان و لایەنەکانیــش دێــن، چونکــە گــۆڕان دژی ریفرانــدۆم نییە تەنیا لەســەر کاراکردنەوەی پەرلەمــان قســەیان هەیــە، ئێمــەش لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمانین بەڵام بە ڕێککەوتن و شێوازێکی نوێ".

ســەرکردەیەکی باڵای گۆڕان کە نەیویست نــاوی بڵاوبکرێتــەوە، دەەڵێت کــە لە ماوەی ڕابــردوودا نامــە و پەیوەندی لــە نێوان ئەوان و پارتی بــۆ ئەنجامدانی کۆبوونــەوە هەبووە و گوتی "ئێمە لە بەیاننامە ســێ خاڵییەکەی ڕۆژی 2017/4/4 بــە ڕوونــی ڕامانگەیاند بۆ پرســی ریفراندۆم و ســەربەخۆیی پێویســت بەهیــچ کۆبوونەوەیەکی حیزبــی ناکات، ئەمە پەیوەندی بە شــاندی هاوبەش و تەنیا نییە، ئەم بابەتە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، با پارتی ڕێگا بدات پەرلەمان کۆببێتەوە و یاسای ریفراندۆم دەربکات و پرۆسەکە بەڕێوەبچێت".

دابڕانــی پارتــی و گۆڕان بــۆ ڕووداوەکانی دوای دانیشــتنی 23ی حوزەیــران و 19ی ئابــی 2015 دەگەڕێتەوە. ڕۆژی 2015/10/8 نۆیەمین کۆبوونەوەی پێنجقۆڵی لە ســلێمانی لە نێوان (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمــەڵ) بەڕێوەچــوو، بــەڵام بەهــۆی خۆپیشاندان و دروستبوونی گرژی لە بەردەم شوێنی کۆبوونەوەکە و دواتریش نەگەیشتنی لایەنەکان بە ڕێککەوتن و پاشان سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و گرژی لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، کە چەند کەسێکی تێدا کوژران و چەند بارەگایەکی پارتی سووتێنران، پەیوەندییەکانی پارتی و گۆڕانی تێکدا.

بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی پارتی ڕۆژی 2015/10/12 هێــزە ئەمنییەکان لە بازگەی پردێ ڕێگرییان لە گەڕانەوەی د. یوسف محەممەد سادق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ هەولێر و وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش لە حکومەت دوورخرانەوە.

ڕۆژی 2016/2/3 و دوای 118 ڕۆژ لــە دابڕان و ساردوســڕی، شاندێکی باڵای پارتی کــە لــە ڕۆژ نــووری شــاوێس و مەحمــوود محەممــەد ئەندامانی مەکتەبی سیاســی ئەو حیزبە پێکهاتبوون، لە چوارچێوەی کۆمیتەی ئاساییکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە ماڵی نەوشیروان مستەفا کۆبوونەوە.

# ڕەوتی سەدر دۆسیەی مووسڵی دوای داعش لەگەڵ کورد تاوتوێ دەکات

ئەحرۆ محەممەد
ڕووداو- هەولێر



شــاندێکی ڕەوتی سەدر بە دوو پڕۆژەوە هاتنــە هەولێــر، هــەردوو پڕۆژەکەشــیان ڕادەســتی مەســعود بارزانــی، ســەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، بارزانیش پێیگوتن کــە هــەردوو پڕۆژەکــە تاوتوێ دەکەن و وەڵام دەدەنــەوە، بەڵام شــاندەکە خۆیان لە مەســەلەی ســەربەخۆیی و گشتپرســی بەدوور گرت.

ڕۆژی شــەممە 2017/4/22، شــاندێکی ڕەوتــی ســەدر بــە ســەرۆکایەتی ئەحمەد ســەدر، بــرازای موقتەدا ســەدر، گەیشــتە هەرێمــی کوردســتان و لەگــەڵ ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان، بەرپرســانی پارتــی دیموکراتی کوردســتان و یەکێتی نیشتمانی و یەکگرتووی ئیسلامی کۆبوونەوە.

چاکسازی لە هەڵبژاردن و مووسڵی دوای داعش، دوو پڕۆژەی شاندەکەی سەدر بوون کە ڕادەستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانــی دیکەیــان کــرد. پێشــتریش پڕۆژەکەیــان دابــووە هەریــەک لــە فوئــاد مەعســوم، ســەرۆککۆمار، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیران و سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمان. ئەحمەد ســەدر، لەلایەن موقتەدا ســەدری مامییەوە بــۆ ســەرۆکایەتیکردنی دانوستاندن و گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنەکان ڕاسپێردراوە.

پــڕۆژەی دوای ڕزگارکردنــی مووســڵ کــە لــە 20ی شــوباتی 2017 لەلایــەن موقتــەدا ســەدرەوە ڕاگەیێنــدراوە، لە 29 خــاڵ پێکهاتــووە، بەشــێک لــە نێوەڕۆکی پڕۆژەکــە ڕاســتەوخۆ پەیوەندی بە هەرێمی کوردســتانەوە هەیــە. لە خاڵــی پێنجەمی پڕۆژەکــەدا هاتــووە: پێویســتە ئەرکی لە ئەســتۆگرتنی خاکی ناوچە ئازادکراوەکان و ناوچە کێشــە لەســەرەکان تەنیا لە دەست ســوپای عێــراق و هێزە ئەمنییــەکان بێت. خاڵی شەشــەم دەڵێت: پێویستە گفتوگۆی جــدی و کارا لەگەڵ لایەنەکانی کوردســتان بکرێت لە پێناوی گەیشــتن بە چارەسەرێک کە ســوودی بۆ عێراق هەبێــت و لاری نییە ئەگەر بە چاودێریی نێودەوڵەتی بێت.

لە خاڵی 21یشــدا هاتووە: گومانی تێدا نییــە ناوچە ڕزگارکراوەکان پێویســتیان بە هەڵوەســتەی جدی هەیە بــۆ کۆتاییهێنانی هەمــوو ململانێیــەکان و دوورخســتنەوەی هاوکارانــی تیرۆر، لە ڕێگەی:-1 لیژنەیەکی ئەهلــی لــە هــۆزەکان. -2 هەوڵــدان بــۆ هەڵبژاردنــی خۆجێیــی -3 چاودێریــی نێودەوڵەتی لەســەر پرۆســەی سیاسی لەو ناوچانە. هەروەها ســەدر پێشنیازی کردووە ئەنجوومەنی بــاڵای کاروباری کەمینەکان لە عێراق دروست بکرێت.

پڕۆژەی چاکســازیی هەڵبژاردنیش، 35 خاڵی لەخۆگرتووە کە داوای گۆڕانکاری لە کۆمیسیۆن، سیستەم و یاسای هەڵبژاردن، ئەنجامدانــی هەڵبژاردن لە ســەرتاســەری عێــراق دەکات. هەروەهــا داوا دەکات نابێت هەڵبژاردن لــە هیچ پارێزگایەک بە پاســاوی تائیفی و نەتەوەیــی دوابخرێت. پێشــنیازیش کــراوە ئەگــەر بەرپرســە باڵاکانــی وڵات خۆیان بــۆ هەڵبژاردنەکان کاندیــد کرد، ئەوا دەبێت دەســت لەکاری حکومی و دەوڵەت بکێشنەوە.

محەممــەد حاجــی، ڕاوێژکاری ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان کــە یەکێــک بــوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردســتان لەگەڵ شــاندەکە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شــاندەکە هەردوو پڕۆژەکەیان ڕادەستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد. بارزانیــش پێیڕاگەیاندن تاوتوێیان دەکەن و دواتر وەڵامیان دەدەنەوە.

ڕاوێژکاری ســەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتیشــی کە لە کۆبوونەوەکەدا نەچوونەتە نێو وردەکاریی گشتپرســی و ســەربەخۆیی کوردستان، شاندەکە باسیان لە کۆمیسیۆن و یاســای کۆمیســیۆن کــرد، داوایــان کرد گۆڕانکاریی تێدا بکرێت.

محەممــەد حاجی لەبــارەی گۆڕانکاری لە کۆمیســیۆن کە ســەرۆکەکەی لە پشکی پارتییــە، گوتــی "بــە شــاندەکەمان گــوت گۆڕانــکاری ئاســاییە، بــەڵام نابێــت هیــچ کەسێک بکرێتە ئامانــج، ئەوانیش گوتیان بەهیچ شــێوەیەک کــەس ناکرێتــە ئامانج، بەتایبەتی سەربەســت مســتەفا، ســەرۆکی کۆمیســیۆنی بــاڵای هەڵبژاردنــەکان، بەڵام کۆمیســیۆن کاریگــەر نییــە و پێویســتە گۆڕانکاری تێدا بکرێ".

باسکردنی دۆخی موسڵ، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بــوو، ڕاوێژکارەکــەی بارزانی دەڵێــت "لــە کۆبوونەوەکەدا جەخــت لەوە کرایەوە، کە پێویستە نەخشەیەکی سیاسی بۆ مووسڵ دابنرێت، هەموو لایەنەکان تێیدا بەشــداربن، چونکە دۆخی موسڵ بەتەواوی جیاوازە لە ناوچەکانــی دیکەی وەک ئەنبار و سەڵاحەددین".

یەکێک لە وێســتگەکانی ئەو ســەردانەی شــاندەکە، یەکگرتــووی ئیســلامی بــوو. نەســرەدەین ســندی ، بەرپرســی پەیوەندییەکانــی یەکگرتــوو بــە (ڕووداو)ی گوت، لەگەڵ شــاندەکەی ســەدر باســی گشتپرســییان کــردووە و ئەمنیــداری حیزبەکەیــان بــە شــاندەکەی گوتــووە "گشتپرســی مافێکــی ڕەوای هەرێمــی کوردســتانە، پێویســتی بــە لێکگەیشــتنی لایەنــەکان هەیــە، دەبێــت لە کاتــی هاتنە پێشەوەی ئەو بابەتە هاوکار بن".

نەسرەدین ســندی کە سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســتانە، ســەبارەت بە وەڵامی شــاندەکە بــۆ مەســەلەی گشتپرســی، گوتــی "شــاندەکەی ڕەوتــی ســەدر خۆیان لە باســکردنی گشتپرســی و ســەربەخۆیی کوردستان بەدوور گرت و باسیان نەکرد".

دوای کۆبوونەوەشــیان لەگــەڵ یەکێتی نیشــتمانی کوردســتان، ســەباح ساعدی، جێگری ســەرۆکی شاندەکەی ڕەوتی سەدر لە کۆنگرەیەکــی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشــدا لەگــەڵ ســەعدی ئەحمەد پیــرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەبارەی پرسی گشتپرســی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: "هەمــوو پێکهاتەکانی عێــراق، بە کورد و عەرەب، شیعە، سوننە، تورکمان و ئێزدی و مەســیحی چارەنووسیان ئەوەیە پێکەوە لــە عێراقدا بژیــن، ئەگەر هەر کێشــەیەک هەبێت دەکرێت بە لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و بە مافی خۆیان بگەن.

ساعدی ڕاشیگەیاند، لە قۆناخی ڕابردوودا کێشــە و گرفت لە نێو پێکهاتەکانی عێراق هەبــووە، ئەمــەش ڕەنگدانــەوەی نەرێنی لەســەر دۆخی عێراق هەبووە، پێمانوایە لە قۆناخی داهاتوودا پڕۆژەکەی موقتەدا سەدر دەبێتــە زەمینەســازییەکی واقعــی و باش بۆ لێکگەیشــتن و ڕێککەوتنــی لایەنەکان، کورد ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆســەی سیاسی عێراقــدا بینیــوە و، نامانەوێــت کــورد لە دەست بدەین".

هــاوکات جەعفەر مووســەوی، ســەرۆکی دەســتەی سیاسی ڕەوتی ســەدر و ئەندامی شــاندەکە ڕەتیکردەوە، شــاندەکەی ڕەوتی ســەدر لەگــەڵ پارتــە کوردییەکان باســی پێکهێنانــی هاوپەیمانێتــی و فراکســیۆنیان کردبێــت و ڕایگەیانــد، ئــەوەی لەوبــارەوە دەگوترێت دوورە لە ڕاستی.

## ریاز درار، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتیک بۆ (ڕووداو):

# هەوڵ بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی سووریا نادەین



ریاز درار، 63 ساڵ، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتیکە، یەکێکە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا و خەڵکی دێرەزوورە. درار پێشتر بۆ ماوەی پێنج ساڵ (2005 2010) لەلایەن ڕژێمی سووریاوە دەستگیر کراوە، بەوە تۆمەتبار کرابوو کە سۆزی بۆ "جوداخوازانی کورد" هەیە و هەوڵی دابەشکردنی وڵات دەدات. ئێستاش لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ڕوئیای ئەنجوومەنەکەیان بۆ ئایندەی سووریا، پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی سووریا و لەگەڵ تورکیا و کێشەکانی نێوان ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا و تەڤگەری جڤاتی دیموکراتیکی سەر بە پەیەدە دەکات.

- نامانەوێ ڕووبەڕووی ڕژێمی سووریا ببینەوە
- دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ناوچەکانی ئێمە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن و نابێ بکەون
- تەنیا یەکجار هەماهەنگیمان لەگەڵ ڕژێمی سووریا کردووە

**ڕووداو: ئامانجی ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتیک چییە؟**

**ریاز درار:** ئەنجوومەنی دیموکراتیکی سووریا لەپێناوی هەموو سووریادا کاردەکات، دەیەوێ مامەڵە و هاوکاری لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی سووریادا هەبێت بەبێ جیاوازی و، دروشمێکی نوێ و جیاواز لە پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرز بکاتەوە.

**ڕووداو: کۆتاییهێنان بە ڕژێمی بەشار ئەسەد یان حیزبی بەعس ئامانجی ئێوەیە؟**

**ریاز درار:** دونیابینی سیاسیی ئێمە دەڵێ ئەم ڕژێمە ژێرخانەکەی لەرزۆکە و ناکرێ چاک بکرێتەوە و دەبێ بگۆڕدرێت. دەسەڵاتێکی سەرکوتکارە و تەنیا بڕوای بە کۆنترۆڵکردن هەیە، لەبەرئەوە ناکرێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

**ڕووداو: بۆچی ئۆپۆزسیۆن ڕازی نەبوون ئێوە لە دانوستاندنەکانی ئاستانا و جنێڤ بەشداری بکەن؟**

**ریاز درار:** لە جنێڤەوە بەشداریمان ڕەتکرایەوە و هۆکارەکەش کاریگەریی ئەو شوێنەیە کە ئۆپۆزسیۆنی لێیە، ئەوەش کاریگەری لەسەر ئامانج و ئاراستەی بیرکردنەوەیان هەیە. ئەوان بۆچوونێکیان هەبوو کە پێیوایە ئەو کۆمەڵە جا چ بەناوی پەیەدەوە بێت کە تورکیا شەڕی لەگەڵ دەکرد، یان بەناوی هێزە شەڕکەرەکانی ناوخۆوە بێت، لەبەرئەوەی ئەوان ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو هێزانە دەبنەوە کە دەیویست لە ڕێگەی ڕەئس عەینەوە بچێت بۆ دیمەشق. هەندێک پشتگیریی ئەوەیان دەکرد کە ئەوانە نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆن ناکەن یان تۆمەتباریان دەکردن بەوەی ئەوان دیوێکی دیکەی ڕژێمن لەبەرئەوەی ئەوان دامەزراوەکانی ڕژێمیان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان دەرنەکردووە. ڕاستییەکەی ڕژێم دەسەڵاتەکانی خۆی لە ناوچەکە گۆڕیوە و دامەزراوەکانی مووچەی خەڵکی نیشتەجێی ناوچەکە دەدەن و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. ئەوانە ئەو دامەزراوانەی دەوڵەتن کە نابێ بکەون و ئەوەش بۆچوونێکی جیاوازە لەوەی ئۆپۆزسیۆن کە دەیویست هەموو شتێک بڕووخێنێ، لەپێناوی وەرگرتنی کورسی.

**ڕووداو: بەڵام ئۆپۆزسیۆن یان ئیئتیلاف یان دەستەی باڵای دانوستاندنەکان، ئێوە بە ئۆپۆزسیۆن نازانن و دەڵێن ئێوە نزیکی ڕژێمن؟**

**ریاز درار:** ئەوە هەر تۆمەتێکە تا ئەوکاتەی پێچەوانەکەی دەسەلمێت، ئێمە کاتێک ناچار بکرێین ڕووبەڕووی ڕژێم دەبینەوە وەک ڕژێم نەک وەک سوپای سووریا، وەک دامەزراوەی دەوڵەتی سووریا پارێزگاری لە سوپا دەکەین و ڕووبەڕووی نابینەوە مەگەر بەناوی ڕژێمەوە ڕووبەڕوومان ببێتەوە. ئێمە نامانەوێ لەڕووی سەربازییەوە ڕووبەڕووی ببینەوە، ئێمە سیاسییانە ڕووبەڕووی دەبینەوە. هەرچی ئەوانی دیکەیە قسە دەکەن و هیچیان نییە تەنیا چەند هێزێکی پەرت نەبێت کە خۆی دەکوژێت و شەڕ لەگەڵ خۆی دەکات و دەیەوێت ئەوانی تۆ وا پێشان بدات کە بەسەر پشتی تانکەوە دەچیتە ژوورەوە. ئەو کەسانە هیچ بەدەست ناهێنن لەسەر مێزی دانوستاندن.

**ڕووداو: هیچ پەیوەندی و هەماهەنگییەک لە نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات و سوپای سووریا یان دیمەشقدا هەیە؟**

**ریاز درار:** بێگومان نییە، تەنیا یەکجار ڕوویدا، ئەویش لە منبج بوو، ئەویش لەبەرئەوەی تورکیا هەڕەشەی هێرشکردنە سەر هێزەکانی دەکرد لە منبج، ئەگەر ئەو هەڕەشەیە نەبووایە پێنج گوند ڕادەستی ڕووسەکان نەدەکرا.. ئێمە کارێکی تەکتیکیمان کرد بۆ پاراستنی منبج لە دەستێوەردانی تورکیا.

**ڕووداو: بەڵام سوپای سووریا ڕووبەڕووتان نابێتەوە؟**

**ریاز درار:** ئەگەر بیەوێت ڕووبەڕوومان ببێتەوە، وەڵامی خۆی وەردەگرێت وەک ئەوەی لە حەسەکە ڕوویدا کە نەیتوانی یەک هەنگاویش بێتە پێشەوە و بەپێچەوانەوە ناوچەی لەدەستدا.

**ڕووداو: بەڵام لەو ناوچانەی هێزەکانی ئێوەی لێیە، هەموو دامەزراوەکانی سووریا لە هەواڵگری و سوپا و بارەگای حیزبی بەعس هەن. بەرپرسانی گەورە لە دیمەشقەوە دێن و کۆڕ و کۆبوونەوە لە ناوچەکانی ئێوە دەبەستن؟**

**ریاز درار:** ئێمە لە سووریا جیانەبووینەتەوە، ڕاشماننەگەیاندووە کە حیزبی بەعس حیزبێکە دەبێ لە کایەی سیاسی بکرێتە دەرەوە، بەڵام دەسەڵاتی نییە و گوشاری لەسەر جەماوەر دروستنەکردووە، بەڵکو ئەو بانگەشە دەکات وەک هەر ڕێکخراوێکی دیکە، بەڵام کۆنترۆڵی ناوچەکانی نەکردووە لەبەرئەوەی دامەزراوەکان دامەزراوەی دەوڵەتن و دامەزراوەی ڕژێم نین، بۆیە ماونەتەوە. سووریا هێشتا ماوە و ئێمە دەوڵەتی سووریامان نەڕووخاندووە و هەوڵیش بۆ ڕووخاندنی نادەین.

---

## خۆمان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانین، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێک کە داوای چارەسەری سیاسی دەکات

---

## کارێکی تەکتیکیمان کرد بۆ پاراستنی منبج لە دەستێوەردانی تورکیا

---

## بڕیارمان نەداوە حیزبی بەعس لە کایەی سیاسی بکرێتە دەرەوە

---

**ڕووداو: کەواتە لەو ناوچانەدا پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبی بەعسدا هەیە؟**

**ریاز درار:** پەیوەندی ڕاستەوخۆ نییە، پەیوەندییەکە بەهۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوەیە.

**ڕووداو: حیزبی بەعس مۆڵەتی لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری وەرگرتووە بۆ جموجۆڵ و چالاکییەکانی؟**

**ریاز درار:** پێموایە دەبێ حیزبی بەعس بەر لەوانی دیکە مۆڵەت وەربگرێ.

**ڕووداو: حیزبی بەعس مۆڵەتی وەرگرتووە یان نا؟**

**ریاز درار:** زانیاریم نییە لەسەری.

**ڕووداو: تا ئێستا هیچ لقێکی حیزبی بەعس نە لە قامشلۆ و نە لە حەسەکە دانەخراوە، لە کاتێکدا ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری دەڵێ هیچ حیزبێک نابێ بەبێ مۆڵەت دەرگای بارەگاکەی بکاتەوە؟**

**ریاز درار:** بەڵێ مۆڵەتوەرگرتن پێویستە و بڕیارەکە دەرچووە.

**ڕووداو: مامەڵەی سیاسی لە نێوان ئەمریکا و ئەنجوومەنی دیموکراتیی سووریادا هەیە؟**

**ریاز درار:** زیاتر لە سەردانێکیان کردووە بۆ هاوئاهەنگی و لەوانەیە ئەو بابەتە زیاتر پێشبکەوێ. پرۆسەکە بەخاوی بەڕێوەدەچێت، چونکە ئەو پشتگیرییەی بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات دێت لە ئەمریکاوە بۆ شەڕی داعش، پشتگیرییەکی هاوبەش و هاوپەیمانییە و دەکرێ بگوازرێتەوە بۆ هەنگاوێکی سیاسی.

**ڕووداو: دانپێدانانی سیاسی لە ئەمریکاوە بۆ ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات هەیە؟**

**ریاز درار:** دانپێدانانی ڕاستەوخۆ دەرنەچووە، هاوهانگی هەیە و سەردان هەیە.

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ مانەوەی بەشار ئەسەدن لە دەسەڵات؟**

**ریاز درار:** وەک گوتمان ئەم ڕژێمە...

**ڕووداو: ڕژێم مەبەستت حکومەتی سووریا و حیزبی بەعس و بەشار ئەسەدە؟**

**ریازدرار:** نەخێر مەبەستمان هەموو دامەزراوەکانی ناو حکومەتی سووریا و دەوڵەتی سووریایە، پرۆژەی ئێمە مانەوەیەتی و ئەویدیکە چاکسازییە لە سوپا و ئاسایش کە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، لەبەرئەوەی ئێستا سوپا و ئاسایش پێویستیان بە سەرلەنوێ بونیادنانەوە هەیە، ئەمەش بەشێکە لە پێشنیاز وەک هەموو پێشنیازە سیاسییەکانی دیکە کە دەیانخەینە ڕوو، پێویستی بە گوشار نییە و لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدا نین.

**ڕووداو: ئێوە ئامادەن بۆ دانوستاندن لەگەڵ ڕژێم؟**

**ریاز درار:** باشترە ئێمە و بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بچینە ناو دانوستاندنەوە، ئەمە قۆناغی یەکەمە کە ئێمە ئامادەین کاری بۆ بکەین و ئەوەش دەبێتە گوشارێک لەسەر ئۆپۆزسیۆن کە دەبێ ئێمە لایەنێکی کاریگەری ناوی بین، چونکە ئێمە بەشێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆنین.

**ڕووداو: ئێوە خۆتان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن؟**

**ریاز درار:** بەڵێ خۆمان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانین. ئێمە ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمین، چونکە ڕژێمێکی سەرکوتکارە، گەلەکەی سەرکوت کردووە و ئێستا پەیڕەوی لە سیاسەتی وێرانکاری دژ بە گەلی سووریا دەکات و بەوەش ئێمە پێکهێنەری ئەو ئۆپۆزسیۆنەین، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێک کە داوای چارەسەری سیاسی دەکات.

**ڕووداو: ئەو ڕێککەوتنە ئەمریکییە چییە لەگەڵتان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە و دەرکردنی داعش، ئێوە وەک ئەنجوومەن ئاگاداری ئەو ڕێککەوتنەن؟**

**ریاز درار:** ئەمریکییەکان بەو بیرۆکەیەوە هاتوونەتە ناوچەکە کە دەیانەوێ ناوچەکە لە دەستی داعش ڕزگار بکەن، لەوانەیە ماوەیەکی زۆر بمێننەوە. ئەوان شێوازی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بەڕێوەدەبەن و ڕازی نابن تەنیا ڕووسەکان گەمەکە بەڕێوە ببەن لە سووریا. ئەم دەستێوەردانەیان وا پێویست دەکات کە ئێمە لە گەمەکە تێبگەین و بزانین چۆن بەرژەوەندییەکانی خۆمان لە ڕێگەی بوونی ئەوانەوە بەڕێوەببەین.

**ڕووداو: ڕێککەوتنەکە نووسراوە یان زارەکییە یان پرۆتۆکۆڵییە لە نێوان ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکرات؟**

**ریاز درار:** هیچ شتێکی نووسراو نییە کە ڕاگەیەنرابێت و هاوئاهەنگییەکە ڕاستەوخۆیە.

**ڕووداو: ئەو هاوکارییە سەربازییانەی ئەمریکا بۆ هێزەکانی سووریای دیموکراتی دەنێرێت چۆن دەگات؟ بە ڕێگەی ئاسمانی یان زەمینییە، لە تورکیاوە دێت یان هەرێمی کوردستان؟**

**ریاز درار:** لە ڕێگەی ئاسمانییەوە دێت.

**ڕووداو: بۆ نموونە تانک، تۆپ؟**

**ریاز درار:** ئەمە کاری بەرپرسە سەربازییەکانە، ئەوان بە ڕێگە و شێوازی خۆیان دەتوانن بیگەیەنن.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە ئاگاداری چۆنیەتی گەیشتنی نین؟**

**ریاز درار:** من وەک سیاسییەک نەخێر ئاگادار نیم. من لە بابەتە سەربازییەکانەوە نزیک نیم، ئاگام لە بابەتی چەک و چۆنیەتی هاتن و دەرچوون و کێ دەیهێنێت نییە.

**ڕووداو: مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵتان مامەڵەیەکی نووسراو و پرۆتۆکۆڵی نییە، ئەگەر داعش کۆتایی بێت، هەر بە شێوەی زارەکی دەمێنێتەوە؟**

**ریاز درار:** هەندێک هەنگاو هەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەک کە دەبێ تۆمار بکرێت.

**ڕووداو: پێتوانییە ئەمریکا تەنیا بەکارتاندێنێ بۆ لەناوبردنی داعش؟**

**ریاز درار:** من لەگەڵتم کە دەبێ ئەوە لەنێو لێکدانەوەکاندا بێت، هەروەها پلانی دیکەمان هەبێت چونکە ئێمە کاردەکەین لەپێناوی هەموو سووریادا، ئەگەر چارەسەر بۆ کێشەی سووریا بدۆزرێتەوە ئێمە کێشەکەمان چارەسەر بووە.

**ڕووداو: ترستان هەیە لەوەی پاش داعش ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان بەجێتان دەهێڵن؟**

**ریاز درار:** بە مەترسی نازانین و ئەگەر بەجێیانهێشتین سەرلەنوێ خۆمان دروستدەکەینەوە.

**ڕووداو: دەڵێن یەپەگە یان پەکەکە کۆنترۆڵی ئێوەیان کردووە، ئەوان ئێوە بەڕێوەدەبەن؟**

**ریاز درار:** من وەک خۆم کەس لە دەرەوەی چوارچێوەی سوورییەکان قسەی لەگەڵ نەکردووم، لە میانی هەموو چاوپێکەوتنەکانماندا تەنیا ئەو سیاسەت و پرۆگرامانە هەبووە کە لێمان کۆڵیوەتەوە. لەبەرئەوە من پێموایە هیچ ئاراستەکردنێک نییە و تەنیا قسەی میدیایی دژەکارانەیە.

**ڕووداو: کەواتە شێوازی دۆستایەتی و نزیکایەتی ئێوە و پەیەدە چۆنە؟**

**ریاز درار:** پەیەدە حیزبێکی سوورییە، پەیوەندیمان لەگەڵیان هاوشێوەی ئەو پەیوەندییەیە کە لەگەڵ پارتەکانی دیکە هەمانە.

**ڕووداو: ئێوە هیچ سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنێکتان بۆ ناوچەی خۆبەڕێوەبەری کوردی یان هێزەکانی ئاسایشی ئەوێ هەیە؟**

**ریاز درار:** تاوەکوو ئێستا سەرکردایەتییەکی مەرکەزی نییە کە ئاراستەکان دیاری بکات. ئێمە کیانێکی سیاسین، ئەو هێزانەی سووریا سەر بە ئێمەن کە ڕووبەڕووی داعش بوونەتەوە، ئیدارەی خۆسەری هەیە کە شکڵێکی کارگێڕییە و کارەکانی خۆی دەکات. دامەزراوەیەکە بەر لەوەی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات دابمەزرێت هەبووە، لەبەرئەوە جۆرێک لە جۆرەکانی دەسەڵاتی هەیە لە شێوەی سیستمی فیدراڵی کە بڕیاری دروستکردنی دەرچووە و سەرۆکایەتی هاوبەشی هەیە، هەموو ئەم دەسەڵاتانە هاوئاهەنگییان لە نێواندا هەیە، پێموایە لە ساتەکانی داهاتوودا هەمووان شوێنی سروشتی خۆیان دەبێت کە لە ڕێگەیانەوە پەیوەندییە سیاسییەکان و سەربازییەکان دروستدەکەن.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ تورکیا هەیە؟**

**ریاز درار:** تورکیا دراوسێیەکی گەورەیە و بە درێژایی زیاتر لە 900 کیلۆمەتر هاوسنوورمانە، دەمانەوێ لەگەڵمان مامەڵە بکات لەسەر بنەمای سووریا نەک لەسەر بنەمای پێکهاتەی کوردی یان ئەو پێکهاتەیەی کە لێرە و لەوێوە هاتووە، یان پێکهاتەیەکی عەرەبی لەسەر حیسابی پێکهاتەی کوردی پشتگیری بکرێت بەهەندێک ڕێگا کە مایەی قبوڵکردن نییە. لەبەرئەوە ئێمە بە تورکیا دەڵێین دەبێ تێڕوانینی بۆ سووریا بەو چاوە بێت کە سووریا هی هەموو سوورییەکانە.

**ڕووداو: چۆن لە پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان پەیەدە و هەرێمی کوردستان دەڕوانیت؟**

**ریاز درار:** ناکۆکی کوردی - کوردی هەیە، ئەوان برا و دۆستن، ناکۆکی سیاسی دەکرێ بە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکرێت، بەبۆچوونی من چارەسەرکردنی ناکۆکیە سیاسییەکان دەکرێ بە هەنگاوی پۆزەتیف دەستپێبکەین، هەنگاوی لێبڕاوانە و درێژ، لەسەر تەنیا یەک کۆبوونەوە دانەمەزرێت کە هەندێک بڕیاری تێدا وەربگیرێت و بچین لەسەر ئەو بڕیارانە بنووین، بڕیارەکان هەنگاو جێبەجێ دەکرێن، لە بچووکەوە دەستپێدەکەین تا بە گەورە کۆتایی پێ بهێنین.

**ڕووداو: هیچ بانگەوازێکت بۆ هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسعود بارزانی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە؟**

**ریاز درار:** داوایان لێدەکەم دانایی بەکاربهێنن کە لەڕێگەیەوە دەتوانن پەیوەندییەکان دروست بکەنەوە و هەردوو لایەنی ناکۆک لانیکەم لە سووریا یەکبخەنەوە و جۆرێک لە جۆرەکانی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دروست بکەن و ئەو شێوە پەیوەندییە دەروازەیەکی فراوان و گەورە دەبێت لە بەرژەوەندیی هەموو ناوچەکە.

**ڕووداو: ئەنەکەسە و هەرێمی کوردستان دەڵێن پێشتر ڕێککەوتن هەبووە، لەوانەش ڕێککەوتنی هەولێر و دهۆک، بەڵام پەیەدە تۆمەتبار دەکەن بەوەی ئەو ڕێککەوتنانەی پێشێل کردووە، هیچ زەمانەتێک هەیە لایەنی بەرامبەر ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات؟**

**ریاز درار:** لەسایەی ئەو ڕێککەوتنانەوە زۆر شت گۆڕاون، ئێستا دوای چوار ساڵ لەو ڕێککەوتنانە دەبێ جارێکی دیکە خوێندنەوەیان بۆ بکەین و دانیشین بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی نوێ بکەین، ڕێککەوتنە کۆنەکە تۆزی زۆری لەسەر نیشتووە، ئەمەش بەهۆی ململانێ و ئەو لایەنگیریانەی کە هەن، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی لەگەڵ ئەوانەدان کە ڕەتیدەکەنەوە ئەوان هەبن. ئەوان ئێستا لە ئیئتیلافدان و دانوستاندن دەکەن لەگەڵ ڕژێم. ئەوانەی لە ناوەوەن تۆمەتبار دەکەن بەوەی ئەوان هاوبەشی ڕژێمن، لەبەرئەوە دەبێ زیاتر بوێر بین بۆ گوتنی هەق کە سیاسەتەکان گۆڕاون و دەستبکەین بەسەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیاسەتێکی نوێ لە نێوان هەردوولادا. من لێرەوە داوا لە ئیئتیلاف دەکەم دەستبکات بە پێداچوونەوەی حیساباتەکانی و بوونی خۆی بسەلمێنێ ئەگەر بیەوێت بارەگاکانی بکاتەوە لەناو سووریادا.

**ڕووداو: بەڵام ئەوانە حیزبی قەدەغەکراون و بارەگای ئەو حیزبانە داخراوە؟**

**ریاز درار:** کەس ناتوانێ ڕێگری لە ئیئتیلاف بکات، چونکە ئێستا ڕێککەوتن هەیە، من دەڵێم لە داخستنی بارەگاکانیشدا ململانێی سیاسی هەیە، لە دانیشتنی یەکەمدا لەسەر مێزی گفتوگۆی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، هەموو نووسینگەکان دەکرێنەوە و ئیئتیلافیش لە دانیشتنی یەکەمدا دەتوانێ بارەگاکانی خۆی بکاتەوە.

---

## پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبی بەعس بەهۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوەیە

---

## دەبێ حیزبی بەعس مۆڵەتی کارکردن لە ئیدارەی خۆسەری وەربگرێ

---

## ڕۆڵی کورد لە دانیشتنەکانی جنێڤ تەنیا دیکۆرە

---

**ڕووداو: ناکۆکییەکانی نێوان پەیەدە و ئەنەکەسە چۆن چارەسەر دەبن؟**

**ریاز درار:** من دۆستی هەردوولام و دەزانم لە ناوەوە لە ئەنجوومەنی دیموکرات ئامادەیی هەیە لەپێناو دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ هەموو هێزەکان. بەبڕوای من یەکەم شت ئێمە دەبێ بە خستنەڕووی هەموو شتەکان لەسەر مێزی دانوستاندن دەستپێبکەین. دواتر ئەوە دەستنیشان بکەین کە نزیکە لە جێبەجێکردن، لەوەوە پەیوەندییەکان هەنگاو هەنگاو بونیاد بنێین لەپێناو گەیشتنە ئەنجامە گەورەکە کە بڕیار و ئاراستەکان یەکدەخات.

**ڕووداو: لە کۆبانێ هێزەکانی پێشمەرگە هاوکاریی پەیەدەیان کرد بۆ ڕزگارکردنی شارەکە، بەڵام پەیەدە و هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕێگری دەکەن لە پێشمەرگەی کوردی سووریا کە لە باشووری کوردستانن بچنە ناوچەکانی خۆیانەوە، تۆ لەگەڵ گەڕانەوەی هێزەکانی ڕۆژئاڤای بۆ ناوچەکانی خۆیان؟**

**ریاز درار:** بێگومان. دەتوانن بگەڕێنەوە و دەبێ بە هەموو ئازادییەکەوە بگەڕێنەوە نەک لەسەر زەمینەی ململانێ و ڕکابەری و دەستشکاندنی یەکدی. ئەوە مافی سرووشتیی ئەوانە، بەڵام نەگەڕێنەوە لەسەر ئەو بنەمایەی ئێمە بەهێز گەڕاوینەتەوە، ئەو بنەمایە بوونی نییە و نابێ وەک دروشمیش بەرز بکرێتەوە.

**ڕووداو: چۆن لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی سووریا دەڕوانی لە بەرامبەر دۆخی کورد لە سووریا؟**

**ریاز درار:** بەڕاستگۆیی بڵێم ئۆپۆزسیۆنی سووریا هێشتا هەڵگری عەقڵیەتی حیزبی بەعسە، تا ئێستاش وا سەیری دۆزی کورد دەکات وەک ئەوەی دۆزی جیابوونەوە بێت، هێشتا زۆر لە ڕۆشنبیران وەک بەدوو سەیری کورد دەکەن.

**ڕووداو: کەواتە ئیئتیلاف بەو هەڵوێستانە خۆی لە بەڵێنەکانی بەرامبەر کورد دزییەوە؟**

**ریاز درار:** ئیئتیلاف ئەرکەکانی جێبەجێ نەکرد بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی دابووی لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی. یەکەم ئەو دەستەیەی چووە لەندەن و بەڵگەنامەیەکی پێبوو باسی پێکهاتەکانی نەکرد بە یەک وشەش، بە زمانێک قسەی کرد هاوشێوەی زمانی هەموو بەیاننامەکانی حیزبی بەعسی پێشوو بوو. ئێمە بەرپرسیارێتییەکە دەخەینە ئەستۆی ئیئتیلاف، ئەوەی لە جنێڤ هەیە هیچ نییە و تەنیا ڕووکەشە، دیکۆرە و دەبێ نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بێت.

**ڕووداو: تۆ باوەڕت بە بوونی بەشێک لە کوردستان لە سووریا هەیە بەناوی ڕۆژئاڤای کوردستان؟**

**ریاز درار:** یەکەم شت کوردستانی مێژوویی، مافێکی سرووشتییە کە دەبێ کوردستان بێت، بوونی هەبێت و لە کیانی خۆیدا بژی، تاکە نەتەوە کە دەوڵەتیان نییە کوردن، بەبڕوای من ئەوان دەبێ توانای دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان هەبێت. من بە چاوێکی گەورەتر تەماشای بابەتەکە دەکەم، کوردستانی گەورە..

**ڕووداو: کوردستانی گەورە بەشێکی لە سووریایە..**

**ریاز درار:** وەک ئەوەی من دەیبینم، چوار پارچەکەی کوردستان دوای دابەشکردنی ناوچەکە بوونەتە بەشێک لە ناوچەی دیکە، ئەو ناوچانەی دیکە دەبێ لە چوارچێوەی مافی هاونیشتمانیبووندا بەڕێوەببرێن، مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دانی پێدا دەنێت، چۆن دەتوانین ئەو داخوازییانە جێبەجێ بکەین؟ دەبێ تەنانەت ئەگەر ئەوە بگاتە بڕیاردان لە مافی بڕیاردانی چارەنووسیش، ئەوە قبوڵ بکەین.

**ڕووداو: مافی بڕیاردانی چارەنووس تەنانەت بە سەربەخۆبوونیش؟ بە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد؟**

**ریاز درار:** مافی بڕیاردان لە چارەنووس مافێکی سرووشتییە بۆ هەموو گرووپێک کە کیانی تایبەت بەخۆی هەبێت، لەبەرئەوەی ئەم مافە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان پەسەندیان کردووە و مافی مرۆڤیشە، بۆیە ئێمە لەسەرمانە بەرگریی لێبکەین.

رووداو کوردستانی
ژمارە (454) - دووشەممە 2017/4/24



## گۆڕی زەینەل بەگ لە باتمان دەگوازرێتەوە

**رووداو- باتمان**

وەزارەتـــی پاراســـتنی کەلەپـــوور و شـــوێنەوارە مێژووییەکانی تورکیا گۆڕی زەینەل بەگی لە شـــاری باتمانەوە دەگوازێتەوە بۆ شـــارێکی دیکە و هۆکارەکەشی پاراستنییەتی لە مەترسی ژێرئاوکەوتن، بۆ گواستنەوەی گۆڕەکە 30 ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە. بەهۆی کەش و هەوای ناوچەکە و باران بارین ئێستا پرۆسەکە دواخراوە. گۆڕەکە لە ناوچەی هەسکێفی باتمانە، شارەوانی ناوچەکە رایدەگەیێنێت ترسیان لەوە هەیە لەکاتی گواستنەوەی گۆڕەکە تێکبچێت وزیانی پێبگات. زەینەل بەگ کوڕی ئوزون حەسەنی پاشای دەوڵەتی ئاققۆیونلو بووە.

# رەققە و دێرەزوور ئەگەری شەڕی دیمەشق و پەیەدە بەهێزتر دەکەن

**پۆڵ ئیدن**
**رووداو- هەولێر**

رۆژی سێشەممەی رابردوو، هێزەکانی سووریای دیموکرات کە بە دەستپێشخەری و سەرکردایەتی پەیـەدە دامـەزراوە، رایگەیانـد "ئەنجوومەنێکی سـیڤیل" بۆ رەققە دادەمەزرێنن، بۆ ئەوەی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە ئیدارەی ناوچەکە بکەن. تـەلال سـیلۆ، گوتەبێـژی هێزەکانی سـووریای دیموکراتیش دەڵێت، ئەوان پێشـتریش ئیدارەی شـارە ئازادکراوەکانیان داوەتە دەست ئەو جۆرە ئەنجوومەنە.

یەکینەکانی پاراسـتنی گـەل (یەپەگە) کە گەورەتریـن گرووپـی نێـو هێزەکانی سـووریای دیموکراتـن، جەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنەوە کە هێزە عەرەبییەکانی نێو (هەسـەدە) پێشـەنگی ئۆپەراسـیۆنی گرتنەوەی رەققـە دەبن و لە دوای ئازادکردنی شـارەکەش، خەڵکـی عەرەبی رەققە حوکمی شارەکە دەگرنە دەست، بۆ ئەوەی ئەگەری ململانێ و پێکدادانی کورد و عەرەب نەمێنێ. بەڵام بەرپرسانی پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە) نایشـارنەوە کە دەیانەوێ رەققە ببێتە بەشێک لە "سیستەمی فیدراڵی دیموکراتی" لەبەر ئەوەی بە گوتەی بەرپرسـانی (پەیـەدە) پرۆژەکەی ئەوان بۆ هەموو سـوورییایە و رەققە دەکرێ بەشێک لەو پرۆژەیە بێ.

ئـەوە یەکەمجـار نییـە هێزەکانی سـووریای دیموکرات بیر لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی سـیڤیل بکەنـەوە، بەڵکو پێشـتر لـە کانوونـی یەکەمی ساڵی رابردووش ئەنجوومەنی سیڤیل بۆ پارێزگای دێرەزوور دامەزرێنرا کە لە باشووری رۆژهەڵاتییەوە 90 میل لە رەققە، پایەتەختی داعش، دوورە.

تاکـە ئەنجوومەنـی سـەربازی کە بـە کردەوە دامەزرێندرابێ، ئەنجوومەنی سەربازیی منبجە کە لەپـاش کۆنترۆڵکردنەوەی منبـج لە مانگی ئابی سـاڵی رابردووەوە ئیدارەی شارەکە دەکات. بەڵام کێشـەکە هەر بە گرتنـەوەی رەققە یان دێرەزوور و ئیدارەکردنـی لەلایـەن هێـزە عەرەبییەکانی ناوچەکەوە کۆتایی نایەت. لەبەرئەوەی هێزەکانی لایەنگری ئەسـەد لە نێوەڕاسـتی سووریا لە دژی چەکدارانـی داعـش لە پێشـڕەویدان. بوسـەینە شـەعبان، گوتەبێژی بەشار ئەسـەد، بە ئاژانسە رووسـییەکانی راگەیانـدووە "هێزەکانی حکومەت بەردەوامی بە پێشڕەوییەکانی خۆیان لە ناوچەکانی دیکەش دەدەن، لەوانەش دێرەزوور و رەققە".

ئەسـتەمە هێزەکانـی لایەنگـری حکومـەت بە پشـتیوانیی رووسـیا بتوانن پێـش هێزەکانی سـووریای دیموکـرات رەققە کۆنتـرۆڵ بکەنەوە، چونکە ئێستا هێزەکانی سـووریای دیموکرات لە شاری تەبقەن لە رۆژئاوای رەققە. دوایین جاریش کە هێزەکانی حکومەت هێرشـیان بۆ سەر رەققە کردبـێ لـە حوزەیرانـی 2016 بوو، بـەڵام دوای ئـەوەی داعـش پێگەکانی خۆی لـە تەبقە بەهێز کرد، هێزەکانی ئەسـەد ناچار بە پاشەکشـێ لە ناوچەکە بوون.

لەگـەڵ دەرکردنـی داعش لە رەققـە، رەنگە هێزەکانـی لایەنگـری حکومـەت کێشـە بـۆ مەشرووعییەتی ئەنجوومەنی سیڤیلی هەسەدە لە ناوچەکە دروسـت بکـەن. دیاریش نییە ئەمریکا هەتـا چەنـدە ئامادەیـە پـاش یەکلابوونەوەی کێشـەی داعش لە رەققە لە بەرامبەر هێزەکانی ئەسـەد پشتگیری لە هەسەدە بکات، لە کاتێکدا هەتا ئێستاش بەهۆی مووشەکبارانکردنی بنکەی سـەربازیی شـوعەیرات لـە رۆژئاوای سـووریا، کێشـەی سـەخت لە نێوان ئەمریکا، رووسـیا و سووریادا هەیە.



(فۆتۆ: AFP)

### داهاتووی دێرەزوور

داهاتـووی دێـرەزوور یەکێـک لـە کێشـە سـەرەکییەکانی نێـوان حکومـەت و هێزەکانـی سووریای دیموکرات دەبێ. لەو ناوچەیەدا چاوەڕێی سێ ئەگەر دەکرێ:

**یەکـەم:** داعش داڵدەی بنکە سـەربازییەکەی حکومەتی سـووریا لە شـاری دێـرەزوور بدات، ئەمـەش بەرلەوەی دواجار هێزەکانی سـووریای دیموکرات شارەکە کۆنترۆڵ بکەنەوە.

بەگوێـرەی راپۆرتێکـی (فۆکـس نیـوز)ی ئەمریکـی، لە چەنـد هەفتەی رابـردوودا داعش برێکـی زۆر چـەک و تەقەمەنـی و چەکداری لە رەققەوە بۆ دێرەزوور گواستووەتەوە. راپۆرتەکەی (فۆکس) لەسـەر زاری بەرپرسـانی سـەربازیی ئەمریکا ئاشـکرای دەکات "لە ماوەی دوو مانگی رابـردوودا ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسـانی باڵای داعش رەققەیان بەرەو دێرەزوور جێهێشـتووە". فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا جەختیان لەوە کردووەتـەوە کـە بەرپرسـانی داعش لـە رەققە شارەکەیان جێهێشتووە.

**دووەم:** هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات چەکدارانـی داعش لـە دێـرەزوور دەربکەن و ئەنجوومەنـی ئیداریـی خۆیـان لەشـارەکەدا دامەزرێنـن، بەبێ ئـەوەی هێزەکانی حکومەت لە شـارەکە دەربکەن. بەم شێوەیەش شارەکە لە نێـوان هێزەکانـی حکومەت و هەسـەدەدا دابەش ببـێ. وەکوو چۆن هێـزە کوردییەکان لە گەڕەکی شێخ مەقسوود لە باکووری حەلەب هەن و لە کانوونی دووەمی رابردوودا حکومەتی سـووریا هۆشـدارییی دا کە یان شوێنەکە چۆڵ بکەن، یان هێزەکانی خۆیان بێننە ژێر چەتری هێزەکانی حکومەت.

**سێیەم:** سیناریۆی سێیەم ئەوەیـە هێزەکانی لایەنگری رژێم بەر لە (هەسەدە) بگەنە دێرەزوور و پـاش دەرکردنـی داعش کۆنترۆڵـی هەمـوو شـارەکە بگرنە دەسـت. وەکوو چۆن هێزەکانی سـووریای دیموکرات بەنیازی کۆنترۆڵکردنەوەی جەرابلـوس و ئەلباب بوون، بـەڵام ئەو هێزانەی تورکیـا پشـتگیریی دەکـردن، پێش هەسـەدە دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت.

ئەگەر هێزەکانی سـووریای دیموکرات بتوانن رەققە و بەشـێک لە دێـرەزوور کۆنترۆڵ بکەن، دوور نییە ئەم دوو ناوچەیە وەکوو کارتی گوشار لە دانوسـتاندنەکانیان لەگەڵ حکومەتی سووریا بەکاربهێنـن. دوور نییە پەیەدە رازی بێ بەوەی ئەو دوو ناوچەیە رادەسـتی دیمەشـق بکاتەوە، ئەگەر حکومەتی سـووریا رازی بـێ بەوەی دان بنێت بە سیستەمە فیدراڵییەکەی پەیەدە لەسەر بنەمای کانتۆن.

حکومەتی سووریا سیسـتەمە فیدراڵییەکەی باکووری سـووریا وەکو حاڵەتێکی کاتی و تێپەڕ ناودەبات.

ئەگـەر هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات بە سـەرکردایەتی پەیەدە بتوانن رەققە و دێرەزوور کۆنتـرۆڵ بکەنـەوە، دەتوانـن ئـەو ناوچانە بۆ رێگریکـردن لە هێرشـەکانی حکومەت بۆ سـەر کانتۆنـەکان بەکاربهێنن، هەروەهـا قووڵاییەکی ستراتیژیشـیان پێدەبەخشـێ بـۆ ئـەوەی لـە داهاتوودا بتوانن بەرپەرچی هێرشـەکانی تورکیا لـە سـنوورەکانی باکـووری سـووریا بدەنەوە. شـارەکانی کۆبانێ و قامشـلو لە سـنوورەکانی نێـوان تورکیـا و سـووریا نزیکـن، هـەر بۆیـە لـە داهاتـوودا دەکرێ ببنە ئامانجـی تۆپخانە و بۆردومانـی تورکیـا. بۆیـە ئەگـەر ناوچەکانی خـوارەوەی رۆژئاڤا بەدەسـت هێزێکی نزیک لە پەیەدە بێ، ئەوە هێزەکانی پەیەدە و هەسـەدە دەتوانـن لە کاتی هێرشـەکانی تورکیادا بۆ ئەو ناوچانـە پاشەکشـە بکـەن و لەوێـوە هێرشـی پێچەوانـە بکەن. دوور نییە هێزەکانی هەسـەدە و یەپەگـە لـە ئێسـتاوە خۆیان بۆ ئـەو جۆرە سیناریۆیە ئامادە بکەن.

لە هەموو حاڵەتەکاندا، ئەگەر چارەنووسی ئەو ناوچانە لە نێوان حکومەتی سووریا و هەسەدەدا یەکلایی نەکرێتەوە، ئەگەری شـەڕ و پێکدادانی خوێناوی لە نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات و هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا هەیە.

***پۆل ئیدن، شرۆڤە و راپۆرت بۆ بەشی ئینگلیزی ماڵپەڕی رووداو ئامادە دەکات.**

## "کۆدار" داوا لە خەڵک دەکات بەشداریی هەڵبژاردن بکەن

# چالاکڤانانی کورد لیستێک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان پێکدێنن

**ناسر پیرۆتی**
**رووداو- هەولێر**

پێنجەمیـن خولـی هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنی شـار و گونـدەکان هـاوکات لەگـەڵ هەڵبژاردنی سـەرۆککۆماری ئێـران لـە 2017/05/19 بەڕێوەدەچێـت. لە خولی پێنجەمدا بـەراورد بە خولەکانی رابردوو، ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەکان کەمکراوەتەوە. لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش تەنیا کۆدار کە سەر بە پەکەکەیە، خـۆی یەکلایـی کردووەتـەوە و داوای لە خەڵک کردووە بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن.

هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی شـار و گوندەکان بەلای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە گرنگیی خۆی هەیە، چونکە نزیکترین هەڵبژاردنە لە ژیانی ئەوانەوە، ئەو نوێنەرانەی هەڵیدەبژێرن هەر لەنێو خۆیاندا دەمێنێتەوە نەک لە تاران.

بەپێی سیستمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان، هەر شـار و شـارۆچکەیەک ژمارەی دانیشـتووانەکەی لە 50 هەزار کـەس زیاتر بێ، پێنج ئەندامی سـەرەکی و سـێ یەدەگی دەبێ. لـە 50 هـەزار تاوەکـو 200 هەزار دانیشـتوو 7 ئەندام و 5ی یەدەگ. لە 200 هەزار تاوەکو 500 هەزار دانیشـتوو 9 ئەنـدام و 6 یەدەگ. لە 500 هـەزار تاوەکو یەک ملیۆن دانیشـتوو 11 ئەندام و 7 یـەدەگ. لە یەک ملیـۆن تاوەکو دوو ملیۆن دانیشـتوو 13 ئەندام و 8 یـەدەگ. زیاتر لە دوو ملیۆن دانیشتوو 15 ئەندام و 10 یەدەگ. شارێکی وەکـو تاران کـە زۆرترین ژمارەی دانیشـتووانی هەیە، 21 ئەندام و 11 یەدەگی هەیە.

### 8.5%ی کاندیدەکان رەتکراونەتەوە

بەپێـی زانیارییەکانـی (رووداو) لـە پێنـج پارێزگاکـەی رۆژهەڵاتی کوردسـتان نزیکەی 45 هەزار کەس خۆیان بـۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان بەربژێر کردووە، بەڵام شیاوبوونی 8.5% یان رەتکراوەتەوە.

لـە پارێـزگای سـنە بەشـێوەی مامناوەندی شـیاوبوونی 89%ی بەربژێرەکان پەسەند کراوە و شـیاوبوونی 11%یان رەتکراوەتەوە. لە پارێزگای سنە بە گشتی 8970 کەس ناویان تۆمار کردبوو.

لـە پارێزگای لۆڕسـتان لەکـۆی 8266 کەس کە ناویان تۆمارکردبوو، شـیاوبوونی 364 کەس رەتکراوەتـەوە. هەروەهـا 146 کەسـیش نێوی خۆیان کشاندووەتەوە. شیاوبوونی کەمتر لە 5%ی کاندیدەکان رەتکراوەتەوە.

لـە پارێـزگای ئیلام لـە کـۆی 3077 کەس کە ناویـان تۆمارکردبوو، شـیاوبوونی 93%یان پەسـەندکراوە. لـە پارێزگای کرماشـان 9857 کـەس ناویـان تۆمـار کردبـوو کە شـیاوبوونی نزیکەی 90%یان پەسەند کراوە.

سەبارەت بە پارێزگای ورمێش کە 14 هەزار و 223 کەس ناویان نووسیوە، شیاوبوونی 91%یان پەسـەندکراوە. لەشـاری ورمـێ شـیاوبوونی 3 ئەندامـی کـوردی ئـەم خولـەی ئەنجوومەنـی شـار بـۆ کاندیدبوون لـە هەڵبژاردنـی داهاتوو رەتکراوەتەوە.

بەپێـی زانیارییەکانـی (رووداو)، لە هەندێک شاری رۆژهەڵاتی کوردستان چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی دەیانەوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شـار و گوندەکان لیسـتێک لەنێـو کاندیدەکان بە خەڵک بناسـێنن و داوایـان لێبکەن دەنگیان پێبدەن. لە رێکخسـتنی لیسـتەکەدا گرنگی بە شـارەزایی و لێهاتوویی کاندیدەکان، دەستپاکی و نەبەسـتراوەبوون بـە دامودەزگا سـەربازی و ئەمنییەکان دەدرێت.



### شەڕی کورد و ئازەری لە ورمێ

لەو شارانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە جگە لە کورد، ئازەریشیان لێ دەژین، رکابەرایەتی کورد و ئازەرییەکان لەسەر بەدەستهێنانی کورسییەکانی ئەنجوومەنـی شـارەکان دەسـتیپێکردووە. لـە ورمـێ ئازەرییـەکان کـە لـە خولـی رابـردووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراندا هەر سـێ کورسی پارێزگاکەیان بەدەستهێناوە، دەیانەوێ سەرجەم 11 کورسییەکەی ئەنجوومەنی شار بەدەستبهێنن. لە بەرامبەریشـدا چالاکڤانانی کـورد لە هەوڵدان بۆئەوەی ژمارەی کورسییەکانیان زیاتر بکەن.

لە هەڵبژاردنی رابردووی ئەنجوومەنی شـار و گوندەکاندا لە شاری ورمێ، کورد لە 15 کورسیی شارەکە، تەنیا سێ کوردسی بەدەستهێنا.

لـە نەغەدە کە کورد و ئـازەری لێدەژیت و لە هەڵبژاردنی خولی رابردووی ئەنجوومەنی شـاردا لیسـتی ئازەرییەکان دەنگی هێنـا، چالاکڤانانی کوردی شارەکە لە هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لیسـتێکی کوردیی یەکگرتوو رابگەیێنن و داوا لە خەڵک بکەن دەنگ بە لیستەکەیان بدات.

### بایکۆت یان بەشداری

حیزبەکانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە یەک هەڵوێسـت بەرەو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شـار و گونـدەکان ناچن. بەشـێکیان پێیانوایە دەبێ هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان و هەڵبژاردنـی سـەرۆککۆماری بایکـۆت بکرێن، چونکـە بـە گوتەی خۆیـان دەنگدانـی خەڵکی کـورد لەو هەڵبژاردنە دەبێتـە هۆی رەوایيدان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ژمارەیەک لە حیزبەکان پێیانوایە ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریش بایکۆت بکرێت، نابـێ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شـار و گوندەکان بایکۆت بکرێت، چونکە پۆسـتێکی سیاسی نییە و پەیوەنـدی بە خزمەتگوزارییەکانی نێو شـار و گوندەکانەوە هەیە. بڕیارە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردسـتان لـە ئایندەیەکی نزیکـدا کۆببنەوە و هەڵوێسـتی خۆیـان لەسـەر بەشـداریکردن یان بایکۆتی هەڵبژاردن رابگەیەنن.

### کۆدار خۆی یەکلایی کردووەتەوە

کۆمەڵـگای دیموکراتیک و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردسـتان (کـۆدار) کـە خـۆی بـە چەتری کۆکـەرەوەی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان نێودەبـات و سـاڵی 2014 لەلایـەن پژاکـەوە دامەزراوە، داوا لە خەڵک دەکات لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنـی شـار و گونـدەکان بەشـدار بن. کۆدار دەڵێت "هەڵبژاردنی کەسـانی شایسـتە و دیموکـرات بـۆ لەئەسـتۆگرتنی بەڕێوەبردنی شـار و گونـدەکان پێویسـتییەکی بنەڕەتییە. ئەزموونی ساڵانی رابردوو ئەوەیان روون کردەوە کە ئەنجوومەنەکان، لەجیاتی ئەوەی شـوێنێک بن بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵگا لە بەڕێوەبردندا، بوونـە شـوێنی دەسـتەگەری، گرووپبەنـدی، گەندەڵـی و داگیرکردنـی زەویـوزار. هەر لەبەر ئـەم هۆکارە گرنگـە کە خەڵک، ئـەم مەیدانە لـە کەسـانی بەرژەوەندخواز وەربگرنـەوە و بە وردبینی و هەستیاری، کەسانێک هەڵبژێرن کە زەمینەی گەندەڵی و رەنجخۆرییان تێدا نەبێت. نابێت کۆمەڵگا تەنیا بە هەڵبژاردنی کەسـەکان کۆتا بێت، بەڵکـو چاودێریکردنی کارەکانیان و لێپرسینەوە لێیان گرنگ و ئەساسە."

#### ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شار لە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

| پارێزگا | ژمارەی ئەندام |
|---|---|
| پارێزگای ورمێ | 105 ئەندام |
| پارێزگای کرماشان | 77 ئەندام |
| پارێزگای سنە | 66 ئەندام |
| پارێزگای لوڕستان | 66 ئەندام |
| پارێزگای ئیلام | 52 ئەندام |

#### ئەرکی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەکان:

- هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی
- پەسەندکردنی بودجەی ساڵانەی شارەوانی
- چاودێریکردن بەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە پەسەندکراوەکان لەلایەن شارەوانییەوە
- چاودێری بەسەر کاروباری دارایی شارەوانی

لە جیهاندا وێنەی نییە

# هەر فەرمانبەرێکی عێراقی ساڵانە شەش مانگ پشوو دەدات

ئەهرۆ محەممەد
رووداو– هەولێر

عێراق بە جیاوازییەکی زۆرەوە سەرلیستی ئەو وڵاتانەی گرتووە کە زۆرترین پشووی فەرمییان هەیە لە ساڵێکدا، بە جۆرێک ساڵێ کە 365 رۆژە، ژمارەی رۆژە پشووەکان لە عێراق لە ساڵی رابردوودا گەیشتە 185 رۆژ، واتە شەش مانگی تەواو.

عێراق وڵاتێکی لەڕووی ئایین، ئاینزا و نەتەوەوە فرە پێکهاتەیە، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر زیادبوونی پشووەکان هەیە. بە جۆرێک پشووەکان دابەشبوون بۆ نیشتمانی، ئاینی، مەزهەبی و نەتەوەیی.

پشووە نیشتمانییەکان کە هەندێکیان جیهانیشن، بریتین لە یەکی کانوونی یەکەم سەری ساڵی نوێ، شەشی کانوونی دووەم ساڵیادی دامەزراندنی سوپای عێراق، 11ی ئادار رێککەوتنی کورد و رژێمی عێراق، 21ی ئادار جەژنی نەورۆز، نۆی نیسان رۆژی رووخانی رژێمی بەعس. یەکی ئایار رۆژی کرێکاران. 14ی تەممووز، رووخانی رژێمی پاشایەتی، سێی تشرینی یەکەم رۆژی نیشتمانی.

هەروەها پشوو و بۆنە ئاینییەکانیش وەک جەژنی رەمەزان 3 رۆژ لە 1 بۆ 3ی مانگی شەوال. جەژنی قوربان 4 رۆژ لە 10 بۆ 14ی مانگی زولحیجە، 1ی موحەڕەم سەری ساڵی کۆچی، 10ی موحەڕەم (رۆژی عاشوورا)، 12ی رەبیعی یەکەم لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام.

پێشتر لە سەردەمی رژێمی پێشوودا چەند رۆژێک کرابوونە پێشوو، بەڵام لە دوای رووخانییەوە هەڵوەشانەوە، وەک رۆژی کودەتای 8 شوباتی بەعسییەکان لە 1963، 17ی تەممووز کە بەعسییەکان لەساڵی 1968 هاتنە سەر دەسەڵات. 28ی نیسان رۆژی لە دایکبوونی سەدام، حەوتی نیسان رۆژی دامەزراندنی حیزبی بەعس.

شیعەکانی عێراق کە دەسەڵاتداری ئێستای وڵاتن، چەندین پشووی تایبەت بە خۆیان هەیە وەک چلەی ئیمام حوسێن، رۆژی غەدیر، ئیمام موسای کازم، هەروەها زۆربەی ئیمامەکانیان یاد دەکەنەوە و لەو رۆژانەدا پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەیکەنە پشوو. لە هەندێک باردا نزیکەی چوار رۆژ بۆ هەفتەیەک لە پارێزگاکانی باشوور دەکرێتە پشوو، وەک یادی ئیمام حوسێن.

پێکهاتە ئاینییەکانی دیکەی عێراق و کوردستانیش چەندین پشوویان هەیە. لەوانە ئێزدییەکان: جەژنی جەما 7-13ی تشرینی یەکەم. جەژنی چلەی هاوین لە 30ی تەمموز تا 2ی ئاب. جەژنی سەری ساڵ (چوارشەممەی یەکەمی مانگی نیسان). جەژنی رۆژوو، یەکەم پێنجشەممەی مانگی کانوونی یەکەم.

مەسیحییەکان: جەژنی لەدایکبوونی مەسیح 25ی کانوونی یەکەم، جەژنی گەورە (قیامە)، جەژنی هەڵکشان (سعود). هەروەها ئەو رۆژانەش بە پشووی نەتەوەیی کلدانی ئاشووری دانراون: یەکی نیسان، سەری ساڵی بابلی ئاشووری. سابیئەی مەندایی پێنج بۆنە و جەژنیان هەیە: 25ی نیسان، جەژنی گەورە 2 و 7ی مانگی ئاب، جەژنی بچووک 23ی تشرینی دووەم، جەژنی وهنە و لمافە.

بەڵام لەسەر ئاستی جیهان، ئەو وڵاتانەی زۆرترین رۆژانی پێشووی فەرمییان هەیە بریتین لە: نەمسا 38 رۆژ، ماڵتا 38، پۆڵەندا 37، بۆلیڤیا 37، یۆنان 37، بەریتانیا 36، فەرەنسا 36، سوێد 36، ڤەنزوێلا 36، ئیسپانیا 36 و ئێران 26 رۆژ.

لە سەردەمی رژێمی پێشووی عێراقدا لە هەفتەیەکدا تەنیا رۆژانی هەینی پشوو بوو، بەڵام دوای رووخانی رژێم رۆژانی شەممەش کرایە پشوو، بەمەش تەنیا پشووی هەفتانە لە عێراقدا دەگاتە 104 رۆژ. ئەمە جگە لەوەی ئیدارەی پارێزگاکانیش دەسەڵاتیان پێدراوە لە کاتی رووداوە سروشتییەکان، لەوانەش بارینی بەفری زۆر، لافاو و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بیکەنە پشوو.

زۆریی رۆژە پشووەکان، هەندێک لایەنی هاندا پرۆژە یاسایەک بۆ رێکخستنی رۆژانی پشوو ئامادە بکەن. پرۆژە یاسای پشووە فەرمییەکان، چەند ساڵێکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە رەوانەی پەرلەمان کراوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی لایەنەکان پەسەند نەکراوە، لە پرۆژە یاساکەی حکومەتدا 75 پشووی فەرمی ئاینی، نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە. بەڵام لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە کەم کراوەتەوە، وەک لیژنەکانی رۆشنبیری و راگەیاندن، ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

سەلیم شووشکەیی، ئەندامی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند، لێژنەکەیان رەشنووسی پرۆژە یاسای پشووە فەرمییەکانی تەواو کردووە، لەسەر زۆربەی پشووەکانیش رێککەوتوون، تەنیا جەژنی غەدیر نەبێت کە شیعەکان سوورن لەسەر ئەوەی ئەو رۆژە بکرێتە پشوو، بەڵام سوننەکان رەتیدەکەنەوە.

ساڵانە لە 18ی مانگی زولحیجە، شیعەکان یادی غەدیر دەکەنەوە و دەڵێن پێغەمبەری ئیسلام لەو رۆژەدا عەلی کوڕی ئەبو تالبی بە جێنشینی خۆی دەستنیشان کردووە، بەڵام دواتر لەلایەن ئەبوبەکر سدیقەوە ئەم مافەی لێ زەوت کرا و خۆی کردە یەکەم خەلیفە، بەڵام ئەم حیکایەتە لەلایەن سوننەکانەوە رەتدەکرێتەوە.

ئەو پەرلەمانتارە باسی ئاراستەیەک لە پەرلەمان دەکات کە داوا دەکات ئەو بۆنانەی گشتین و هەموویان لەسەری کۆکن، بکرێنە پشوو لە سەرتاسەری عێراق وەک جەژنەکانی قوربان و رەمەزان، بڕیاردان لە پشوو و بۆنەکانی دیکەش بدرێنە دەست ئەنجوومەنی پارێزگاکان. بە گوتەی شووشکەیی، بەپێی پرۆژە یاسا دەستکاریکراوەکە، ژمارەی پشووەکان نزیکەی 13 پشووی سەرتاسەری دەبن کە لە 20 رۆژ تێپەڕ ناکەن.

حکومەتی عێراق، نزیکەی چوار ملیۆن فەرمانبەری هەیە کە دەکاتە 20%ی هێزی کاری وڵاتەکە و ساڵانە نزیکەی شەش مانگ لە پشوودان.

عەبدولزەهرە هینداوی، گوتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق دەڵێت ئەمە بەرزترین ژمارەی فەرمانبەرە لە جیهاندا.

هەر لەوبارەوە ئەمین بەکر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، یاداشتی زۆریان لەبارەی پشووەکان بەدەست گەیشتووە، ئەمەش ژمارەی پشووەکان زیاد دەکات، بە تایبەتی لایەنە شیعەکان بۆنە و پشووەکانیان زۆرن، هەریەکەیان بەشێوەیەک یاداشتی پێشکەش کردووە و داوای پشوو دەکەن، بۆنموونە رۆژی لەدایکبوونی زەینەب، لە دایکبوونی حەسەن و حوسێن.



شیعەکان چەندین یاداشتیان پێشکەشی پەرلەمان کردووە داوا دەکەن بۆنەکانیان بکرێنە پشوو

### غەدیر ناکۆکی لەنێوان شیعە و سوننە دروستکردووە

### دیارترین بۆنە و یادی شیعەکان:

دووی موحەڕەم گەیشتنی ئیمام حوسێن بۆ کەربەلا. 10ی موحەڕەم کوژرانی ئیمام حوسێن. 11ی موحەڕەم سووڕانەوەی کەژاوەی کەسوکاری ئیمام حوسێن بە کوفە. هەشتی سەفەر مردنی سەلمانی فارسی. نۆی سەفەر مردنی عەمماری کوڕی یاسر. 17ی سەفەر مردنی ئیمام عەلی کوڕی موسا رەزا. 20ی سەفەر چلەی ئیمام حوسێن. 29ی نیسان مردنی عەلی کوڕی موسا رەزا. هەشتی رەبیعولئەول مردنی ئیمام حەسەن عەسکەری. نۆی رەبیعولئەول تاج لەسەرنانی ئیمام مەهدی. 8ی رەبیعی دووەم لە دایکبوونی ئیمام حەسەن عەسکەری. پێنجی جەمادی یەکەم لەدایکبوونی زەینەبی کچی عەلی. 13ی جەمادی یەکەم مردنی فاتیمە. 13ی رەجەب لەدایکبوونی عەلی کوڕی ئەبی تالب. 21ی رەمەزان مردنی ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالب. سێی شەعبان لە دایکبوونی ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی. 15ی شەعبان لەدایکبوونی ئیمام مەهدی. 15ی رەمەزان لەدایکبوونی ئیمام حەسەن. 18ی زیلحیجە جەژنی غەدیر. 25ی زیلقەعدە رۆژی مباهلە.

## عەبدولقادر ئەلنایل، سیاسەتوانی سوننەی عێراقی بۆ (رووداو):

# مالیکی، دەهۆڵژەن و مانگادزی کردبوونە سەرکردە لە ئەنبار

هەوراز گوڵپی
رووداو– عەممان



خۆی و هاوڕێکانی تۆمەتبار دەکرێن بەوەی داعش لە هەناوی خۆپیشاندانەکانی ئەوانەوە هاتە دەرەوە ئەوکاتەی لە ناوچە سوننەنشینەکان رۆژانە سازیان دەکرد، بەڵام عەبدولقادر ئەلنایل کە چالاکڤانێکی هەرە بەرچاوی ئەو خۆپیشاندانانە بوو، ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە.

بڵێسەی خۆپیشاندانی ناوچە سوننەنشینەکان لە دژی سیاسەتەکانی نوری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق لە 25ی دیسەمبەری 2012 هەڵگیرسا، خۆپیشاندەران سەرەتا چەند داواکارییەکی سادەیان هەبوو، لەوانەش ئازادکردنی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون و ژمارەیان بە 7000 کەس مەزەندە دەکرا. بەڵام خۆپیشاندەران رۆژ بە رۆژ سەقفی داواکارییەکانیان بەرز دەکردەوە، بە جۆرێک داوای دەرچوونی سوپایان لە ناوچەکانیان دەکرد. دواجار لە 30ی دیسەمبەری 2013 دا بە زەبری هێز کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان هێنرا.

زۆر کەس، لەوانەش مالیکی خۆپیشاندەرانیان بەوە تۆمەتبار کرد کە هۆکاری دروستبوونی داعش بوون، بەڵام عەبدولقادر نایل کە خۆی بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانێ و ئێستا لە ئوردن نیشتەجێیە، دەڵێت "داعش بڕوای بە کاری سیاسی نییە، داعش رێکخراوێکە لە دەرەوەی هەموو ئەو چوارچێوانە و دان بە نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەت و هیچ لایەنێکی دیکەشدا نانێت، لەوەش گرنگتر مالیکی ئاسانکاری بۆ هەڵاتنی سەرکردە ناسراوەکانی لە زیندانی ئەبوغرێب و زیندانەکانی دیکە کرد، هیچ کاتێک ناوچە سوننییەکان باوەشی بۆ هیچ رێکخراوێک نەکردووەتەوە".

لەدوای هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق، هێزەکانی مقاوەمە لەنێو سوننەی عێراق دروستبوو کە بەبڕوای ئەلنایل، پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنیی ئەوکاتی عێراق هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو هێزانە بووە "چونکە 16 ملیۆن عەرەبی سوننەی فەرامۆش کرد".

نایل بەدووری نازانێت مقاوەمە دووبارە سەرهەڵبداتەوە و دەڵێت "ئەگەر چارەسەرێکی دادپەروەرانە لە عێراق نەبێت و دەسەڵاتی میلیشیاکانی حەشد و هێزە تائیفییەکان لە وێرانکردنی ناوچەکانی عەرەبی سوننە بەردەوام بێت، جگە لە بەرگریکردن لە مافی خۆمان هیچ بژارەیەکی دیکەمان لەپێش نابێت".

عەبدولقادر پێیوایە بەشێک لەو نەهامەتیانەی بەسەر سوننەکانی عێراق دێ، بەهۆی سەرکردە سوننەکانەوەیە "چونکە ئەوان رازی بوون ببنە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی کە لە بنەڕەتەوە بۆ پەراوێزخستنی سوننە دانراوە".

ئەو سەرکردە سوننانەی کە ئێستا بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە، بەلای نایلەوە نوێنەرایەتی سوننەکان ناکەن "ئەوان لەلایەن مالیکییەوە دروستکراون بە ناوی

### مقاوەمە کۆتایی نەهاتووە

### عەممار حەکیم خۆی پێویستی بە چارەسەری سیاسییە

ئەوەی نوێنەری سوننەن، بەڵام ئەوانە نوێنەری سوننە نین. تا ئەو ساتەش سوننەکان خاوەنی سەرکردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی و ئاینین، ئەو سەرکردانەش دیار و ئاشکران، بەڵام پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی هەیە، گوشاری ئێران هەیە کە ئەوانە دەنگیان نەبێت، چونکە دەزانن ئەوانە یاریکەرانی ناوخۆی عێراق و سیاسەتی ئێستای عێراق شەرمەزار دەکەن. ئەوان دەیانەوێ ناکۆکییەکان بمێنن، هەروەها شەڕوپێکدادان لەنێو ئەو پارێزگایانە بمێنێت، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەگەر عێراق سەقامگیر بێت وڵاتانی گەورەی وەکو ئێران لەناوچەکە زیانیان بەردەکەوێت".

عەبدولقادر نایل پێیوایە هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر سوننەکان دێت بە تایبەتی لە مووسڵ، نووری مالیکی لێی بەرپرسیارە، چونکە ژینگەیەکی لەباری بۆ داعش فەراهەم کرد بۆئەوەی بێنە عێراق "دوای ئەوەی نەیتوانی شۆڕشی جەماوەری لە پارێزگای ئەنبار سەرکوت بکات، ویستی بە رێککەوتن لەگەڵ رژێمی سووریا سنوورەکان بە کراوەیی بهێڵێتەوە، کاتێک پێنج فیرقەی سەربازیی کشاندنەوە، هەروەها کاتێک چەکەکانی لەنێو ئەو سەربازگانە بەجێهێشت کە بایی زیاتر لە 30 ملیار دۆلار بوو".

دوای هاتنی داعش بۆ عێراق، بە فتوای عەلی سستانی گەورە مەرجەعی باڵای شیعەکان، حەشدی شەعبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش پێکهێنرا، زۆر کەس پێیوایە ئەگەر حەشدی شەعبی نەبووایە، داعش دەگەیشتە بەغدا، بەڵام نایل لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە و دەڵێت "ئەو بۆچوونە هیچ نرخی نییە، چونکە ئەوەی داعشی هێنا، دامەزرێنەری حەشدە".

ئەو پێیوایە حەشدی شەعبی داعشی بەهێزتر کرد و دەڵێت "حەشد رەوشەکەی قەیراناویتر کرد، بە پێچەوانەوە تواناکان زیاتر گەشەیان کرد بۆ ئەوەی پاڵپشتانی داعش بێن و چەکدارانی زیاتری بیانی بێنە ریزەکانی داعشەوە، چونکە کە میلیشیای تایفی هەبوو جنێو بە سەحابی بدات، ئەوە ئیستیفزازکردنی تەواوی ئومەتی ئیسلامە".

سەبارەت بە هەڵوێستی موقتەدا سەدریش کە داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی کردبوو، ئەو سیاسەتوانە سوننیە دەڵێت "ئەو تێدەگات کە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، قۆناغێکی گرنگە لە پرۆسەی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ عێراق".

نایل پێیوایە باشترین چارەسەر ئەوەیە دەسەڵاتی پاراستنی پارێزگاکان بدرێتەوە دانیشتووانی پارێزگاکان خۆیان "نەک دەسەڵات بدرێتە کەسانێک مالیکی دایانبنێت و لەسەر ئەو پارێزگایانە بیانسەپێنێ، لەم رووەشەوە نموونەیەک باس دەکەم، لە ئەنبار مالیکی دەهۆڵژەنی میللی و مانگادزی هێنابوو بۆ ئەوەی ببنە سەرکردەی سوننە".

بە بۆچوونی عەبدولقادر نایل دەبێ دیدارێکی راستەقینەی عێراقی هەبێت، سەرکردە عێراقییە کاراکان کۆبکاتەوە لە پێناوی سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاشتەوایی لە عێراق.

ئەو جۆرە دەستپێشخەرییانەی نایل ئاماژەیان پێدەدات، پێشتر هەبوون، لەوانەش دەستپێشخەرییەکەی عەممار حەکیم، بەڵام نایل دەڵێت "ئەو چارەسەرە سیاسییەی حەکیم باسی دەکات چارەسەرێکی بەسەرچووە، چونکە حەکیم خودی خۆی پێویستی بەچارەسەرکردنە، ئەو تا ئێستاش لە کەرادە و ناوچەی نیزال دەستی بەسەر خانووبەرەی مەسیحییەکاندا گرتووە".

### مالیکی بایی 30 ملیار دۆلار چەکی بۆ داعش بەجێهێشت

### ئەو سونانانەی لە حکومەتدان دروستکراوی مالیکین



## هاوردەی چیمەنتۆی فەلی ئێرانی رادەگیرێ

ڕووداو– هەولێر

لەسەر داوای وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوردەکردنی چیمەنتۆی فەلی ئێرانی بۆ هەرێمی کوردستان راگیرا. پێشتر لە ئێرانەوە پێنج جۆر چیمەنتۆی کەپس هاوردە دەکرا، لەگەڵ چیمەنتۆی فەل. بەڵام ماوەی چەند دەروازە سنوورییەکان بڕیاری قەدەخەکردنی چیمەنتۆی فەل جێبەجێ دەکەن. شاخەوان بەکر، بەڕێوەبەری گومرکی دەروازەی باشماخ بە ڕووداوی راگەیاند "راگرتنی هاوردەکردنی چیمەنتۆی فەل لەسەر داواکاری وەزارەتی پیشەسازی بووە و ئێستا جێبەجێ دەکرێت". لە هەرێمی کوردستان حەوت کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ هەیە و بەرهەمی ڕۆژانەیان 45 هەزار تۆنە، کە زیاترە لە پێویستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەڵام هاوردەکردنی چیمەنتۆی ئێرانیش بەردەوامە.

### بەغدا تەنیا نیو ملیۆن تۆن وەردەگرێ

# ئەمساڵ یەک ملیۆن تۆن گەنم لە دەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو– هەولێر

ئەندامێکی لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت، بەغدا ئەمساڵ تەنیا نیو ملیۆن تۆن گەنمی جووتیارانی کوردستان دەکڕێتەوە. ئەوە لەکاتێکدا پێشبینی دەکرێ بەرهەمی ئەمساڵی جووتیارانی کوردستان بگاتە ملیۆنێک و 600 هەزار تۆن.

ساڵانە لێژنەیەکی باڵای تەخمینی لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی بازرگانی، دارایی، پلاندان، کشتوکاڵ و نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران، نرخ و بڕی وەرگرتنی دانەوێڵە لە جووتیارانی عێراق دیاری دەکەن.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەمساڵ لە بودجەی حاکیمە ترلیۆنێک و 700 ملیار دینار بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و هاوردەکردنی گەنم لە دەرەوە تەرخانکراوە، ئەو بڕەش کەمە و پێداویستییەکانی دانیشتووانی عێراقی پێ دابین ناکرێت، بۆیە لێژنەی باڵای تەخمینی داوایان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە ترلیۆنێکی دیکە بۆ کڕینەوەی گەنم زیاد بکات، ئەنجوومەنیش ڕەزامەندیی داوە، بەڵام ئەم زیادکردنە پێویستی بە ڕەزامەندیی پەرلەمان هەیە".

سەبارەت بە نرخی کڕینەوە و بڕی ئەو گەنمەی بڕیارە حکومەتی عێراق لە جووتیارانی کوردستانی بکڕێتەوە، نەجیبە نەجیب گوتی: "هەرچەندە هێشتا بڕیاری کۆتایی لەسەر نرخی کڕینەوە و بڕی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران نەدراوە، بەڵام بۆچوونی لێژنەی باڵای تەخمینی و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئەوەیە ئەمساڵ تەنیا 17%ی بودجەی تەرخانکراوی کڕینەوەی گەنم، بۆ گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بێت کە دەکاتە نزیکەی 500 تاوەکو 550 هەزار تۆن".

بۆ دابینکردنی بەشە ئاردی هاووڵاتیان و پێویستییەکانی دیکە، عێراق ساڵانە پێویستی بە چوار ملیۆن و 500 هەزار تۆن گەنمە، بۆ دابینکردنی ئەو بڕەش ساڵانە بەشێکی بەنرخی پاڵپشت لە جووتیاران دەکڕێتەوە و بەشەکەی دیکەشی هاوردە دەکات.

نەجیبە نەجیب دەڵێت: "ساڵانی رابردوو وەزارەتی بازرگانیی عێراق بەپێی پلانی بەبازاڕکردن هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە گەنمی جووتیارانی کوردستانیشی دەکڕییەوە، بەڵام ساڵی رابردوو بۆ زیانگەیاندن بە ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەبیانووی کەمیی بودجە تەنیا 70%ی گەنمی جووتیارانی کوردستانیان کڕییەوە، ئەمە لەکاتێکدا 90%ی گەنمی پارێزگاکانی دیکەیان کڕیبووەوە".

د.عەبدولڕەزاق ناوەندەیی، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دەڵێت: "بۆ زیانگەیاندن بە ئابووریی هەرێمی کوردستان، لەعێراق هەوڵێک هەیە بۆئەوەی وەرگرتنی گەنمی جووتیارانیش بە سیاسی بکرێت، بەڵام وەزارەت و تەنانەت خودی سەرۆکی حکومەتیش لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا لەسەر هێڵە بۆئەوەی بەغدا پارەی ساڵانی رابردووی گەنمی جووتیاران ڕەوانە بکات و کارەکە بە سیاسی نەکرێ".

هەرچەندە تاوەکو ئێستا بڕیاری کڕینەوەی گەنمی جووتیاران بەپێوەری 17%ی بودجەی تەرخانکراوی کڕینەوەی گەنم لەعێراق نەگەیشتووەتە کوردستان، بەڵام ناوەندەیی دەڵێت "بەهیچ جۆرێک بەو بڕیارە رازی نابین و ڕەتیدەکەینەوە". گوتیشی "بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن هەوڵ دەدەین هەر هیچ نەبێت نیوەی بەرهەمی جووتیارانی کوردستان بکڕنەوە".

لە پێنج ساڵی رابردوودا ڕووبەری چێندراوی گەنم لە هەرێمی کوردستان لە ملیۆنێک و 737 هەزار دۆنمەوە بۆ 3 ملیۆن و 100 هەزار دۆنم زیادی کردووە، بڕی بەرهەمیش لە 227 هەزار تۆنەوە بۆ ملیۆنێک و 680 هەزار تۆن زیاد بووە.

ساڵی رابردوو حکومەتی عێراق بەبیانووی قەیرانی دارایی و کەمیی بودجە جگە لە کەمکردنەوەی 92 هەزار دینار بۆ نرخی کڕینەوەی هەر تۆنێک گەنم، ڕێگەی دا سایلۆکانی هەرێمی کوردستان تەنیا نزیکەی 882 تۆن گەنمی جووتیارانی کوردستان بەنرخی پاڵپشت بکڕنەوە، بەو هۆیەشەوە نزیکەی 800 هەزار تۆن لە دەرەوەی بازنەی وەرگرتن مایەوە، ئەمەش زیانی زۆری بەجووتیاران گەیاند و بەشێکیان بۆ دانەوەی قەرزی چاندن و دروێنە ناچار بوون گەنمەکانیان بەکەمتر لەنیوەی نرخی وەرگیراو لە بازاڕەکان بفرۆشن.

بەپێی نووسراوی ژمارە 6156ی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان لە 2016/10/25 کە وێنەیەکی ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی فیدراڵ کراوە، ئەمساڵ سێ ملیۆن و 552 هەزار دۆنم زەوی لە هەرێمی کوردستان بەگەنم چێنراوە، پێشبینی دەکرێت بەرهەمەکەی ملیۆنێک و 673 هەزار تۆن بێت، بۆیە ئەگەر بەغدا بڕیارەکەی خۆی جێبەجێ بکات، زیاتر لە ملیۆنێک تۆن گەنم لە دەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون و گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "بۆ بەبازاڕکردنی ئەو بەشە گەنمەی ساڵانە لە دەرەوەی بازنەی وەرگرتن دەمێننەوە، ساڵی رابردوو پرۆژەیەکمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرد کە وەک پاڵپشتی لە بەرهەمی جووتیاران، ساڵانە 500 تاوەکو 600 هەزار تۆن گەنم بەنرخێکی زیاتر لە نرخی بۆرسەی جیهانی لە جووتیاران بکڕێتەوە".

عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت "پرۆژەکەمان لەلای ئەنجوومەنی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستانە، ئەوان بەباشی دەزانن جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە، حکومەت ساڵی رابردوو نەیتوانی ئەو پارەیە بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران تەرخان بکات، بۆ ئەمساڵیش لەهەوڵداین لەگەڵ هەندێ کۆمپانیای بیانی ڕێکبکەوین کە گەنمی جووتیاران بکڕنەوە و ئێمەش وەک پاڵپشتی لە بەرهەمی جووتیاران بڕی 50 هەزار دینار بۆ هەر تۆنێک بخەینە سەر نرخەکەی".

د.ئەنوەر پلانێکی خۆیانی بۆ بە بازاڕکردنی گەنمی جووتیاران باسکرد و گوتی "بۆ کەمکردنەوەی هاوردە و پشتبەستن بە بەرهەمی خۆماڵی، داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە ڕێگەمان بدات هاوردەکردنی ئاردی سفر، ساوار، برۆیش، گەنمەکوتاو و ماکەڕۆنی و پێویستییەکانی هەویرکاری قەدەغە بکەین، یان ڕەسمی گومرگییان بخەینە سەر، تاوەکو بتوانین پێویستیی هەرێمی کوردستان لەو بەرهەمانە لە گەنمی خۆماڵی دابین بکەین".



### سویسرا گەنمی کوردیی دەوێت

بەپێی ئەو پلانەی بەغدا بۆ کڕینەوەی گەنم دایناوە، ئەمساڵ یەک ملیۆن تۆن گەنمی کوردستان لە دەرەوەی وەرگرتنی پلانی سایلۆکان دەمێنێتەوە. سەبارەت بە هەناردەکردنی ئەو گەنمەی زیادە، د.ئەنوەر عومەر گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی گوت "خواستێکی زۆر لەسەر گەنمی کوردستان هەیە، بە تایبەتی لە ئێران، ئوردن، سووریا و سویسرا، ئەوان ئامادەن بە نرخی بۆرسەی جیهان گەنممان لێ بکڕن، بەڵام ئەم نرخە بۆ جووتیارانی هەرێمی کوردستان کەمە، بۆیە تائێستا ئەو هەنگاوەمان نەناوە".

### کێڵگەکانی ناوخۆ دەتوانن دابینی بکەن



# ساڵانە 85 هەزار تۆن گۆشتی مریشک لە دەرەوە دەهێنرێ

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو– هەولێر

تا دێت وزەی ساڵانەی کێڵگە ناوخۆییەکانی پەلەوەر بەرەو هەڵکشان دەچێ، بەڵام خەریکە گۆشتی مریشکی هاوردەکراو جێ بە بەرهەمی ناوخۆ لێژ دەکات، چونکە ساڵانە زیاتر لە 86 هەزار تۆن گۆشتی مریشکی بەستوو هاوردە دەکرێت و لەسەر حیسابی مریشکی خۆماڵی لە بازاڕەکاندا ساخ دەکرێتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 1.317 پرۆژەی پەلەوەری گۆشت لە هەرێمی کوردستان هەن کە وزەی ساڵانەیان دەگاتە 150 هەزار تۆن گۆشت. ئەو بڕەش لە پێویستیی ناوخۆ زیاترە کە لە ساڵێکدا دەگاتە 134 هەزار تۆن، بەو مەرجەی هەر تاکێک ساڵانە 23.9 کیلۆ گۆشت بخوات.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت "1.317 پرۆژەی پەلەوەر لە کوردستان هەن، 35%یان بەهۆی لێشاوی گۆشتی هاوردەکراو و دابەزینی نرخ، داخراون".

سەرەڕای بەردەوامبوونی قەیرانی دارایی و ڕێگەدان بە مریشکی هاوردەکراو، بەڵام هێشتاش جوڵەیەک لە پیشەسازیی پەلەوەردا بەدی دەکرێ.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری، لە دوو ساڵی رابردوودا 152 پرۆژەی نوێی بەخێوکردنی پەلەوەر دامەزرێنراون، چەندین پرۆژەی کۆنیش نۆژەنکراونەتەوە، بەو هۆیەشەوە بەرهەمی پرۆژەکانی ناوخۆ لە 69 هەزار تۆنەوە بۆ 100 هەزار تۆن زیادی کردووە.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "ئەگەرچی ئەم بڕە بەرهەمە کەمترە لە پێداویستی ناوخۆ، دەبووایە خاوەن کێڵگەکان گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەمیان نەبێ، بەڵام بەهۆی لێشاوی بەرهەمی هاوردە، خاوەن کێڵگەکان بەرهەمەکانیان بۆ ساغ نابێتەوە، بۆیە بەناچاری بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمە فرێشەی خۆمان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێ، لەبەرامبەریشدا بەرهەمی بەستووی خراپی وڵاتان هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت و دەرخواردی خەڵک دەدرێت".

هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ، گۆشتی مریشکی بەستوو لە وڵاتانی وەکوو تورکیا، ئۆکراینا، مۆلداڤیا، جۆرجیا، بەرازیل، ئەمەریکا، فەرەنسا، هۆڵەندا و چەند وڵاتێکی دیکەوە هاوردە دەکات.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کەرەنتینی کشتوکاڵ، لە سێ ساڵی رابردوودا 204 هەزار و 500 تۆن مریشکی بەستوو هاوردەی کوردستان کراوە. هەروەها وەزارەتەکانی پێشمەرگە، تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەزاران تۆن گۆشتیان بۆ پێشمەرگە، گرتووخانە و نەخۆشخانەکان هاوردە کردووە.

د.جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتینی کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆی شارەکان، لە هەر پارێزگایەک لێژنەیەکی ئابووری هەیە مانگانە تەخمینی پێداویستیی شارەکان دەکەن و بە نووسراو بۆمان بەرزدەکەنەوە و ئێمەش بەپێی ئەو نووسراوانە مۆڵەتی هاوردەکردن دەدەینە بازرگانان".

بە گوتەی ئەو، ساڵانە 85 هەزار تۆن مریشکی بەستوو هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، تەنیا ساڵی رابردوو نەبێت کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی پەلەوەر لەو وڵاتانەی مریشکیان لێوە دەهێنرێ، مۆڵەت بە هاوردەکردنی 31 هەزار تۆن مریشک دراوە، بەڵام بازرگانان لەڕێی ئێرانەوە بە خاڵە سنوورییەکانی عێراقدا مریشکیان هێناوەتە کوردستان.

ساڵی 2015 بۆ گەشەپێدان بە بەرهەم و بەبازاڕکردنی گۆشتی مریشک بەشێوەی بەستوو، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو حەوت ملیار و 710 ملیۆن دیناری لە بودجەی پرۆژەی هاندانی کشتوکاڵی تەرخان کرد، بۆ ماوەی دوو ساڵیش خستییە بەردەم کۆمپانیاکان، بەڵام لەبەر ئەوەی پارەکە بەچەک بوو، هیچ کۆمپانیایەک پرۆژەکەی وەرنەگرت.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "ئێمە زۆر هەوڵمان بۆ ڕێکخستن و سەرخستنی پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان داوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بازرگانییەکی گەرم بە بەروبوومەکانی پەلەوەر دەکرێت و بازرگانانیش باڵادەستترن لە خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر، هەروەها وڵاتانی دەوروبەریش لەڕێگەی هەناردەکردنی بەروبوومی هەرزانتر لە نرخی خۆی، بە بەرنامە کار بۆ شکستی پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان دەکەن، ڕێکخستنێکی باشیش لەنێوان خاوەن پرۆژە و کێڵگەکان نییە، لەبەر ئەم هۆیانە تائێستا پیشەسازیی پەلەوەر نەیتوانیوە بکەوێتە سەر پێ".

ڕەمەزان دەڵێت "بازرگانان بۆ قازانجی خۆیان هەموو ڕێگەیەک دەگرنەبەر، بۆیە سێ بەرامبەری ئەو بڕە مریشکەی ساڵانە بە فەرمی ڕێگە بەهاوردەکردنی دەدرێ، بەڕێگەی جیاواز هاوردە دەکرێت".

سەرەڕای لێشاوی هاوردەکردنی مریشک و ئەو کەموکوڕییانەی لە کەرتی پەلەوەردا هەیە، بەڵام لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا پیشەسازیی پەلەوەر لەهەرێمی کوردستان گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و ژمارەی پرۆژەکان لە 840 پرۆژەوە بۆ 1.317 پرۆژە زیاد بووە، بڕی بەرهەمی ساڵانەش لە 26 هەزار تۆنەوە بۆ نزیکەی 100 هەزار تەن بەرزبووەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا تەنیا 65%ی کێڵگەکان لەکاردان.

دکتۆر سەلاح مستەفا، سەرۆکی ڕێکخراوی پەرەپێدانی پەلەوەر لە کوردستان و بەڕێوەبەری گرووپی ڤانۆ بۆ پیشەسازیی پەلەوەر، دەڵێت "ئەو هۆکارەی وای کردووە هەرێمی کوردستان سەرەڕای بوونی ژێرخانێکی باشی پیشەسازیی پەلەوەر، نەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ، ئەوەیە کە بەرپرسانی باڵای حکومەت سیاسەتێکی ڕوونیان بۆ پاڵپشتی و سەرخستنی پیشەسازیی پەلەوەر نییە و هەندێک بازرگانیش کەسانی دەستڕۆیشتوویان لە پشتە، بۆیە کەس ناتوانێ هاوردەکردنیان لێ قەدەغە بکات".



# عێراق و بەربەستەکانی بەردەم چاکسازی لە کەرتی نەوت

مانگی رابردوو، یەکێتی نیشـتمانیی کوردستان هەوڵی دا بەربەست بۆ هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردسـتان و بەغدا لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت دروست بکات و بە دەستگرتن بەسەر دامەزراوەکانی نەوتی کەرکووکدا پشکی خۆی لە داهاتی نەوت بەرز بکاتەوە.

ڕووداو ـ Stratfor

عێراق ماوەی 10 ساڵە لەسەر هەمواركردنی یاسای نەوت مشتومڕ دەکات لەکاتێکدا پەرلەمان بەردەوام ئەو هەموارانەی رەتکردوونەتەوە، ئێستاش ئەگەری پەسەندکردنی یاسای نوێی نەوتی عێراق لەجاران زیاتر نییە. حکومەتی عێراق یەکەمجار رەشنووسی پرۆژە یاسای نەوتی عێراقی لە شوباتی 2007 پێشکەش کرد، ئامانج لەم هەنگاوەش بوژاندنەوە و نوێکردنەوەی کەرتی نەوت و غازی عێراق بوو لە پاش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن. لە ماوەی ئەو 10 ساڵەدا ئاماژە بە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی ئیفلیجبوونی هەوڵەکانی بەغدا بۆ چاکسازی لە پیشەسازیی نەوت نەکراوە، بەم حاڵەشەوە سەرکردەکانی عێراق کۆڵیان نەداوە و لە هەوڵەکانیان بەردەوامن. بۆ نموونە عەبدولجەبار لعێبی کە لە مانگی ئابی رابردووەوە پۆستی وەزیری نەوتی عێراقی وەرگرتووە، سیاسەتی وزەی عێراقی بە ئاراستەیەکی پراگماتیکیدا بردووە.

پەرلەمانی عێراق لە داهاتوویەکی نزیکدا لەسەر بیرۆکەی گەڕاندنەوەی کۆمپانیایەکی نیشتمانیی نەوت مشتومڕ دەکات، ئەرکی ئەو کۆمپانیا نیشتمانییەش چاودێریکردنی کۆمپانیا بچووک و ناوچەییەکانی عێراق دەبێ. لعێبی رایگەیاندووە کە بەغدا دەیەوێ مۆدێلێکی نوێ لە گرێبەستی نەوتی لەگەڵ وەبەرهێنەرە بیانییەکان ئامادە بکات.

عەممار حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعە، کۆمەڵێک پلانی وەکوو پێشنیاز خستووەتەروو بۆ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان کۆتایی بەو بنبەستە سیاسییە بهێنن کە عێراقی تێکەوتووە. بەڵام لەگەڵ ئەم هەوڵەشدا ناکۆکی و جیاوازیی روانگەی نێوان کورد، عەرەبە سوننەکان و عەرەبە شیعەکان بەربەستی گەورە بۆ پێشکەوتنی کەرتی نەوت و غازی عێراق دروست دەکات، بە تایبەتیش لەکاتێکدا کە هەڵبژاردنەکان بەڕێوەن.

## نەخشەی کێڵگەکانی نەوتی عێراق و ناکۆکییەکان

نەخشەی کێڵگەکانی عێراق ئەو تەحەدایانە دەردەخات کە بۆ چارەسەری کێشەی نەوت رووبەڕووی حکومەتی بەغدا دەبێتەوە. بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق کە بەم نرخە کەمەی ئێستاش 30%ی تێکڕای بەرهەمی ناپوختەی نێوخۆیی وڵات پێکدەهێنێ، لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی عێراق چڕبووەتەوە. پارێزگای شیعەنشینی بەسرە، لە باشوور، نزیکەی دوو لەسەر سێی کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک ئەگەر پارێزگای بەسرە خۆی وڵات بووایە، دەیتوانی لە نێوان 10 گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوتی جیهاندا بێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان کە لەژێر کۆنترۆڵی کورددان، 13%ی کۆی نەوتی عێراق بەرهەمدەهێنن. ناوچەی عەرەبە سوننەکانیش لە نێوەڕاست و رۆژئاوای عێراق بەرهەمهێنانی نەوتیان ئەوەندە کەمە کە هی ئەوە نییە باسبکرێ.

ئەم دابەشبوونە نایەکسانە جوگرافییەی کێڵگەکان، وای کردووە نەوت ببێ بە بابەتێکی مشتومڕی بەردەوام لە نێوان پێکهاتە ئەتنیکی و تایفییەکانی عێراق. بەڵام پاش هێرشەکانی ساڵی 2003ی ئەمریکا بارودۆخەکە گۆڕا. شیعە و کورد کە دوای رووخانی رژێمی بەعس دەسەڵاتیان بەدەستهێنابوو، عەرەبە سوننەکانیان لە مەیدانی سیاسەتی عێراق دوورخستەوە. لە ساڵی 2005 رەشنووسی دەستووری عێراق ئامادە کرا کە تێیدا سوننەکان کەمترین قسەیان هەبوو، لەو رەشنووسەدا ئەوە پشتگوێ خرابوو هەرکام لە ناوچە و هەرێمەکان لە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵیدا چ دەسەڵاتێکیان دەبێ.

ئەو پشتگوێخستنە کێشەی گەورەی بۆ پیشەسازیی نەوت و غازی عێراق دروستکرد. لە دەستووردا مافی چاودێریی کێڵگە بەرهەمهێنەرەکان بە حکومەتی فیدراڵ درابوو، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە چارەنووسی ئەو کێڵگانە نەکرابوو کە هەتا ئەو کات نەکەوتبوونە بواری بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو دەستوور تەنیا داوای کردبوو بەغدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکاندا کار بکات بۆ ئەوەی ستراتیژێک بۆ پێشخستنی پیشەسازیی نەوتی عێراق دابڕێژن. بۆیەش ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی کورد دەڵێن لەچوارچێوەی یاسای نەوت و غازی پەسەندکراوی 2007دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بکات، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی کارابوونی دەستووردا هێشتا نەوتیان بەرهەم نەدەهێنا.

لەلایەکی دیکەوە بەغدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەپێی دەستووری عێراق پێویستە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵیی عێراقەوە پەسەند بکرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ کاری پێبکرێ.

هەڵبەت سەیریش نییە کە عەرەبە سوننەکان پشتگیری لەوە بکەن حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی دابەشکردنی یەکسانی داهاتی نەوت و غازی عێراق بکات، بەو پێیەی ناوچەکانیان رێژەیەکی کەم لە سەرچاوەکانی وزەی تێدایە.

سەرئێشەیەکی دیکە کە رەنگە هێندەی مشتومڕی نێوان بەغدا و هەولێر بۆ پیشەسازیی نەوتی عێراق کێشەساز بێ، ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگای عەرەبی شیعەی عێراقە کە رەنگە چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە لە ناکۆکییەکەی نێوان بەغدا و هەولێر سەختتر بێ. حیزبە شیعەکانی عێراق هەموو کات روانگەی جیاوازیان بۆ پرسە جۆراجۆرەکان، لەوانەش نەوت، هەبووە. بۆ نموونە لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق داوای کرد هەرێمێکی شیعە لەسەر مۆدێلی هەرێمی کوردستان پێکبهێنن کە نۆ پارێزگای شیعە لەخۆبگرێ. ئامانجی ئەو پێشنیازە ئەوە بوو شیعەکان کۆنترۆڵێکی زیاتریان بەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە پارێزگا نەوتییەکان هەبێ، بەڵام نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و سەرۆکی پارتی دەعوە، بەربەستی بۆ ئەو پێشنیازە دروستکرد، مالیکی دەیویست کۆنترۆڵێکی توندتری بەسەر داهاتی نەوتی عێراقدا هەبێ بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە پەرە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. ئەوەش کە مەسەلەکان ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە بەسرە لە هەندێک کاتدا پێشنیازی ئەوەی کردووە هەرێمی خۆی هەبێ، ئەو هەنگاوە دانیشتووانی عەرەبی شیعەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق لە بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو پارێزگایە دادەبڕێنێ.

ناکۆکییە تایفی و سیاسییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی چاکسازیی کەرتی نەوت بۆ ماوەی 10 ساڵ بوەستێ. کەرتی وزەی عێراق کۆمەڵێک کێشەی دیکەشی هەیە کە دەبێ چارەسەریان بکات (لەوانەش کۆنترۆڵکردنی دوو کێڵگەی نەوتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە کاتی شەڕی مووسڵدا کە پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدادا بوون، بەم حاڵەشەوە یاسای نەوت و غاز بایەخی لەو کێشانە کەمتر نییە. بەپێی دەستووری عێراق هەتا ئێستاش بە یاسای کۆنی نەوت و غاز کار دەکرێ، ئەوەش بەو مانایە بەغدا هەتا ئێستاش گرێبەستێک پێشکەش بە وەبەرهێنەرە بیانییەکان دەکات کە مەرجەکانی بەسەرچوون و هی سەردەمی خۆماڵیکردنی کەرتی نەوتی عێراقن. ئەگەر عێراق یاسایەکی نوێی نەوت و غاز پەسەند نەکات، ناتوانێ کۆمپانیا بیانییەکان هانبدات بێن لە کەرتی نەوت و غازی ئەو وڵاتەدا وەبەرهێنان بکەن.

## ستراتیژێک کە چاکسازیی تێدا کراوە

لە چەند ساڵی رابردوودا، سیاسییەکانی عێراق زیاتر هەستیان بەو واقیعە کردووە، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی دابەزینی نرخی نەوت باری دارایی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتە هەرێمییەکانی قورس کردووە. سەرهەڵدانی داعش کە لایەنە ناکۆکەکانی عێراقی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوژمنە لێک نزیک کردەوە، کەوتنی مالیکی، کە بەردەوام هەوڵی دەدا دەسەڵاتی بەسەر داهاتەکانی نەوتدا زیاتر بێ و دابەزینی نرخەکانی نەوت، سەرکردەکانی عێراقی هان دا بە شێوازی مامەڵەکردنی خۆیان لەگەڵ کێشەکانی نەوتدا بچنەوە.


(فۆتۆ: AFP)

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، ناچار بووە کۆمەڵێک چاکسازی بکاتە ئەولەوییەتی کاری حکومەتەکەی، بۆ ئەوەی یەکرێزی لەرزۆکی لایەنە سیاسییەکان لە دژی داعش بپارێزێ. جیا لەمە، پارێزگاکانی عێراق لە هەندێک رووی حوکمڕانییەوە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمییان پێدراوە. حکومەتی فیدراڵیش دەسەڵاتی خۆی بەسەر پیشەسازیی نەوت و غازی عێراقدا کەمڕەنگتر کردووە. لە سەرەتای 2016 بەغدا بڕیارێکی دەرکرد کە بە هۆیەوە کۆمپانیای نەوتی باشوور بەسەر کۆمپانیای نەوتی زیقار و کۆمپانیای نەوتی بەسرەدا دابەش بوو، هەر یەکە لەم دوو کۆمپانیایە چاودێری بەرهەمهێنانی نەوت لە پارێزگاکانی شوێنی چالاکییەکانی خۆی دەکات.

لەلایەکی دیکەوە عەبادی، لەژێر گوشاری موقتەدا سەدر، ناچار بوو کابینەکەی خۆی بۆ کابینەیەکی تەکنۆکراتتر بگۆڕێ، بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە بەرەنگاری ئەو گەندەڵییە ببێتەوە کە بەرۆکی حکومەتی عێراقی گرتووە. وەکوو بەشێک لەم گۆڕانکارییانەش، عەبادی بیری لە دانانی وەزیرێکی نەوتی کورد کردبووەوە، بۆ ئەوەی بەهێزترین پۆستی ناو پیشەسازیی نەوتی عێراق وەربگرێ، بەڵام دواتر لعێبی دانرا کە کاندیدی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق بوو.

لعێبی لە ماوەی کارکردنی خۆی وەکوو وەزیری نەوتی عێراق سەرقاڵی چاکسازی بووە. بەرلەوەی ئەو پۆستە وەربگرێ، بە کەسێکی تەکنۆکرات لەقەڵەم دەدرا، لە ساڵانی نێوان 2003 بۆ 2008 کۆمپانیای نەوتی باشووری بەڕێوە بردووە کە دەکاتە ساڵە بەرایییەکانی کارکردنی کەرتی نەوتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لە دوای رووخانی بەعس. هەڵبەت دەنگۆی ئەوەش هەیە کە مالیکی، لعێبی لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمپانیای نەوتی باشوور لادا بۆ ئەوەی خۆی بتوانێ کۆنترۆڵی بەسەر کۆمپانیاکەدا هەبێ. جیا لەمە ئەو یەکەم بەسراوییە لە چەندین ساڵی رابردوودا کە پۆستی وەزیری نەوتی عێراقی وەرگرتبێ. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، وەزیری نەوتی عێراق لە کاتی دەستبەکاربوونیەوە، بەشێوازێکی واقیعیانە مامەڵەی کردووە. بۆ نموونە، ماوەیەک دوای دەستبەکاربوونی وەکوو وەزیر یەکسەر رایگەیاند کە وەزارەتەکەی دەیەوێ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دانوستاندن بکات. دوای مانگێک بەغدا و هەولێر رێککەوتن لەسەر ئەوەی بە هاوبەشی نەوتی بەرهەمهاتووی کەرکووک لە رێگەی کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە هەنادرە بکەن و داهاتەکەش بەش بکەن.

بەمدواییەش دوایین هەنگاوەکانی کەرتکردنی کۆمپانیای نەوتی باشووری ناوە و رێوشوێنەکانی گەڕاندنەوەی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراقی پەرە پێداوە.

رەنگە لە چاو هەموو پرۆژەیاساکان، پرۆژە یاسای گەڕاندنەوەی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق کەمتر جێگەی مشتومڕ بێ. لە ساڵی 1987ەوە عێراق کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی نییە و کۆمپانیا نەوتییەکان بەپێی ناوچەکانی بەرهەمهێنانی نەوت دابەشبوون، هەتا ئێستاش ئەو کۆمپانیایانە لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی وەزیری نەوتدان. لەوانەیە زیندووکردنەوەی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق وابکات وەزارەتی نەوت لە کۆمپانیاکانی نەوتی وڵات دووربکەوێتەوە و زیاتر فۆکەس بخاتە سەر دانانی پرۆژەیاسا و رێنمایی. بەڵام جگە لەوە گۆڕانکارییەکی گەورە و ریشەیی لە پیشەسازی نەوتی عێراقدا ناهێنێتە ئاراوە.

دوایینجار کە لە مانگی ئاداری پارساڵ، گفتوگۆ لەسەر رەشنووسی یاسای نەوت و غازی عێراق کرا، لایەنە کوردییەکان دژی پرۆژەکە وەستانەوە، چونکە کێشەیان هەبوو لەگەڵ ژمارەی ئەو کێڵگە نەوتییانەی کە دەبووایە بخرێتە ژێر چاودێری کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق.

بەدەر لە هەموو ئەمانە، هەتا ئێستا دیار نییە ئاخۆ گرووپە سیاسییەکانی عێراق وەکوو عەبادی و لعێبی خوازیاری چاکسازین لە کەرتی وزە یان نا. هەتا ئێستاش ناکۆکی لەنێو هێزە کوردییەکان، عەرەبە سوننەکان و عەرەبە شیعەکاندا هەیە، ناکۆکییەکەش تەنیا لە نێوان ئەو سێ لایەنەدا نییە، بەڵکو لە نێوخۆی هەرکام لە لایەنەکانیش ناکۆکیی دیکە هەیە و ئەم ناکۆکییە نێوخۆیی لە ئاستە سەرانسەرییەکەدا رەنگدانەوەی دەبێ. بۆ نموونە، مانگی رابردوو، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەوڵی دا بەربەست بۆ هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بەغدا لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت دروست بکات و بە دەستگرتن بەسەر دامەزراوەکانی نەوتی کەرکووکدا پشکی خۆی لە داهاتی نەوت بەرز بکاتەوە. جگە لەمە، هەتا ئێستاش مشتومڕێکی توند لە نێوان کوردی عێراق و عەرەبە سوننەکاندا هەیە سەبارەت بەوەی عێراق دەبێ هەتا چ ئاستێک بە فیدراڵی بکرێ.

## هەمان تاس و حەمام

هەتا ئێستاش ژمارەیەک لە سیاسییەکانی عێراق پرۆژەی گۆڕانکارییان هەیە. لە مانگی ئۆکتۆبەردا، عەممار حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق، پلانێکی راگەیاند کە تێیدا پێشنیازی دیالۆگی نێوان لایەنە جیاوازەکان بۆ ئاشتەوایی دەکات. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو پلانە کە بە "چارەسەری مێژوویی" ناوی دەرکردووە، فراوانکردنەوە و فەرمیکردنی فیدراڵیزمە لە عێراق، ئەوەش خاڵێکە کە ئەنجوومەنی باڵا ماوەیەکی زۆرە پشتگیریی لێدەکەن. حەکیم بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری لە پلانی دیالۆگەکەی رووی لە سەرکردە کوردەکان نا، بۆیەش خۆی و شاندێکی باڵا لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. موقتەدا سەدریش کە رکابەری ئایدیۆلۆژیی حەکیمە، بۆ ئەوەی دوانەکەوێ، لە مانگی شوباتدا پلانێکی خۆی خستەڕوو. بە بەراورد لەگەڵ پێشنیازەکەی حەکیم، پلانەکەی سەدر زیاتر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی عەرەبە سوننەکاندا یەکدەگرێتەوە، بۆ نموونە تێیدا باس لە دەسەڵاتێکی ناوەندیتر و چەککردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکات کە زۆرینەیان شیعەن.

هاوکات لەگەڵ ئامانجی ئەم دوو سەرکردەیە بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی، هەردووکیان لەکاتی دانانی چوارچێوەی پلانەکەیان بیریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیش کردووەتەوە. هێزە شیعەکانی عێراق یەکڕیز نین، هۆکاری ئەوەش کە پۆستە هەرە گرنگەکانی حکومەتیان بەدەستە، ئەوەیە عێراق وڵاتێکی زۆرینە شیعەیە. لە پاڵ سەدر و حەکیم، مالیکیش لە ناوچە شیعەنشینەکاندا لایەنگری زۆری هەیە، هەرچەندە بە کەسایەتییەکی دروستکەری ناکۆکیش دەزانرێ. لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و کۆتایی جەنگی مووسڵ، هەرکام لە سەرکردەکان هەوڵ دەدات بە شێوازێک کاریگەری لەسەر عێراق دروست بکات کە لە خزمەتی ئامانجە سیاسییەکانی خۆیدا بێ. جیا لەمە هێزە بیانییەکانی وەکوو ئەمریکا، ئێران، تورکیا و سعودیەش دەیانەوێ بەپێی ئەجێندای خۆیان داهاتووی عێراق شێوەگیر بکەن، ئەوەش پرۆسەی ئاشتەوایی هێندەی دیکە ئاڵۆزتر دەکا.

گومانی تێدا نییە کە بنبەستی سیاسیی عێراق بەردەوام دەبێ. ئاکامی ئەم بنبەستەش بۆ کەرتی نەوت و غازی عێراق دیارە چی دەبێ. ئەگەر تەنانەت حکومەت بتوانێ یاسای کۆمپانیای نیشتمانیی نەوت پەسەند بکات، چاکسازییەکانی کەرتی وزە کە 10 ساڵە لە عێراق نەیتوانیوە دەستەبەری بکات، لە داهاتوویەکی نزیکدا جێبەجێ ناکرێ. لە رەوشێکی ئاوهادا، سەرکردەکانی عێراق دەبێ بەردەوام پشت بە دەسەڵاتی ئیداری و وەزاریی خۆیان ببەستن بۆ ئەوەی لێرە و لەوێ و بەشێوازێکی ناسیستەماتیک چاکسازیی بکەن.



## فەریقی دوو گۆرانی کلیپ دەکات

**دەریاز یونس / ڕووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد لەیلا فەریقی رایدەگەیەنێت کە لە ماوەی داهاتوودا دوو کلیپی دیکەی گۆرانی بڵاودەکاتەوە، هەردوو کلیپەکەش لە لوبنان وێنە دەگرێت. لەیلا فەریقی بە (ڕووداو)ی گوت "گۆرانییەکی نیشتمانی بۆ کوردستان بەم نزیکانە کلیپ دەکەم، دواتریش یەکەم گۆرانی ئاشقانە لە نێو ئەلبوومەکەمدا کلیپ دەکەم، تا ئێستا پلانەکە بەمشێوەیە کە هەردوو گۆرانییەکە لە لوبنان کلیپ بکەین". لەیلا فەریقی باس لەوەش دەکات کە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی و لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا ئەلبوومێکی نوێ لە دوای 10 ساڵ دابڕان و دوورکەوتنەوە لە کاری هونەری، بڵاودەکاتەوە.

### دەیەوێت ڕوانگەی کۆمەڵگا بگۆڕێت

# کچێکی کورد لەسەر شەقامەکانی هەولێر سەما دەکات

### باوکی ڕوان: هەتا ماوم پاڵپشتیی دەکەم



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بە سەماکانی لەسەر شەقام و باڵەخانە و شوێنە گشتییەکان، سەرنجی هەزاران کەسی لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان ڕاکێشاوە. ئەو کارەی ڕوان نەک باوکی تووڕە نەکردووە، وەک ئەو باوکانەی سەماکردنی کچ بە عەیب دەزانن، بگرە پاڵپشتیشی دەکات.

باوکی ڕوان، پێشمەرگەیەکی دێرینە، هەرچەندە جیهانی ئەو و ڕوان زۆر لەیەک جیاوازن، بەڵام هەرگیز ڕێگریی لە کچەکەی نەکردووە. ئەو دەڵێت "ئێمە پێشتر بە چەک پارێزگاریمان لە کوردستان کردووە، ئێستا کاتی ئەوەیە کچەکەم بە هونەر خەبات بۆ کوردستان بکات، بۆیە هەتا من مابم پاڵپشت و هاوکاری دەبم".

ڕوان لە ژوورێکی بچووکەوە دەستی پێکرد، ئەو ئێستا بەشێوەیەکی دیکە دەڕوانێتە ژیان، دەیەوێت بەرەنگاری ئەو کولتوورەی کۆمەڵگە ببێتەوە کە ئەو بە سەقەتی دەزانێت، بۆ ئەمەش پەنای بۆ سەماکردن لەسەر شەقامەکان بردووە.

ڕوان دەربارەی ئەم کارەی دەڵێت: "سەماکردنی من لەسەر شەقامەکانی هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە من دەمەوێت بە هەموو خەڵکی بڵێم، کە کچیش توانا و بەهرەی خۆیان هەیە، بۆیە من هەمیشە لەسەر شەقام سەما دەکەم، بۆ ئەوەی ببمە نموونەیەک بۆ ئەو کچانەی حەز و خولیا و بەهرەیان هەیە، بەڵام دەترسێن لەوەی خۆیان دەربخەن".

ئــەوەی ڕوان لــە ســەماکارەکانی دیکــە جیادەکاتــەوە، ئەوەیــە کــە لــە جیاتــی ستێج و تەختی شانۆ، شەقام و باڵەخانە و شــوێنە گشــتییەکانی بــۆ ســەماکردن هەڵبــژاردووە. ڕوان گوتــی " پێموایــە کچــەکان دەتوانــن لەســەر شــەقام پەیامەکانی خۆیــان زووتر بە کۆمەڵــگا بگەیەنن، من لــە ڕێگــەی ئێــوەوە بــەو دایــک و باوکانــە دەڵێــم کــە ڕێگری لــە کچەکانیــان دەکــەن حــەز و خولیاکانــی خۆیــان بهێننــە دی، دەڵێــم ئێســتا کاتــی ئەوەیــە هــاوکار و پاڵپشــتی منداڵەکانتــان بــن، ڕەنگــە ئــەوەی بــە سیاســییەکان نەکــراوە لەڕێگــەی هونــەرەوە لەســەر دەســتی نــەوەی نــوێ بــە باشــترین شــێوە بکرێــت و پەیامەکانــی گەلــی کوردیــش بــە ئاســانی بــە هەمــوو جیهان بگەیەنــدرێ".

باوەشی برا گەورەشی، هەمیشە هاوکار و پاڵپشتی ئەو بووە، تەنانەت لەسەر شەقامەکانیش لەگەڵ ڕوان پێکەوە سەما دەکەن و لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بڵاوی دەکەنەوە، باوەش دەڵێت "ڕوان هەر تەنیا لە سەماکردن لێهاتوو نییە، بەڵکو لە میوزیکژەنینیش لە قوتابخانەکەی خۆی لە پێشەنگەکانە. من بە شانازییەوە هەمیشە هاوکاری ڕوانم بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی، من دەزانم ڕوان خەونی زۆر گەورەی هەیە. ئێمە هەموومان لەماڵەوە هەوڵ دەدەین ئەو خەونانەی ڕوان بکەینە ڕاستی، چونکە دڵنیاین بەهرەو توانای ئەو کچە زۆر لەوە زیاترە کە ئێستا دەیبینن".

سەرەتای دەرکەوتنی ڕوان لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان کێشەی بۆ باوک و دایکی دروست کردووە، بەشێک لە خەڵکی لۆمەی باوکیان کردووە، بەڵام ئەوە لە پاڵپشتییەکانی ئەوی بۆ کچەکەی کەم نەکردووەتەوە.

جەواد، باوکی ڕوان دەڵێت "سەرەتا لە زۆر لاوە گلەیی لە ڕوان کرا کە ئەو کارەی دەیکات لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگا ناگونجێ، بەڵام من گوێم پێنەدا، دەبێت کۆمەڵگای کوردی سنووری بیرکردنەوەیان فراوان بکەن، بەداخەوە بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی هێشتا بە بیری کۆن دەڕواننە ژیان، بەڵام ئیدی باوی ئەوە نەماوە ڕێگری لە حەزو خولیای منداڵەکانمان بکەین".

ڕوان زۆر سەرسامە بە سەما و گۆرانییەکانی شاکیرا، بەڵام نایەوێت کۆپیی ئەو بێت. ڕوان گوتی "سەرەتا لەسەر گۆرانییەکان و سەماکانی شاکیرا دەستم بەسەماکردن کرد، بەڵام هەرگیز نەمویستووە کۆپی ئەو بم، هەمیشە دەمەوێت ئەوەی من دەیکەم جیاواز بێت لە خەڵکی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا کەس وەکو مامۆستای سەماکردن لە کوردستان نەبووە تاوەکو هاوکاریم بکات، بۆیە بەردەوام تیقی بووەتە مامۆستای من، هەروەها مامۆستاکانیشم لە قوتابخانە زۆر هاندەرمن، سوپاسیان دەکەم".

ڕوان لە کوردستان بەشداری لە چەندین بەرنامەی بەهرەداراندا کردووە، لە هەمووشیان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، باوکی دەڵێت "ڕۆژێک ڕوان هاتە لام و گوتی باوکە حەز دەکەم بەشداری لە بەرنامەیەک بکەم بەناوی تۆ جیاوازی، منیش پێمگوت ئەگەر خۆت حەز دەکەی و باوەڕت بەخۆت هەیە بەشداری بکە، دواتر بەشداری کرد و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئێستاش لە قوتابخانە هەر چالاکییەک هەبێت لە بواری میوزیک و گۆرانی و سەما، ڕوان بەشداری دەکات".

ڕوان چەندین جۆرە سەما دەکات کە لە کوردستان خەڵک کەمی لەبارەوە دەزانن. ڕوان دەڵێت "هەڵبەتە من چەندین جۆرە سەما دەزانم، وەکو سەمای هیپ هۆپ، تانگۆ، سویت دانس و پۆپینگیش دەکەم، زۆربەی سەماکانی دیکەش دەزانم، بەڵام بەشێوازێکی باش پرۆڤەم لەسەر نەکردوون، حەز دەکەم هەرچی دانس هەیە لە جیهان هەمووی بەجوانی فێربیم".

ڕوان جەواد لە ڕواندز لەدایک بووە، ماوەیەکی زۆرە لە هەولێر لە ناحیەی عەنکاوە نیشتەجێن. ڕوان سێیەمین منداڵی خێزانەکەیەتی و ئێستا لە پۆلی شەشی بنەڕەتی دەخوێنێت، بەڵام لەگەڵ خوێندنەکەی هونەری سەماکردنیشی فەرامۆش نەکردووە، وەک باوکی دەڵێت ڕوان یەکێکە لە قوتابییە هەرە زیرەکەکانی قوتابخانەکەی، بۆیە هەمیشە مامۆستاکانی سوپاسی باوکی ڕوان دەکەن کە توانیویەتی ئەو هاوسەنگییە لە نێوان هونەر و خوێندنەکەی ڕابگرێت و کاریگەری لەسەر خوێندنەکەی نەبێ.

## ژالیا بە چوارپارچەی کوردستاندا دەگەڕێت



**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

ژالیـا سـیروان، شـاجوانی 2016ی باشـووری کوردسـتان بڕیـاری داوە لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بکات.

ژالیـا لەبـارەی ئـەو پرۆژەیە بـە تـۆڕی میدیایـی (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆژەیەکم بەدەستەوەیە سەردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بکەم، گرنگترین سـەردانیش بۆ مـن ڕۆژئاوای کوردسـتان دەبێت، چونکە بارودۆخی ڕۆژئاوا لە پارچەکانی دیکە جیاوازە".

هەروەها گوتی "دیاری بۆ منداڵانی کۆبانێ دەبەم و سەردانی ئەو ناوچانە دەکەم کە پێشتر لە سایەی حوکمی داعش وێران کـراون. ئـەو پرۆژەیەم لە قۆناغی کۆتاییدایە و ئەگەری هەیە لە هاوینی ئەمساڵدا دەستی پێبکەم".



## ژاڵە کاتی نییە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ژاڵـە تۆفیق، شـاجوانی 2016ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت لە ئەمەریکا، ماوەی دوو هەفتە لە باشووری کوردستان مایەوە و چەند پرۆژەیەکی خێرخوازی لە ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان جێبەجێ کرد.

ژاڵە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گەشـتەکەم زۆر کورت بوو بۆ کوردستان، بەڵام پڕ کار و بەرهەم بوو، شانازی بە چالاکییەکانی خۆمەوە دەکەم لەم ماوەیەدا کە سەردانی منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە و سەردانی گەرمیانم کرد".

ژاڵـە دەڵێت بەهـۆی ئەنجامدانی کار و پرۆژەی خێرخوازی، کاتی بۆ خێزانەکەی دانەنا و نەیتوانی زۆر لەگەڵ کەسوکارەکەی بمێنێتەوە.

ئەو گوتیشـی کە لە دوای تەواوبوونی ماوەکەشـی وەکو شـاجوان، دەیەوێـت لـە ئەنجامدانـی پـرۆژە و کاری خێرخوازی بـەردەوام بێت، لەوبارەوە گوتی "ناسـناوی شـاجوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دەرگایەک بـوو بۆ من کرایـەوە، لە ڕێگەی ئەو دەرگایـەوە توانیم پردی بەهێز بۆ بەردەوامبوونی کارەکانم دروستبکەم".



## دەشنێ بۆ زبڵی ئێوە گەڕاوەتەوە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

دەشـنێ موراد، خانمە هونەرمەند و پێشکەشکاری تەلەڤزیۆنی ڕایدەگەیەنێت کە ئەم بەهارە گەڕاوەتەوە کوردسـتان نەک بۆ ئەوەی بچێتە گەشـت و سەیران، بەڵکو بۆ ئەوەی ژینگەی ناوچە گەشـتیارییەکان لە پاشـماوە و زبڵ و خاشـاک پاک بکاتەوە.

دەشـنێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من ژینگەی کوردسـتانم زۆر خۆشـدەوێت، چەندین پرۆژەم لەبەردەسـتن بۆ پاککردنەوەی ژینگەی کوردسـتان و ئێسـتاش گەڕاومەتـەوە بـۆ ئـەوەی ژینگـە و ناوچە گەشـتیارییەکان لە زبڵ و خاشـاکی گەشتیاران پاک بکەمەوە".

گوتیشـی "لە داهاتوودا لە پرۆژەکانم بۆ پاککردنەوەی ژینگە بەردەوام دەبم، پلانیش دادەنێم بۆ ئامادەکاری و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لەبارەی پاراستنی ژینگەی کوردستان".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (454) - دووشەممە 2017/4/24




## ڤیزای سربیا بە خۆڕاییە

ڕووداو- بەغدا

هەردوو حکومەتی عێراق و سـربیا ڕێکەوتنێکیان واژۆکرد بۆ کردنەوەی هێڵی ئاسـمانی لە نێوان هەردوو وڵات لەمەودوا بێ بەرامبەر ڤیزا دەدرێت بەهاوڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان. وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاند "کازم فنجان حەمامی وەزیری گواستنەوە گرێبەستێکی لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری بنیاتنانەوە و گواستنەوەی سربیا ئیمزا کردوە". هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "بەپێی گرێبەستەکە هێڵی فڕۆکەوانی نێوان عێراق و سربیا دەکرێتەوە و بەخۆڕایی ڤیزا بە هاوڵاتیان هەردوو وڵات دەدرێت بەمەبەستی گەشتکردن".

## پۆلیسی سوێد دەست بە ڕاوەدوونانی کۆچبەری نایاسایی دەکات

# پارتی ژینگەی سوێد داوای کەلەپچەی ئەلیکترۆنی بۆ کۆچبەران دەکات

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

پۆلیسی سوێد بە هاوکاریی دەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتە، هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینی بۆ ئەو کۆچبەرانە دەستپێکردووە کە بڕیاری دەرکردنیان لە سـوێد بۆ دەرچـووە و خۆیان حەشـارداوە. میدیاکانی سـوید ژمارەی ئەو کۆچبەرانە بە 19 هەزار کەس مەزندە دەکەن.

ئـەو هەڵمەتـەی پۆلیسـی سـوێد، نوێترین پەرچەکـرداری ڕووداوەکـەی شـەقامی شـاژن (drottninggatan)ە کـە کۆچبەرێکـی بەڕەچەڵەک ئۆزبەکی بە ئۆتۆمبێلێک خۆی کرد بەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا و چوار کەسـی کوشت و دەیانی دیکەشی بریندار کرد.

هەڵمەتەکەی پۆلیس بۆ ئەو کۆچبەرانەیە کە داوای مافی پەنابەرییان ڕەتکراوەتەوە و بڕیاری دەرکردنیان دراوە.

توندیی مامەڵەی پۆلیس لەلایەک و ڕێسـای نوێی سـوێد بەرامبەر کۆچ، پەنابەرانی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە. تەنانەت ئەو کۆچبەرانەشـی کە کێشـەی مانەوەیان نییە، لە دواڕۆژی خۆیان دڵنیا نین.

مەجید ڕەسوڵ، کۆچبەری کوردی دانیشتووی سوێد، پێشـتر داواکەی ڕەتکراوەتەوە، بەڵام لە ڕێگەی پارێزەرەوە لـە هەوڵی پێداچوونەوەدایە بـە کەیسـەکەی. ئەو ئێسـتا ناوێرێـت بەدوای کەیسـەکەیدا بڕوات و دەترسـێ لەوەی پۆلیس قۆڵبەستی بکەن و دیپۆرتی بکەنەوە.

مەجید گوتـی "پارێزەرەکەم پێیگوتم ئەگەر بچمـە میگراخۆن (فەرمانگەی کـۆچ)، ئەگەری هەیە بگیرێم و سـنوورداش بکرێمەوە". مەجید ماوەی چوار سـاڵە لە سوێد دەژی، زۆربەی ئەو ماوەیەی بە خۆشـاردنەوە بەسەر بردووە، تەنیا ئـەو ماوەیە نەبێت کـە پارێزەرەکەی هیوایەکی پێدابوو، بەڵام ئێسـتا دەڵێت "دەبێت لەمەودوا خۆم بشارمەوە، بەهیچ شێوەیەک خۆم پێشانی پۆلیس نەدەم".

دەستکەوتنی کاری سپی و دانی باج، یەکێک لـە هیواکانی مەجید بووە، بـەڵام دەبێت واز لە کارەکەشی بهێنێت، چونکە دوور نییە دەستگیری بکەن و سنوورداشی بکەنەوە.

میکـی دیمتـرۆف پارێزەری مەجیـد دەڵێت :"ڕێکارە ئەمنییەکان بەشێوەیەک قورس کراون کـە کـەس هیچـی پێناکرێـت". دیمتـرۆف کە شـارەزایی لە پرسـی پەنابەران هەیە و خاوەنی چەندین کەیسی لەم شێوەیە بووە لە ڕابردوودا، بـە (ڕووداوی) گوت "دەیان هـەزار کۆچبەر بە نائارامی دەژین، چونکە پۆلیس بەمەبەستی گرتن و ناردنەوەیان بەدوایاندا دەگەڕێت".

گـەڕان لـەدوای ئـەو کۆچبەرانـەی مافـی مانەوەیان نییە و دەبێت سوێد جێبهێڵن چووەتە قۆناغی پراکتیکەوە. بۆ هەندێک کەیس دامەزراوە هەواڵگرییەکانـی وەکو (säpo) ش بەشـداریی دەکەن. ئەو کەسانەش بە توندی سزا دەدرێن کە داڵدەی کۆچبەرە نایاساییەکان دەدەن.

یۆهانا سڤانسۆن ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانی مافەکانـی مرۆڤ ڕەخنەی لەم پرۆسـەیە هەیە و دەڵێـت: "پەرچەکـرداری لـەم شـێوەیە، لـەدوای هەر ڕووداوێکی تیرۆریسـتی شـتێکی چاوەڕوانکـراوە، بـەڵام پەلەکـردن تێیدا وڵات بەرەو بارێکی خراپ دەبات".

گوتیشی: "نابێت مامەڵەی توندی پۆلیس لە ناکاو ببێتە دیاردە. نابێت سـوێد ببێتە وڵاتێکی پۆلیسـی کە کۆچبەر تێیدا هەسـت بە نائارامی بکات".

سڤانسـۆن پێیوایە ئەوەی ئێسـتا لە سوێد دەگوزەرێت نائارامکردنـی کۆچبەر و پەنابەرە. بـۆ ئەمـەش ڕووداوەکـەی شـاری مالمـوێ بە بەڵگـە دێنێتـەوە. ماوەیـەک بـەر لـە ئێسـتا بەهـۆی سـووتاندنی مزگەوتێکی شیعەکان لە شـاری مالمـوێ، کۆچبەرێـک دەسـتگیر کرا و سـزای پێنج سـاڵ بەندکردنی بۆ بڕایەوە لەگەڵ دیپۆرتکردنـەوەی بـۆ وڵاتەکەی، بـەڵام بەهۆی نەبوونـی بەڵگەوە ئـازاد کرا. کەچـی هەفتەی ڕابردوو پۆلیسی (Säpo) دەستگیری کردەوە و ئێستا ڕەوانەکردنەوەی بۆ وڵاتی خۆی ئەگەرێکی بەهێزە. ئەمە لە کاتێکدا سێپۆ بەڵگەی نهێنیی هەیە و بڵاوی ناکاتەوە.

لارش ئیدمان، پارێزەری کەسە گومانلێکراوەکە نهێنیبوونـی ئـەم پرۆسـەیە و بڵاونەکردنەوەی بەڵگـەکان و هێشـتنەوەیان وەک نهێنـی، بـە پێشێلکاریی پرۆسەی دادوەری دەزانێت. ئیدمان بە میدیاکانی سوێدی گوت :"ئەمە دەستێوەردانە لە پرۆسەی دادوەری".

پارێـزەری ئـەم کەیسـە پێشـتر گوتبووی پۆلیس هەڕەشـەی لـە هاوسـەری ئـەو گومانلێکراوە کردبوو کە ئەگەر زانیاری لەبارەوە ئاشـکرا نەکات، ئەوە مافی مانـەوەی بۆ درێژ ناکەنەوە و دیپۆرت دەکرێتەوە.

سـەرەڕای بوونـی چەنـد ئاماژەیـەک بـۆ پەیوەندیی ئەو کەسـە لەگەڵ گرووپە توندڕەوە ئیسـلامییەکان، بەڵام بەڕای یۆهانا سڤانسۆن، بەسـتنەوەی کاری پۆلیـس بە مافـی مانەوە و پرسـی پەنابەرێتییەوە بۆ وڵاتێکی وەک سـوێد شتێکی مەترسیدارە و دەڵێت: "دەبێت وردتر بن و تووشی پەرچەکردار نەبن".

### کەلەپچەی ئەلیکترۆنی بۆ کۆچبەران

تـرس لـە سـەرڕەش و بیانـی و بەتایبـەت کۆچبەرانـی تازە، بابەتـی گەرمی نێو خەڵکە. تەنانەت پارتە چەپەکانیش کە پێشتر لە پرسی کۆچبەراندا نەرمییـان دەنواند، ئەوانیش لەگەڵ توندکردنی ڕێوشوێنەکانی کۆچن.

لـە نوێتریـن پەرچەکـرداردا کە بـۆ زۆر لە چالاکڤانان شـۆک بـوو، پارتی ژینگەی سـوێد پرۆژە یاسـایەکی بۆ ئەو بابەتـە ئامادە کردووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

لـە نێـو پرۆژەکـەدا بـاس لـە بەکارهێنانی کەلەپچـەی ئەلیکترۆنـی بۆ کۆچبـەران کراوە، بەتایبەت ئەوانەی قبوڵیان نییە.

کەلەپچەی ئەلیکترۆنی بریتییە لە بازنێک کە دەکرێتە قاچ و ڕاسـتەخۆ و لە ڕێگەی سیستمی (GPS) بەردەوام لەژێر کۆنترۆڵی پۆلیسـدایە. بەو شێوەیە ژیان و شوێنی مانەوە و مامەڵەیان کۆنترۆڵ دەکرێت.

ئەندێـرش ئیگمـان وەزیـری ناوخـۆ وەک سیاسـەتی وەزارەتەکەی لەلایەک و لە ڕوانگەی بۆچوونـی پارتەکەشـی (سۆسـیال دیوکرات) پرۆژەکەی پارتی ژینگەی بەدڵە.

بـەڵام هێلینا لاندێـت کادری پارتـی ژینگە دەڵێـت "ئـەوە لە هەنـگاوە هـەرە چەوتەکانی پارتـی ژینگەیە، ئـەو پرۆژەیە نەک گوزارشـت نییە لە سیاسەتی پارتی ژینگە، بەڵکوو 90%ی ئەندامانی ژینگە پشتگیریی ناکەن".



### 19 هەزار کۆچبەر خۆیان شاردووەتەوە

ئەندێرش ئیگمان، وەزیری ناوخۆی سوێد سەرەتای ئەمساڵ ڕایگەیاندبوو لەکۆی 163 هەزار کۆچبـەر کە داوای مافی پەنابەرێتییـان کردووە، نزیکەی 80 هەزاریان مەرجەکانی پەنابەرێتی نایانگرێتەوە و دەبێ سـوێد جێبهێڵن. بەپێـی ئەو زانیارییانەی لە وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتەوە دەسـت (ڕووداو) کەوتـووە، ئەو پەنابەرانەی دەبوو ئەمسـاڵ بنێردرێنەوە، بە بەراورد لەگەڵ سـاڵی 2014 بۆ 62% بەرز بووەتەوە. هەر بەپێـی زانیارییەکان زیاتر لە 19 هـەزار کۆچبەر کە بڕیاری دەرکردنیان هەیە، دیار نەماون و پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕێت.

# سوێد بە کۆرسی زمان و خولی کار کۆچبەران بێزار دەکات

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

"هیـچ مەعقول نییە، دوای 18 سـاڵ خوێندن و نزیکـەی 5 سـاڵ ئەزمـوون، لەگەڵ کەسـێکی نەخوێنـدەوار، کەسـێکی تەمـەن 61 سـاڵ، لە یـەک کۆرس و لـە یەک قۆناغدایـن و وەک یەک دەخوێنیـن"، ئـەوە دەربڕینێکی پڕ لـە ناڕەزایی جەزا ڕەشـیدە کە لە کوردسـتان پزیشـک بووە، بەڵام ئێسـتا لە سـوێد لەگەڵ ژنێکی 60 ساڵانی نەخوێنـدەوار و گەنجێکـی تەمـەن 19 سـاڵ و فیتەرێک، لە کۆرسێکدا پێکەوەن.

دکتـۆر جـەزا تووڕەیە لـەوەی دەوڵەت هیچ سیستمێکی نییە بۆ جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی خـاوەن بیـر و پیشـە و بڕوانامـە و پاشـخانی جیـاوازن. ئـەو دەڵێـت: "تەنیـا لە یەک شـت هاوبەشین کە بێکارییە".

جەزای تەمەن 31 ساڵ، کە خەڵکی باشووری کوردسـتانە، بەو نیازە کوردستانی جێهێشت کە پـەرە بە پیشـەکەی بدات، بەڵام ئێسـتا دەڵێت خەریکـە خەونەکانی لەبار دەچـن. جەزا دەڵێت "هەموو خەونەکانم بەتاڵ بوون، ئێستا تەنیا کات بەڕێدەکـەم، لەپێناو وازوویەکـی ڕۆژانە بەرامبەر وەرگرتنی پارەیەکی کەمی مانگانە، لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێـک ژیانـی ڕۆژانە بەسـەر دەبـەم کە هیچ شتێک بەیەکمانەوە نابەستێتەوە".

جـەزا باسـی کۆرسـەکان دەکات و دەڵێـت "ڕۆژانە کاژێر نۆ دێمە کۆرس، بۆ کاژێرێک شتێک دەخوێنیـن کە خۆشـم نازانم چییە، پاشـان نیو کاژێر پشوومان هەیە، نازانم بۆ نیو کاژێر، پاشان بـۆ سـەعات و نیوێکی دیکە دەچینـەوە کۆرس. باوەڕتـان بێت نازانـم چی باس دەکەیـن، دواتر دەڵێن ئەمڕۆ تەواو و ڕۆژێکی خۆش بۆ ئێوە".

جەزا کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دەبێ خێرا نانێک بخوات و دواتر بچێتە قوتابخانەی فێربوونی زمان، بەڵام لەویش ڕازی نییە "لەوێش بەهەمانشێوە هیچ جیاوازییەکـی تەمەن و پاشـخانی دراسـی نییە، باوەڕتان بێت هیچ فێر نابم، ئەمە سەرگوزشـتەی 10 سەعات ژیانی ڕۆژانەمە لە سوێد".

### پزیشکێکی کۆچبەر: لەگەڵ فیتەر و بۆیاخچی یەک جۆرە کۆرس دەخوێنین

### مووچە بەرامبەر خوێندن

هاوشـێوەی وڵاتـە ئەورووپییـەکان، لـە سـکەندەناڤیا کۆچبەرانـی تازە هاتـوو دەخرێنە کۆرسی جیاوازەوە. بەبێ ئەوەی ڕەچاوی پاشخانی پیشەیی و بڕوانامە و ئاستی هۆشیاری و تەمەنیان بکرێ.

بەبۆچوونـی زۆرینـەی کۆچبـەران، ئەوەی لە پشت ئەم کۆرسە ئیجبارییەیە، بەستنەوەی کەسی پەنابەرە تـا کاری ڕەش نەکات و لەبەرامبەر ئەو پارەیـەی وەریدەگرێت، کاتێک بەسـەر بەرێت و ماندوو بێت.

هێمن حەیدەر کە کۆچبەرێکی نوێیە لە سوێد، پێشـتر لە کوردسـتان لە ئاژانسـەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە. شارەزاییەکی باشیشـی لـە زمانـی ئینگلیزیدا هەیە. ئـەو زۆر بێزارە لەگەڵ کەسانێک خراوەتە کۆرسەکانەوە کە ئاستیان زۆر جیاوازە لە ئاستی ئەو.

هێمنی تەمەن 33 ساڵ دەڵێت "کەسی تێدایە لـە کۆنگـۆ جووتیـار بـووە، گەنجێکـی عەرەبم لەگەڵـە لە خۆگۆڕیـن زیاتر هیچ شـتێک بەهای نییە لەلای، دەیان ژنی دیکەی سـۆماڵیم لەگەڵە تەنیا ئیشـی ماڵیان کـردووە و نەخوێنـدەوارن، ئەوەی لە کورسیەکەی پاڵم دانیشتووە بۆیاخچیی پێڵاو بووە. من بەکالۆریۆسـم هەیە و هاوڕێکەشم پزیشـک بووە". بە بێزارییەوە گوتیشی: "لۆژیکی نییە هەموومان لە کۆرسێکدا بین، هەرگیز شتێکی هاوبەش لە نێوانمان دروسـت نابێت، پاشخانمان هیچ بایەخێکی نییە لای سوێدییەکان".

بـەڵام شـەزا دلێمـی، شـارەزا لـە بـواری خستنەسـەرکاری کۆچبەران کە خۆی کارمەندی کۆمۆنـە، دەڵێـت: "لە هەسـتی ناخۆشـی ئەو کەسـانە تێدەگەم، بەڵام شـیاندن و تیکەڵبوون لێرەوە دەستپێدەکات".

دلێمی کە خۆی پێشتر پەنابەر بووە و نزیکەی 28 سـاڵە لە سـوێد دەژی، لەبـارەی ئەم جۆرە خولانە دەڵێت: "بەشـێک لەو پەنابەرانەی پارەی بێـکاری وەردەگرن، دەخرێنە ئـەم خولانەوە کە بەشـێکە لە پرۆسـەی خستنە سـەر کار و وەک کارکردن بۆیان هەژمار دەکرێت، نەک خوێندن".



ئەم خولانە زیاتر لەدوای هاتنە سـەر حوکمی پارتـی مۆدیـرات دەسـتیانپێکرد، کـە وەک ناچارکردنی کەسی بێکارە بۆ گەڕان بەدوای کار و دوورکەوتنەوە لە وەرگرتنی پارەی سۆسیال. بەڵام دوای گەڕانەوەی چەپ و سۆسـیال دیموکراتەکان بۆ دەسەڵاتیش، ئەو پرۆسەیە بەردەوامە.

کارمەندەکەی کۆمـۆن دەڵێت: "بەو جۆرە خولانـە و خوێندنـی زمـان، دەبێـت ڕۆژانـە هەشـت کاژێـر خەریـک بـن، ئینجـا پارەی مانگانەیان دەدرێتێ".

شەزا دەڵێت ئەوە تەنیا بۆ کۆچبەران نییە، بەڵکـو سـوێدییەکانیش هەندێکجار بەشـداریی تێدا دەکەن.

زۆربـەی بەشـداربووان دەڵێـن ئەو کۆرسـانە هیـچ سـوودێکیان نییـە و تەنیا کات کوشـتنە، هۆکارێکیشە بۆ بێکاربوونیان.

نوهـا فەیلـی بەشـداربوویەکی کۆرسـەکان دەڵێـت: "مـن داوام کرد لە خولی زمان بەشـدار بم و هەشت کاژێرەکەی ڕۆژانە بە خوێندن بەسەر بەرم، تا زمانەکەم بەهێز بکەم و کار بکەم، بەڵام ڕەتیانکـردەوە و بەزۆر وابەسـتەی ئەم خولەیان کردووم، چونکە ئەگەر بەشداری نەکەم مووچەکەم دەبـڕن". نوها گوتیشـی "هەمووی گوشـارە بۆ ئـەوەی کار بکەین، یان بگەڕێینـەوە، من ئەگەر زمان نەزانم، چۆن بتوانم کار بکەم".

ئەو جۆرە کۆرسـانە نوهای گەیاندووەتەوە ئەو قەناعەتە کە بیر لە گەڕانەوە بۆ کوردستان بکاتەوە و دەڵێت: "ئەگەر کارم دەستنەکەوێت، ئەمـەم پـێ قبـوڵ ناکرێـت، ناچـارم بیـر لە گەڕانەوە بکەمەوە".



## ژنێک خۆی دەسووتێنێ

**ڕووداو– دەربەندیخان**

ڕۆژی 2017/4/23 ژنێکی تەمەن 18 ساڵ، بەناوی (سۆزیار عەلی حوسێن) دانیشتووی قەزای دەربەندیخان، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لە دەستدا. نەقیب شەهاب ئەحمەد، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەدەربەندیخان بە (ڕووداو)ی گوت بەپێی زانیارییەکان ئەو ئافرەتە کە خاوەنی منداڵێکە لە کاتی ڕووداوەکە بە تەنیا لەماڵەوە بووە، دوای ڕووداوەکە گەیەندراوەتە خەستەخانەی ئیمرجنسی سلێمانی، بەڵام بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتاوییەکەی گیانی لەدەستداوە. گوتیشی لەسەر ئەو ڕووداوە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە، بەڵام ئەوان بەدواداچوونی خۆیان دەکەن.

### ژنەکەی سەرۆکی باندەکە بووە

# پیاوێک لەشفرۆشی بە هاوژینەکەی دەکات

دیمەن بورهان
ڕووداو– هەولێر

پۆلیسی هەولێر باندێکی لەشفرۆشی لە یەکێک لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون دەستگیر دەکات کە سەرۆکی باندەکە ژنێکی دانیشتووی دهۆکە و ماوەیەکی کەمە هاتووەتە هەولێر. ئەو ژنە دەڵێت لێرە شووی بە گەنجێک کردووە کە پێکەوە ئەو کارە دەکەن و ڕۆژانە چەند کچێک بۆ ئەو کارە بەکاردێنن. بەڵام هیچ گرێبەستێکی هاوژینی لە نێوان ئەو کوڕە و ئەو ژنەدا نییە.

(ب، م) تەمەن 38 ساڵ و خەڵکی شاری دهۆک، 10 ساڵ لەمەوبەر لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە. دواتر بە مەبەستی کارکردن لە کۆمپانیایەک دەچێتە شاری هەولێر. (ب) لە کۆمپانیاکە کارگوزار بووە، بەڵام دوای ماوەیەک وازی لە کارەکەی هێناوە و ڕووی لە کاری لەشفرۆشی کردووە.

ئەو ژنە بە گوتەی خۆی خاوەنی شەش منداڵە کە گەورەکەیان تەمەنی 12 ساڵانە و بچووکترینیشیان تەمەنی شەش ساڵە. ئێستا منداڵەکانی لەلای کوڕە پوورێکی داناون و ئەو بەخێویان دەکات. لەبەرامبەردا (ب) مانگانە بڕێک پارەی دەداتێ.

(ب) باسی ژیانی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "هاوژینەکەم چێشتلێنەر بوو، زۆر هەژار بووین، بەیەکەوە نەدەگونجاین بۆیە بڕیارماندا لە یەکدی جیا ببینەوە. من هاتم بۆ هەولێر بۆ کارکردن، چونکە منداڵەکان لای خۆمن، سەرەتا لە کۆمپانیایەک کارگوزاریم دەکرد، بەڵام پارەکەی کەم بوو، بۆیە وازم هێنا".



(ب.م) دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی دەبێتە لەشفرۆش

(ب) بەر لەوەی واز لە کارەکەی بهێنێ، هەر لە ڕێگەی کارەکەیەوە کوڕێک دەناسێ کە ئەو بە "هاوژین"ی خۆی ناوی دەبات. (ب) گوتی "هاوژینەکەم فێری لەشفرۆشی کردم، پێکەوە لە خانوویەکی کرێدا لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر لەگەڵ چەند ئافرەتێکی دیکە ئەو کارەمان دەکرد".

(ب) لە ترسی سزادان نەیدەزانی چۆن وشەکانی بڵێت، جارێک دەیگوت 15 ڕۆژە کاری لەشفرۆشی دەکەم، جارێکیش دەیگوت 10 ساڵ لەمەوبەر و لەو کاتەی لە هاوژینی یەکەمی جیابووەتەوە، بووەتە لەشفرۆش.

بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، لەشفرۆشی ڕێگەپێدراو نییە و هەر کەسێک لەسەر ئەو کارە دەستگیر بکرێ سزا دەدرێ. هەرچەندە لە کوردستان داواکاری هەبووە بۆ کردنەوەی شوێنی لەشفرۆشی، بەڵام لەلایەن بەشی خۆپاراستنی تەندروستی مۆڵەتی پێ نەدراوە. بۆیە باندەکانی لەشفرۆشی دوور لە مەرجەکانی تەندروستی لەنێو ماڵاندا کاری خۆیان دەکەن، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون کە بەمدواییە دروستکراون.

(م) ئەو کوڕە گەنجە هەولێرییەی کە بەوتەی (ب) هاوسەرێتی، تەمەنی لە 20 ساڵ تێناپەڕێ و گرێبەستی هاوژینیش لەنێوانیاندا نییە، دواتر دەرکەوت ئەو کوڕە تەنیا کاری هێنانی ئافرەتانە، بەتایبەتی ئەوانەی هەڵدێن و هەژارن و سواڵ دەکەن، چونکە هەندێک لەوانە ناچارن ئەو کارە بکەن، تەنانەت ئەگەر بە بڕە پارەیەکی کەمیش بێ.

(م) نکۆڵی لەوە نەدەکرد کە کاری لەشفرۆشی بە (ب) و چەندین ژنی دیکە کردووە، بەڵام دەڵێت لەو کارەدا تەنیا نییە، بەڵکو لەگەڵ کەسێکی دیکە بەناوی (ئا) خەریکی هێنانی ئافرەتن بۆ ماڵەکەی تاوەکو لەوێ لەشفرۆشییان پێ بکەن.

(ب) گوتی "سێ ئافرەت و دوو پیاوین، ڕۆژانە موشتەری گەنج و پیر دێن بۆ لامان، هەر ئافرەتێک بە 40 هەزار دینار بە کرێ دەدەین کە 20 هەزار دیناری بۆ ئافرەتەکە و 20 هەزار دیناریش بۆ پیاوەکانە".

(ب) ئەوەشی نەشاردەوە کە هەریەک لە ژنەکان ڕۆژانە زیاتر لە سێ پیاو لەگەڵیان دەبێت، هەریەکەیان بۆ ماوەی نیو کاژێر لەگەڵیان دەمێننەوە. ئەو دەشڵێت "ئەگەر ئەمجارە ڕزگارم بێت، سوێند دەخۆم وازدەهێنم و چیدی کاری وا ناکەمەوە".

یەکێک لەو ژنانەی لەناو ئەو باندە بوو، خەڵکی کەرکوک بوو، عەبایەکی خەلیجیی ڕەش و لەچکێکی ڕەشی لەسەر بوو، دەموچاوی ڕەش هەڵگەڕاوبوو، دەستی کچە ساڵ و نیوەکەی گرتبوو، هەردووکیان دەگریان، (س) تەمەنی 37 ساڵ بوو، سوێندی دەخوارد تەنیا دوو ڕۆژە لەڕێگەی (ئا) وە (ب)ی ناسیوە کە سەرۆکی باندەکەیە.

(س) گوتی ئەو بۆ سواڵکردن هاتبوو بۆ هەولێر "ئەو کوڕە پێیگوتم وەرە بتبەم بۆ لای ژنێک هاوکاریت بکات". (س) بەگوتەی خۆی خاوەنی کوڕێکی نەخۆشی 10 ساڵانەی لە جێگەدا کەوتووە و هەفتانە دەبێت دەرزییەکی بۆ بکڕێت کە بە 100 دۆلارە، باوکی ڕاستەقینەی منداڵەکە نەماوە و لای زڕباوکیەتی، ئەویش دەڵێت دەبێت خۆتان بەخێوی بکەن، (س) گوتی "کاتێک هاتم دادە پێیگوتم، ڕۆژانە چەند پیاو بێت بۆ لات ئەوەندە 20 هەزار دیناری وەردەگریت، منیش پێم بە شەرەفی خۆمدا نا و لەماوەی دوو ڕۆژدا 120 هەزار دینارم دەستکەوت، شەش پیاو لەگەڵم خەوتوون کە زیاتریان گەنج بوون".

هەرچەندە (م) دەڵێت ئەوان سێ ئافرەت و دوو کوڕن ئەو کارە دەکەن، بەڵام (س) ژمارەی ئەو ئافرەتانەی ئاشکرا کرد کە لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی ئەو لەوێ بووە، بۆ لەشفرۆشی هاتوونەتە ماڵەکە "لەماوەی ئەو دوو ڕۆژە حەوت کچم بینی لەو ماڵەدا ، دوو لە کچەکان خەڵکی دهۆک بوون و پێنجیشیان عەرەب و ئێرانی بوون".

گوتیشی: "لەکاتی دەستگیرکردنمان ئەو کچانە بۆ کارکردن چووبوونە دەرەوە".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی باندەکەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە ئەنجامی چاودێری و بەدواداچوونی پۆلیسی ڕێککاری و زیرەڤانی، بۆمان دەرکەوت لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون لە هەولێر، ژنێک لەگەڵ دوو گەنج و چەند کچێک خەریکی کاری لەشفرۆشین، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی قایمقامی ناوەندی هەولێر، توانیمان دەستگیریان بکەین و بەپێی ماددەکانی 2 و 3 و 4ـی لەشفرۆشی پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە و چاوەڕێی بڕیاری دادوەرین بۆ سزادانیان".

### پزیشکەکە هەڵاتووە

# پزیشکێکی ئوردنی چاوی ژنێکی کورد کوێر دەکات

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

خالیدە بە مەراقێکی زۆرەوە ئەلبوومی وێنەکانی نیشان دەداین و دەیگوت "سەیرم بکەن چەند جوان بووم، چەند هیوام هەبوو، بەو تەمەنە لە کێبڕکێی خوێندن و کاری سیاسی لە پێشەنگدا بووم، بەڵام دەرزییەکی ئاڤاستین خەونەکانمی لەباربرد".

خالیدە سەبری، 53 ساڵ، بەهۆی هەڵەی پزیشکەوە چاوی چەپی لەدەستداوە، خالیدە شووی کردووە، هەرچەندە منداڵی نییە، بەڵام لەدەستدانی چاوی وەک مردنی جەرگی دێتە پێش چاوی. خالیدە باسی چۆنیەتی لەدەستدانی چاوی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "ساڵی 2013 چاوم ئازاری هەبوو، سەردانی چەند پزیشکێکم کرد، دواتر بۆ دڵنیایی زیاتر چوومە تورکیا و سەردانی پزیشکم کرد، پێیانگوتم چاوت زەختی هەیە، بەڵام چاوت باشە و دوو مانگ جارێک سەردانی پزیشک بکە بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیت، منیش دوای دوو مانگ و لە مانگی حەوتی ئەو ساڵەدا، سەردانی پزیشکێکم کرد بەناوی (ر) لە سەنتەری پزیشکیی ئوردنی بۆ چاو لە هەولێر، پێیگوتم بارودۆخی چاوت زۆر خراپە، بەڵام چارەسەرت دەکەم، دەرزییەکی لەچاوم دا بە 300 دۆلار، کاتێک ویستی دەرزییەکە لە چاوم بدات، پێمگوت بۆ دەرزی لە چاوم دەدەی، خۆ چاوم کێشەی نییە، تەنیا زەختی هەیە و هەموو پشکنینەکانم باشە، بەڵام ئەو گوتی من پزیشکم دەزانم چاوت چی پێویستە، پاش لێدانی دەرزییەکە، پلاستەرێکی خستە سەری".

ڕۆژی دواتر لەکاتی لابردنی پلاستەرەکە خالیدە هەست دەکات چاوی هیچ نابینێ، کاژێر بووە یەکی شەو، تەلەفۆن بۆ پزیشکەکەی دەکات و پێیدەڵێت چاوی هیچ نابینێت. خالیدە گوتی "دکتۆرەکە لە تەلەفۆنەکەدا شڵەژا، قسەکانی تێکەڵ کرد، گوتی مەترسە سبەی وەرە بۆ لام و چارەسەری دەکەین".

خالیدە دەچێتەوە لای پزیشکەکەی، بەڵام دەڵێت هیچ نییە چاوت ئیلتیهابی کردووە، دوای مانگێک چاک دەبێتەوە. بەڵام دوای مانگەکە چاک نابێتەوە، بۆیە دەچێتە لای پزیشکێکی دیکە. خالیدە گوتی "دوای پشکنین پزیشکەکە گوتی حەساسیەت نییە، تۆ گلێنەت ڕزیوە و چاوت لەدەستداوە، بەڵام بڕوام پێنەکرد، چوومە لای پزیشکێکی دیکە و ئەویش هەمان شتی پێگوتم، لە دەرەوەی وڵاتیش پێیانگوتم ئەگەر لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بهاتیتایە چارەسەرت ئاسان بوو، بەڵام ئەو پزیشکە ئوردنییە هەڵیخەڵەتاندم و هەموو هیوا و خەونەکانی تێکشکاندم".

خالیدە دەشڵێت "من یاسام تەواو کرد و چاوەڕێی ماستەر بووم، هەموویم لەدەستچوو، چونکە کاری کردووەتە سەر چاوی ڕاستیشم، چاوم کز بووە. دەترسم هەتا مردن بە نابینایی ژیان بگوزەرێنم".

خالیدە پاش لە دەستدانی چاوی سکاڵا تۆمار دەکات لەسەر ئەو پزیشکە، ئەو بە گلەییەوە دەڵێت "بە چرکەیەک کوێر کرام، بەڵام دادگا 3 ساڵ درێژەی کێشا، ئینجا بڕیاری دەستگیرکردنی پزیشکەکەی بۆ ماوەی شەش مانگ دەرکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕابردووی پاک بوو و خاوەنی تاوانی دیکە نەبوو، زیندانی نەکرا".

خالیدە دەڵێت "ئەو پزیشکە نەدەبوو حوکمەکەی وا ئاسان بووایە لە کاتێکدا خاوەنی دوو تاوانە بەرامبەر من، یەکەمیان: منی هەڵخەڵەتاند و ڕاستییەکەی لێشاردمەوە، دووەمیان دەرزیی ئاڤاستینی لێدام کە وەزارەتی تەندروستی قەدەغەی کردبوو، بە منیشی نەگوت چ جۆرە دەرزییەکت لێدەدەم".

خالیدە لەدوای حوکمدانی ئەو پزیشکە چاوەڕوانی سزادانی ماددیی پزیشکەکە بوو، چونکە لەڕووی یاسایی ئەو مافەی لەڕێگەی لیژنەیەکی شارەزا بۆ دیاری دەکرێت و دەنێردرێت بۆ دادوەر، هەرچەند جارێک نێردراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی بەبڕی 70 هەزار دۆلار، بەڵام ئەو بڕە بە زۆر خەملێندراوە و دیسان تەمیز کراوەتەوە، پزیشکەکەش ئەمەی بەهەل زانیوە و هەڵهاتووە بۆ وڵاتی خۆی. خالیدە دەڵێت "لەوێوە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کوردستان ناتوانێت سزای من بدات، کەی بوو بە دەوڵەت، ئەوکات دەتوانێت من سزا بدات، ئەمەش جگە لە مافخواردن و کەمئەندامکردنی من، گاڵتەکردنە بە شکۆی دادگا و ناوی کوردستان".

گلەیی ئەو ژنە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوەیە کە "چۆن دەبێت کەسێکی بیانی لە کوردستان تاوانێکی وا ئەنجام بدات و ڕێگری سەفەری لێنەکرێت؟ یان وەزارەتی تەندروستی چۆن ڕێگە دەدات هەرکەس بێت و بەبێ چاودێریی چڕ و زانیاریی ورد لەسەر شارەزابوونی، مۆڵەتی پێدەدات؟".

کارزان تارق جامباز، پارێزەری خالیدە لەبارەی کەیسەکەوە گوتی "ئێمە سکاڵامان لە بنکەی پۆلیس تۆمار کرد و کەیسەکە برایە دادگا، پاش ئەوەی ڕاپۆرتی تەندروستی و ڕێکارە یاساییەکان تەواو بوو، ئەو پزیشکە بەپێی ماددەی 412 حوکم درا بە دەستگیرکردنی بۆ ماوەی 6 مانگ، بەڵام بەهۆی نەبوونی پێشینەی لە تاوان، هیچ زیندانی نەکرا".



خالیدە سەبری دەڵێت بەهۆی دەرزیی ئەڤاستینەوە گلێنەی چاوی ڕزیوە

سەبارەت بە هەڵهاتنی ئەو پزیشکەش، گوتی: "جارێ نازانین ئەو پزیشکە بەنیازی چییە، چونکە ڕەنگە بگەڕێتەوە، ئەگەر نەگەڕایەوە، دوو ڕێگە هەیە، یەکەم: ڕێگری سەفەری لێدەکرێت و هەرکات بێتە کوردستان دەستگیر دەکرێت، دووەم: هەرچەندە ئەستەمە، بەڵام بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەگەر پرۆتۆکۆڵ هەبێت لەنێوان عێراق و ئوردن، لەوێ سزا دەدرێت".

سەبارەت بەو سەنتەری چاوە کە پزیشکەکە کاری لێکردووە، کارزان دەڵێت "سکاڵامان لەسەریان تۆمار کردووە، بەڵام پەڕاوەکەی هێشتا لە بنکەی پۆلیسە و لە لێکۆڵینەوەدایە".

هەڵدێر ئیبراهیم، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی سەنتەری ئوردنی بۆ چاو بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو پزیشکە کەمتر لە ساڵێک لای ئێمە کاری کرد و بە ناخۆشی لەلامان ڕۆیشت. لەدوای ئێمە لە زۆر سەنتەر کاری کردووە سکاڵای زۆری لەسەرە، بڕواناکەم جارێکی دیکە بتوانێت بێتەوە کوردستان، چونکە لە لایەن سەندیکای پزیشکانەوە ئەمساڵ نووسراو بۆ هەموو سەنتەرەکان نێردراوە کە ئەگەر ئەو پزیشکە لە هەر جێگەیەک کار بکات ئەو شوێنە سزا دەدرێت و دادەخرێ".

سەبارەت بە سکاڵاکردن دژ بە سەنتەرەکەشیان، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی سەنتەری ئوردنی بۆ چاو گوتی "ئێمە لەبەرامبەر یاسا بۆ هەر سکاڵایەک ئامادەین و وەڵامی خۆمان دەبێت".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 454 ) - دووشەممە 2017/4/24



## بەهەڵە هاوڕێکەی خۆی کوشت

**ڕووداو- بیارە**

لە ناوچە شاخاوییەکانی ناحیەی بیارەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، گەنجێکی دانیشتووی ناحیەی خورماڵ، بە هەڵە لەلایەن هاوڕێیەکییەوە کوژرا.
بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی ناوچەکە، ئەو ڕووداوە ڕۆژی 2017/4/22 ڕوویداوە. ئەو دوو گەنجە بۆ گەڕان چوونەتە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری ناحیەکە. دوو گەنجەکە چەکیان پێبووە. یەکێکیان بە هەڵە ئەوی دیکەی کوشتووە. گەنجە کوژراوەکە ناوی (س.م)بوو، تەمەنی 27 ساڵ بوو، پۆلیسی نەوت و غاز بوو لە لیوای دوو. تۆمەتبارەکەش کە ناوی (ر.ش)ە تەمەنی 20 ساڵە و دانیشتووی ناحیەی بیارەیە. دوای ڕووداوەکە بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراق دەستگیرکراوە.

# گەنجێک دەڵێت چوار چەکداری دەمامکدار ئەشکەنجەیان داوە

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

کەسێک تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێت فیول پەمپی ئۆتۆمبێلەکەی تێکچووە، وەستا محەممەدیش ئەدرەسەکەی لێوەردەگرێ و دەڵێت پاش کەمێکی دیکە دەگەمە لات، بەڵام کاتێک دەچێتە ئەو شوێنەی بۆیان دیاری کردبوو، لەلایەن چەند چەکدارێکی دەمامکدارەوە دەڕفێندرێت.

محەممەد نورەدین، تەمەن 29 ساڵ و دانیشتووی ناحیەی قوشتەپە، زۆربەی جەستەی بە لێدانی ئەو چوار کەسە شین بووەتەوە. محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت "من وەستای فیول پەمپم.، نزیکی کاژێر هەشتی شەو بوو، لە ماڵی باوکم بووم، کەسێک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی ئۆتۆمبێلەکەمان پەکیکەوتووە، فیول پەمپەکەی سووتاوە، دەتوانی بێی و بۆمان چاک بکەیەوە؟ منیش ئەوە کاری خۆمە و کاتەکەشی درەنگ نەبوو هەتا گومان بکەم، بۆیە ڕۆیشتمە شوێنەکە، لەگەڵ گەیشتنم پیاوێک کە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی پێبوو، زۆر بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ کردم".

محەممەد سەرقاڵی دەرهێنانی کەلوپەلی گۆڕینی فیول پەمپ دەبێت لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی، وەک خۆی دەڵێت هەمان پیاو بە دەسکی دەمانچەکەی دوو بۆ سێ جار لەسەری داوە و گێژ بووە، دواتر سێ کەسی دیکەی دەمامکدار هاتوون و گوتوویانە پێشمان بکەوە. محەممەد دەڵێت "بردیانم بۆ لای شیوێک و دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانم، چەند هاوارم کرد بۆ وا دەکەن؟ هیچیان نەگوت، تەنیا ئەو کەسەی سەرەتا تەلەفۆنەکەی بۆ کردم وێنەی ڤیدیۆی دەگرتم و بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کەسێک دەکرد و پێیدەگوت وا نیوە مردوومان کرد، ئەوان ماوەی نیو کاژێر بە کێبڵ و دەمانچە لە هەموو جەستەمیان دا، لەکاتی ئەشکەنجەدانم دەست و پێیان بەستبووم".



گەنجە ئەشکەنجەدراوەکە دەشڵێت "دوای رفاندن و ئەشکەنجەدان و وێنەگرتنم، ئەوان ڕۆیشتن، دواتر بە هەمان ژمارە مۆبایل پەیوەندییان بە براکەم و هاوژینەکەمەوە کردبوو، پێیانگوتبوون چۆن هاتی بۆ دادگا و مێردەکەت بردەوە، ئێستا وەرە بۆ ئەو ناونیشانە و تەرمی مێردەکەت ببەرەوە".

محەممەد نایشارێتەوە کێشەی خێزانی هەیە، بۆ رفاندن و ئەشکەنجەدانیشی پەنجەی تۆمەت بۆ ماڵی خەسوو و خاڵی خێزانەکەی درێژ دەکات.

ساوێن کەیفی، تەمەن 21 ساڵ، هاوژینی محەممەدە و حەوت ساڵە هاوسەرگیرییان کردووە و دوو منداڵیان هەیە، ساوێن بە (ڕووداو)ی گوت "دوو ساڵە بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە قسە لەگەڵ دایکم و خوشکەکەم ناکەم، من دەمویست ئامۆژگاریی خوشکەکەم بکەم، بەڵام دایکم دەریکردم و گوتی حاشات لێدەکەم و جارێکی دیکە نەیەیتەوە ماڵەکەم، ئەمەش بوو بەهۆی ڕقهەڵگرتن لێمان، هەر بۆیە دایکم داوای کرد ئەو خانووەی تاپۆکەی لەسەر من و خوشک و براکەمە بفرۆشێت، پێیگوتم دەبێت بریکارنامەی گشتیم بۆ بکەیت، بەڵام من نەمکرد، چونکە دەیویست حەقی من نەدات لەو خانووەی لە باوکم بۆمان بەجێماوە و لەناو شاری هەولێرە و دەیەوێت پارەکەی بدات بە خاڵم تا کاری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی پێبکات، بەڵام من قبوڵم نەکرد".

دایکی ساوێن لە ڕۆژی 2017/3/4 لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژیی دژی ژنان سکاڵا لەسەر زاواکەی تۆمار دەکات بە تۆمەتی ئەوەی هەڵیکوتاوەتە سەریان و تەقەی لێکردوون. بەڵام ساوێن ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە و گوتی "من و هاوژینەکەم دوو ساڵە ماڵی دایکمان نەبینیوە، لە ڕۆژی 2017/3/10 لە دادگا بانگ کراین، من شایەتیم بۆ هاوژینەکەم دا و سوێندم خوارد کە لە ماڵ بووە و ئاگاداری ئەم کارە نین، هەر بۆیە هاوژینەکەم بەکەفالەی سێ ملیۆن دینار ئازاد کرا".

ساوێن دەشڵێت: "دوای ئەو هەڵوێستەی من، خاڵم لەبەردەم کەسوکاری هاوژینەکەم هەڕەشەی لێکردم و گوتی دەبێت لە ماڵەکەی خۆتدا هاوژینەکەت بکوژم، هەر بۆیە دڵنیام خاڵم ئەو کارەی کردووە، چونکە دوای چەند ڕۆژێک محەممەد ڕفێنرا".

(ب. ئا)، کە دایکی ساوێنە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە کێشەیەکی خێزانیمان هەبوو، بەڵام هیچ پەیوەندی بە لێدانی محەممەدەوە نییە، ئەو پێشتر هەڕەشەی لە ئێمە کردووە و تەقەی لە ماڵمان کردووە، من خاوەنی دوو منداڵی هەتیوم، کچەکەم ئەو خانووەی تێدایە ماوەی پێنج ساڵە داگیری کردووە لێم و ناڕوات، ئێمە جگە لەوەی دەمانەوێت خانووەکەی هەولێر بفرۆشین و ژنی بۆ کوڕەکەم پێ بهێنم، هیچی دیکەمان ناوێت، براکەشم لە چاکە زیاتر، هیچ خراپەیەکی بۆ ئەوان نەبووە".

هەر لەوبارەوە (ع. ئا) کە خاڵی ساوێنە و پلەی نەقیبە، سەبارەت بە لێدان و هەڕەشەکردن لە محەممەد نوورەدین بە (ڕووداو)ی گوت "من ئێستا لە ئێوە ئەو هەواڵە دەبیستم و ئاگادار نیم، ئەو ڕۆژە لە وەرگرتنی مووچە بووم، کەسەکانم شایەتن کە لە ماڵ بووم، من لەو کەسانە نیم پیاو بەکرێ بگرم و ئاگادار نیم، ئەو کەسێکی پڕ کێشەیە و دەکرێت بەهۆی کێشەکانی دیکەی لێی درابێت".

(ع. ئا) دەشڵێت: "ئەگەر ئەو کەسانەی ئەشکەنجەیان داوە بناسرێنەوە، من ئامادەم تۆڵەی محەممەدیان لێوەربگرمەوە".

لەبارەی ئەم کەیسەوە رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2017/4/18 کەسێک بەناوی محەممەد نورەدین کە بە گوتەی خۆی لەلایەن چەند کەسێکی دەمامکدارەوە ئەشکەنجە دراوە، سکاڵای تۆمار کرد، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەمە پشتڕاست بکەینەوە تا لێکۆڵینەوەکان تەواو نەبن، چونکە هیچ کامێرایەکی چاودێری لەو شوێنە نەبووە و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەش نازانێت".

دەشڵێت "ئەم کەسە لەگەڵ ماڵی باوکی هاوژینەکەی کێشەی کۆمەڵایەتییان هەبووە و پێشتر لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان سکاڵایان لەسەر محەممەد تۆمار کردووە، ڕۆژی 23ی ئەو مانگەش محەممەد سکاڵای لەدژی خاڵی هاوژینەکەی و دایک و خوشکی هاوژینەکەی تۆمار کردووە. فەرمانی دەستگیرکردن بۆ هەرسێکیان دەرچووە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## بیانوو بۆ ژنهێنان

چەند ساڵێکی تەمەنی هاوژینییان بەبێ کێشە بەڕێ کرد، تا ڕۆژێکیان مێردەکەی قسەیەکی لە دەم هاتە دەر، وەک ئەوە وابوو جامێک ئاوی ساردی بکەن بەسەردا، کاتێک پیاوەکە گوتی دەمەوێ ژن بێنم، بەڵام بیانووی ژنهێنانەکەی لە ژنهێنانەکە خۆی کارەساتبارتر بوو بۆ ژنەکە.

ئەو ئافرەتە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان کرد و داوای ڕێنمایی کرد چۆن لە دەست ئەو کێشەیە ڕزگاری ببێ. ژنەکە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی :"لەگەڵ هاوژینەکەم چەند ساڵێکە بە یەکەوەین، تاوەکو ئێستا هیچ گلەییەکمان لە یەکدی نەبووە، بە خواستی خۆمان و دوور لە گوشاری خێزانەکانمان یەکدیمان قبوڵ کرد، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستا هاوژینەکەم بە نیازە ژنێکی دیکە بهێنێ، هەر بەوەش نەوەستاوە بە قسەکانیدا دەردەکەوێ خیانەتیشی لێکردووم".

ئەو ئافرەتە باسی پاساوی ژنهێنانی مێردەکەی کرد و گوتی: مێردەکەم دەڵێت پەیوەندی لەگەڵ کچێک هەبووە، پەیوەندییەکەیان سەری کێشاوە بۆ پەیوەندیی سێکسی و بەو هۆیەوە کچەکە پەردەی کچێنی لەدەستداوە و بە ملیدا هاتووە، دوو ڕێگای لەبەردەمە یان ئەوەتا ماڵی باوکی کچەکە لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە، لەو حاڵەتەشدا ژیانی هەردووکیان دەکەوێتە مەترسییەوە و ڕەنگە هەردووکیان بکوژرێن. یانیش ئەوەتا بەبێ دەنگی بچێتە خوازبێنی و قەناعەت بە کەسوکاری کچەکە بکات کچەکەی بدەنێ.

ئەگەر قسەکانی ئەو ژنە ڕاست بن، ئەوە دوو ڕێگای هەیە بۆ دەرچوون لەو کێشەیە، یەکەمیان تۆمارکردنی سکاڵایە لەسەر هاوژینەکەی بە تۆمەتی خیانەتی هاوژینی بەپێی مادده 377 لە یاسای سزاکانی عێراقی کە دەڵێت "سزا دەدرێت ئەو ژنەی زینای کردووە و ئەوەشی زینای لەگەڵ کردووە. بەڵام ئەگەر پیاوەکە زانیاری هەبوو کە ئەوە ژنە، ئەگەریش سەلماندی کە ژنەکە مێردی نییە، ئەوا سزاکەی سووکتر دەبێ". مەرج نییە ئەو کچە ئاگادار بووبێ کە ئەو پیاوە ژنی هەیە، ڕەنگە پیاوەکە فێڵی لێکردبێ.

ئافرەتەکە دەیویست پیاوەکەی بە گرتن بدات، بەڵام پێیگوترا بەپێی یاسا کچەکەش دەستگیر دەکرێ. چونکە لە داوای تایبەت بە خیانەتی هاوژینی، دەبێ سکاڵا لەسەر هەردوولا تۆمار بکرێ (واتە کچەکە و پیاوەکە) کاتێک ژنەکە گوێی لەو قسەیە بوو لە سکاڵاکەی پەشیمان بووەوە، چونکە ئەوکات خیانەتی هاوژینەکەی ئاشکرا دەبوو، ڕەنگە دوژمنداری لە نێوان دوو بنەماڵە بخاتەوە.

ڕێگای دووەم بۆ ژنەکە پێشنیاز کرا، ئەویش ئەوە بوو کە ئەگەر هاوژینەکەی ژنەکەی هێنا، ئەو بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات. هەموو مافەکانیشی لە مارەیی و نەفەقە پارێزراو دەبێ. بۆیە ژنەکە ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد و بڕیاری دا هەر کاتێک هاوژینەکەی ژنێکی دیکەی هێنا، یەکسەر داوای جیابوونەوە بکات.

بەپێی یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان "ئەگەر پیاو ژنێکی دیکەی هێنا ژنی یەکەمی مافی داواکردنی جیابوونەوەی هەیە".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# ژنان بە خەنە پیاوان دەکوژن

## خاوەنی بیرۆکەی ناوی خەسووتەقێن و پیاوکوژ:
## هەموو تەقینێکیش ناشیرین نییە

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

دیاری عەبدوڵڵای خەنەفرۆش لە بازاڕی دەبۆکەی سلێمانی ماوەی 14 ساڵە دوکاندارە و خەنە دەفرۆشێت، دوکانەکەی جمەی دێت لە هەموو جۆرەکانی خەنە، بەڵام هەندێکیان هیوابڕاوانە دەهاتنە دەرەوە، چونکە خەنەی پیاوکوژ تەواو ببوو.

دوکانەکەی دیار زیاتر لە 50 جۆر خەنەی تێدایە، زۆربەی جۆرەکان ئێرانی و هیندین، هەروەها خەنەی فەل کە لە تورکیاوە دێت، پێشتر خەنەی سوورییشی هەبوو. بەبڕوای دیار، خەنەی ئێرانی باشترینە، چونکە ڕووەکییە و ماددەی کیمیایی کەمە، خەنە کۆنەکانیش بەناوی ملخوار و جووت وەلەد و عەلی ئەکبەر لە کۆنەوە هەن و باشترین جۆرەکانی خەنەی کیسە بوون، بەڵام ئێستا هەزار ناویان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی خەنەی پێ بفرۆشن.

ئەوەی زۆرتر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ناوی خەنەی هێنایەوە نێو ناوان، دوو جۆرە خەنەن بە ناوەکانی "پیاوکوژ و خەسوو تەقێن" کە بە گوتەی دیار "بازاڕیان گەرمە". دیار دەڵێت "ئەو خەنەیە لە ئێرانەوە هاوردە دەکرێت و ئێستا خواستێکی زۆریان لەسەرە، لە دوکانەکەم زوو تەواو بوون و بەتەمام دووبارە بیهێنمەوە".

ڕزگار، 37 ساڵ، خەنەفرۆشە و خاوەنی ناوی خەنەی پیاو کوژە. ئەو دەڵێت "نزیکەی نۆ ساڵە خەنە دەفرۆشم، چەند جارێک خۆم خەنەم هێناوەتە کوردستان، بەڵام بەداخەوە کەس نییە بەرگری لە ئێمە بکات و نەهێڵێت ماندووبوونمان بەفیڕۆ بچێت، چونکە بە کواڵیتی خراپ تەقلیدی دەکەوێتە بازاڕەوە و ناچار دەبین دووبارە نەیهێنینەوە، بەوەش ناتوانین ببین بە خاوەنی ئەو براندەی پێوەی ماندوو دەبین".

ڕزگار دەشڵێت "ئێمە لە کارخانەکانی ئێران زەحمەتییەکی زۆر دەبینین هەتا خەنەیەک بە ناوی کوردی دەهێنین، چونکە ڕێگە نادەن و دەیانەوێت ناوەکە ئێرانی بێت، بە چەند ڕێگەی ئەستەم دەگەین بەو ناوانەی بەداخەوە هەندێک خەڵک بۆ ڕووخاندن و ناوزڕاندن ناوەکان بەهەڵە وەردەگرن، من ساڵی پار خەنەی پیاوکوژم ناونا، بەو نیەتەی قژی بەکارهێنەرەکەی ئەوەندە جوان بێت پیاو بکوژێت، ئەمساڵیش دوای گەڕانێکی زۆر بیرم لە ناوی خەسوو تەقێن کردەوە، ئەو ناوەش ئازایی من نییە و ناوێکی کوردەوارییە، جاران قوماشی ئافرەتان بەو ناوە هەبووە".

ڕزگار ڕەتیکردەوە کە ئەو ناولێنانە سووکایەتی بێ بە ئافرەت و گوتی "من خێزاندارم و دایکم خەسووە، ئەگەر تەعبیری ناشیرین بێت چۆن ئەو ناوەی لێدەنێم، هەر براندێکی خەنەش سەرەتا کواڵیتی و چاکیی بەرهەمەکە، دواتر بیر لە ناو دەکەمەوە، دەبێت بیرکردنەوەمان بۆ بەرەوپێشچوون بێت نەک تانە و تەشەر، هەموو تەقینێک ناشیرین نییە، بەڵکو زۆریش جوانە، ئەگەر هەنار بتەقێت ناخێکی جوان پیشان دەدات، بارانی زۆر کانی پێدەتەقێت، دڵی خەسووش بەو جۆرە تەقینەوە جوانە بۆ جوانیی بووکەکەی، چونکە هیچ خەسوویەک حەز بە ناشیرینی هاوژینی کوڕەکەی ناکات".

سەبارەت بە بوونی خەنە لە کوردستان ڕزگار گوتی "خەنەی کوردی نییە، ئەو دارانە سروشتین، ساڵانی زوو لە عێراق لە فاو هەبوو، وەک بیستوومە بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق ئەو دارانە سووتان و لەناوچوون، باشترین جۆری خەنە بووە، بۆیە ژنانی کۆن بەکاریانهێناوە و قژیان بەهێز و جوان بووە".

خانزاد بابان خەسووە و بووکەکەی لەگەڵیدا دەژی، ئەو گوتی "خوا دەکات بووکەکەم قژی جوان دەبێت با هەر خەسووتەقێن بێت، جوانیی بووکەکەم دڵخۆشییە بۆ من، بەڵام حەزدەکەم خەنەی بووکتەقێنیش بهێنن، ئێمەش حەزدەکەین ناوێک بۆ ئێمە هەبێت".

خانزاد باس لە گەنجێتی خۆی دەکات "خەنەی ئەوکات بێ فێڵ بوو، بۆیە قژمان جوان بووە و نەڕووتاوەتەوە، بەڵام ئێستا هەمووی دەرمانە و زەرەر بە قژ دەگەیەنێت".

سێوە خوێندکاری زانکۆیەکی ئێوارانە و تەمەنی 37 ساڵە و هاوسەرگیریی نەکردووە، لە بازاڕی شێخەڵڵای هەولێر خەریکی کڕینی خەنەی پیاوکوژ بوو، ئەو بە پێکەنینەوە گوتی "چەند مانگێکە خەنەی پیاوکوژ بەکاردەهێنم، قژم زۆر جوان بووە، زۆر لە هاوڕێکانم لێمدەپرسن چی بەکاردەهێنی؟ بەڵام هیچ پیاوێک سەیری نەکردووم، دەترسم بۆنەکەی پیاو پێی ناخۆش بێت، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، پیاو دەکوژێ بە بۆنی، چونکە زۆربەی پیاوان ڕقیان لە بۆنی خەنەیە و بیر لە جوانییەکەی ناکەنەوە".




گلێنەش کە لەگەڵ هاوگیانەکەی خەنەی خەسووتەقێنیان دەکڕی، بە (ڕووداو)ی گوت "خۆم بۆ خەسووم دەیکڕم و دەیدەم لەسەری، بەڵام پێی ناڵێم ناوی خەسووتەقێنە، دوایی کە بە دڵی بوو، پێیدەڵێم و لەسەری خۆشمی دەدەم".

ماجید خاوەنی خەنەی ماجید لە بازاڕی شێخەڵڵا کە زۆرترین جۆری خەنەی لەلایە، گوتی "خەنە هیچکات مۆدێلی بەسەر ناچێت و خەنەی کیسە باشترینە کە خەڵک پێی دەڵێت خەنەی کوردی، بەڵام هەڵەیە و کورد داری خەنەی نییە، هەمووی ئێرانییە، خەنەی هیندی و چەندین جۆری دیکەش هەیە، ئێستا هەموو جۆرەکانی خەنە دەفرۆشرێن، خەسووتەقێن و پیاوکوژیش بازاڕیان هەیە، بەڵام پێموایە خەنە هەرچەند باش بێ دوای ماوەیەک خەڵکی گلەیی لێدەکەن، چونکە مارکە دەدزن و تەقلیدی دێتە بازاڕەوە، من خۆم چەند ساڵێک لەمەوبەر خەنەی ڕەنگینم هێنا، بەڵام دوای ماوەیەک تەقلیدیان کرد، بەهۆی ئەمەشەوە زەرەر بە ئێمە و بەکاربەریش دەگات".

# قەرەداغ دەبێتە گۆڕەپانی گردبوونەوەی عەشیرەت

رزگار قەرەداغی
رووداو- قەرەداغ

لەم بەهارەدا کەم هەفتە تێدەپەڕێ بەبێ بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی عەشیرەتێک. شوێنی گردبوونەوەی کوڕگەلی ئەم عەشیرەتانەش ناوچەیەکە کە مەسەلەی عەشیرەتگەری و ئینتیما بۆ خێڵ، تێیدا کەمڕەنگە، ئەو ناوچەیە قەرەداغە کە خەریکە دەبێتە جێژوانی خێڵ و عەشیرەت.

هەرچەندە لە قەرەداغ چەند تیرەیەکی ئێل بەگی جاف هەن، لەوانەش مەردۆخی، بەڵام قەرەداخ لە رابردوودا و بە تایبەتی لەسەردەمی میرنشینی بابانەوە زۆرتر وەکو ناوەندێکی زانستی ناسراوە و گەورەترین حوجرەی فەقێیانی لێ بووە، هەروەها وەکو ناوەندێکی شێخانی تەریقەتی قادریش ناسراوە.

مەلا عەبدولکەریمی مودڕەیس لە پەرتووکی بنەماڵەی زانایاندا دەڵێت، ساڵی 1749 شێخ عەبدوللەتیفی مەردۆخ لەسەر داوای میرنشینی بابان دێتە قەرەداخ و لەوێ حوجرەیەک دەکاتەوە و پتر لە 250 قوتابی لەو حوجرەیە خوێندوویانە. هەندێک لەو قوتابیانە لە تورکیا و ئێران و هیندستان و بەغداوە هاتوون. قەرەداغ 45 کیلۆمەتر لە شاری سلێمانی دوورە و لە 86 گوند پێکهاتووە کە 83 یان ئێستا ئاوەدانن.

سەرەڕای بوونی چەندین بنەماڵەی شێخانی تەریقەت لە قەرەداغ، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیری چەپ و مارکسیزم لە عێراق، ئەو فکر و ئایدیۆلۆژیایە بەخێرایی گەیشتە قەرەداغیش و چەندین کەسایەتی ناسراوی چەپ لە کوردستان خەڵکی ئەو ناوچەیەن.

هەینی رابردوو فێستیڤاڵی یەکێک لە عەشیرەتە گەورەکانی سەر بە ئێلی جاف لە قەرەداغ بەڕێوەچوو، ئەویش فێستیڤاڵی عەشیرەتی مەردۆخی بوو. شێخ دلێر مەردۆخی، ئەندامی فێستیڤاڵی عەشیرەتی مەردۆخی گوتی: "ئێمە وەکو بنەماڵەیەکی گەورەی زانستخواز، دەمانەوێت بە بیری نەتەوەکەمان بهێنینەوە کە ئیشی بنەماڵەکەمان بریتی بووە لە خزمەتکردن لەسەر بنەمای زانست و داهێنان".

زۆربەی ئەو فێستیڤاڵانەی لە قەرەداغ بەڕێوەدەچن، فێستیڤاڵی عەشیرەتەکانی سەر بە ئێل بەگی جافن. حیزبەکان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی کە زۆرجار کێبڕکێیانە لەسەر کردنەوەی دیوەخان بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان و تەکیە و خانەقا بۆ شێخەکان، هانی ئەو جۆرە فێستیڤاڵانە دەدەن، بە تایبەتیش بۆ ئێلی جاف کە دەگوترێ لە 54 عەشیرەت پێکدێن. زۆر لە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی لە ریزی پێشەوەی ئەو فێستیڤاڵانە دەبینرێن.

یەکەم کەرنەڤاڵی ئێل بەگی جاف لەساڵی 2001 بە سەرپەرشتی شەوکەتی حاجی موشیر لە ناوچەی شارەزوور ساز کرا، بەڵام ساڵانی دواتر فێستیڤاڵەکان گواسترانەوە بۆ قەرەداغ، سەنتەری ئێل بەگی جاف سەرپەرشتیی زۆربەی فێستیڤاڵەکان دەکات. شەوکەتی حاجی موشیر کە لەلایەن گرووپی ئەنسارولئیسلامەوە تیرۆر کرا، دەگوترێ زۆر لە سەرکردەکانی یەکێتی و خودی جەلال تاڵەبانیش دژی ئەو کارەی بوون کە چۆن دەبێت حیزبێک بانگەشەی مەدەنیەت و سۆسیال دیموکراتی بکات، سەرکردەکانی خەریکی زیندووکردنەوەی عەشیرەتگەری بن.



## سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی:
## ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەکرێت جۆرێکە لە دواکەوتوویی

حاکم رزگار محەممەدئەمین کە ماوەیەک سەرۆکی سەنتەری ئێل بەگی جاف بووە، پێی ئاساییە ئەو جۆرە کەرنەڤاڵانە لە قەرەداغ بکرێن و دەڵێت "ئەو جۆرە فێستیڤاڵانە هیچ کاریگەرییان لەسەر ئەو ناوبانگە زانستی و رۆشنبیرییەی قەرەداغ نابێ کە هەیەتی. ئامانج لێیان دووبارە گەڕانەوەیە بۆ سروشتی پاکی مرۆڤ و تێکەڵبوونەوەیە لەگەڵ جوانیی بەهار و یادخستنەوەی ئەو رابردووەی میللەتەکەمان هەیبووە".

حیزبی شیوعیی کوردستان کە قەرەداغ زێدی بەشێک لە سەرکردە و ئەندامەکانیەتی، ئەمساڵ یادی دامەزراندنی حیزبەکەیان بە ئاهەنگێک لە ناوچەی قەرەداغ بەڕێ کرد.

کاتێک لە میدیاکانەوە وێنەی فێستیڤاڵەکان دەبینی، لەشکرەکەی شێخ مەحموودی حەفید بیر دێتەوە. گەنجانی عەشیرەت گۆڕەپانەکە پڕ دەکەن لە ئەسپ و بە جلی کوردی و بڕنەوەوە کێبڕکێ دەکەن.

جەمال عەبدول، کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی کە سەردەمانێک پارێزگاری سلێمانی بووە، دژی بەڕێوەچوونی ئەو جۆرە فێستیڤاڵانەیە بەو شێوازە و دەڵێت "پیاوێکی گەورە دەمانچەیەکی خستووەتە بەر پشدێنەکەی، ئەوە هەستێکی خۆش نابەخشێت، بەڵام کورد کڵۆڵە، رەنگە بەو چەکە بیەوێت کەموکوڕیی خۆی بشارێتەوە، یان هەستی ترسنۆکی لەسەر خۆی لابەرێت، ئەمە نیشانەی باوەڕبەخۆنەبوونە".

جەمال عەبدول پێیوایە ئەو فێستیڤاڵانە جۆرێکە لە خۆدزینەوە و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی بۆ ئەو واقیعە تاڵەی ئەمڕۆی کوردستانی تێدا دەژی: "ماوەی 26 ساڵە نەمانتوانیوە دەستوور و یاسای نووسراومان هەبێت، بێگومان ئەگەر لایەنی ئاسایش و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی دابین بکرێ، مەترسیی داگیرکاری لەسەر کوردستان نەمێنێ، کەرنەڤاڵیش ئومێدبەخش دەبێت و نەوەی نوێ لەگەڵ رابردوو ئاشت دەکرێتەوە".

بەهائەدین نووری، کەسایەتی دیاری شیوعی کە لەدایکبووی ناوچەی قەرەداغە و لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە، دژی ئەو جۆرە فێستیڤاڵانەیە و دەڵێت "ساڵانی شەست و حەفتاکان 80%ی عێراقییەکان پابەندی ئینتیمای عەشیرەتی بوون، بۆ ئەوکات ئاسایی بوو، بەڵام ئێستا ئاسایی نییە. ئێستا سەردەمی عەولەمەیە و مرۆڤبوون جێگەی هەموو شتێکی گرتووەتەوە". دەشڵێت: "ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەکرێت، جۆرێکە لە دواکەوتوویی، پارتی و یەکێتیش هۆکاری دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەو جۆرە کۆبوونەوانەن، چونکە مانەوەیان بەندە بەو عەشیرەتانەوە".

بەپێی یاسا خۆپیشاندان و ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە پێویستیان بە مۆڵەتی یەکە ئیدارییەکانە.

رەئوف شێخ کەمال، قایمقامی قەرەداغ سەبارەت بە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ئەو فێستیڤاڵانەی لە ناوچەکەیان بەڕێوەدەچن، بە (رووداو)ی گوت "پێشوەخت سەردانمان دەکەن، بەزارەکی ئاگادارمان دەکەنەوە، ئێمەش وەکو یەکەی ئیداری لەگەڵ لایەنی پەیوەندار کە ئاسایش و پۆلیسە، کۆدەبینەوە و هەندێکجار لایەنی سەرووی خۆشمان ئاگادار دەکەینەوە ئەگەر پێویست بکات، زۆربەی کات مۆڵەتی کۆبوونەوەکان بە زارەکی دەدرێت و ناکرێتە نووسراو".

زۆر لەوانەی خەریکی رێکخستنی ئەو جۆرە کۆبوونەوانەن، بڕوانامەی بەرزیان هەیە و پاشگری قەرەداغیش بە ناوەکانیانەوەیە. قایمقامی قەرەداغ گلەیی لەو قەرەداغییە خاوەن بڕوانامە بەرزانە هەیە و دەڵێت "زۆربەی ئەوانە سوودیان بۆ ناوچەکەیان نەبووە. حیزب دەیەوێت بەرگی عەشایەری بکاتەوە بە بەری ئەم خوێندەوارانەدا تاوەکو کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای پێ چارەسەر بکات".

قایمقامی قەرەداغ بەپێویستی دەزانێت لە پاڵ سازکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە عەشایرییەکان، رۆژێکیش هەبێ بەناوی (رۆژی قەرەداغ) بۆ بیرخستنەوەی ئەو زانست و زانیارییەی لە قوتابخانە و حوجرەکانی قەرەداغ دەبەخشرایە قوتابی و فەقێیان.

# رۆژێک لەگەڵ باوکی رەوەندی کورد لە پۆڵۆنیا

عەلی ساڵح غەفوور: کلاوێکی کوردیم کردە سەری گاگارین

سەرۆکی پۆڵۆنیا پێیگوتم دەبووایە زووتر یەکدی ببینین

بە پاسپۆرتی ساختەوە بەشداریی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانم دەکرد

نەوزاد مەحموود
رووداو- وارشۆ

هۆڵێکی گەورە کە بە مافووری چنراو داپۆشراوە، لە رۆژێکی باراناویدا پەیتا پەیتا خەڵک رووی تێدەکەن. ئەوە هۆڵی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە وارشۆ کە سێ مانگ جارێک زۆربەی کوردەکانی پۆڵەندا لەو هۆڵە کۆدەبنەوە. لە نێو هۆڵەکەدا پیاوێکی بەساڵاچووی دەم بەپێکەنین سەرنجت رادەکێشێ کە لەوێ بە باوک و دامەزرێنەری رەوەندی کورد لە پۆڵۆنیا ناسراوە.

زۆربەی گەنجەکانی نێو هۆڵەکە گوێیان بۆ قسەکانی عەلی ساڵح غەفوور شل کردووە. دەیانەوێ گوێیان لە سەربوردەکەی بێ کە چۆن یەکەمجار گەیشتووەتە وارشۆ و دەستی بە چالاکیی سیاسی کردووە و دواتریش بڕیاری داوە بە یەکجاری لەوێ بمێنێتەوە.



عەلی ساڵح غەفوور

(فۆتۆ: سەلام ناسر)

### حەوت نمرەی ئەخلاق

عەلی ساڵح، ساڵی 1931 لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایک بووە. بەپێی یادەوەرییەکانی، حەوت نمرە کە مامۆستاکەی لە تەمەنی 13 ساڵیدا لێی شکاندووە، ئەوی وابەستە کردووە بە سیاسەتەوە "مامۆستا گوتی تۆ دوێنێ لە تووی مەلیک لە دوای قادر دیلان و حەمەساڵح دیلانەوە گۆرانیی نەورۆزت گوتووە، بۆیە حەوت نمرەی ئەخلاقم لێشکاندووی".

سزاکە تەنیا بەوە نەوەستاوە و داوای لێکراوە باوکیشی بانگ بکاتە ئیدارەی خوێندنگەکە بۆ سەرزەنشتکردن. ئەو سزادانە عەلی بۆ نێو سیاسەت رادەکێشێ: "ساڵی 1954 لە تەمەنی 14 ساڵی بۆ یەکەمجار چوومە نێو خۆپیشاندان، لەوێ لە چەند پۆلیسێک درا و من و چەند کەسێک رامانکرد بۆ ماڵێک خۆمان حەشار بدەین، چوار کەس لەوانەم دەناسی کە لەوێ بوون، یەکێک لەوانە شەهید شەهابی شێخ نووری بوو".

## یەکەم کوردم لە پۆڵۆنیا نیشتەجێ بووم

## بەهۆی سروودی نەورۆزەوە حەوت نمرەی ئەخلاقیان لێ شکاندم

### مامۆستایەکی بێ قوتابخانە

عەلی غەفوور کە ساڵانێک هاوپۆلی شێرکۆ بێکەس بووە، ساڵی 1955 چووەتە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. لەوبارەوە دەڵێت: "یەکێک لە رۆژە خۆشەکانی ئەو ساڵە ئەوە بوو کە بارزانی دوای گەڕانەوەی هاتە سلێمانی بۆ ماڵی شێخ لەتیف و لەوێ بینیم".

پاشان بە زەحمەتییەکی زۆر خوێندن لە بەغدا تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە سلێمانی. ساڵی 1961 لەگوندی خەراجیانی نزیک عەربەت دەبێتە مامۆستا، بەڵام تەنیا بۆ ماوەی 5 مانگ، چونکە دەڵێت "ئەو سروودانەی بە منداڵانم دەگوتنەوە، بەڕێوەبەری ئەمنیان لێ هێنامە سەرخەت. بەڕێوەبەری ئەمن پێیگوتم چیدی نابێت وانە بڵێیمەوە".

ئیدی عەلی غەفوور مانەوە لە عێراق بە کوتانەوەی ئاسنی سارد دەزانێت.

رۆژی 1961/10/16 بەناوی خوێندنەوە کوردستانی بەرەو تورکیا جێهێشت: "من زەماڵەکەم بۆ ئەڵمانیا بوو، بەڵام بۆ نەگبەتی لەوکاتەدا دیواری بەرلین دروستکرابوو، دوو هاوڕێی عەرەب لە پراگ هاتنە پێشوازیم و دواتر چوومە پەیمانگای زمانی پۆڵۆنی، پاشان بۆ وارشۆ، وڵاتێک کە من تەنیا کورد بووم تێیدا و دەبوو چاو بکەمەوە".

عەلی غەفوور وەسفی ئەوکاتی وارشۆ دەکات و دەڵێت "ئەو وارشۆیەی ئێستا نەبوو، 75%ی وارشۆ بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە وێران ببوو، بەڵام بەهۆی نۆژەنکردنەوە کار زۆر بوو. کە هاتمە وارشۆ، وەک کۆبانێی ئێستا وابوو".

عەلی غەفوور لەساڵی 1963 دەبێتە ئەندامی یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لەلایەن کەمال فوئاد و عیسمەت وانلی و چەند کوردێکی دیکە لە ئەڵمانیا دامەزرابوو. عەلی غەفوور هەر هەمان ساڵ لقێکی رێکخراوەکە لە واشۆ دەکاتەوە.

گەنجە بزێوەکەی بەردەم سەرای سلێمانی و تووی مەلیک لە وارشۆ ژیایەوە، دەستیکردەوە بە دروشم نووسین و بەرزکردنەوەی ناوی کورد و کوردستان لەسەر ئەو شەقامانەی کە هیچیان لەبارەی کوردەوە نەدەزانی "هەر بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییان هەبووایە، بە دەرفەتم دەزانی و منیش بە دروشمی کوردستانی بەشداریم تێدا دەکرد، هەر کەسم دەبینی باسی کوردستانم بۆ دەکرد".

### کڵاوەکەی گاگارین

ژیانی عەلی غەفوور، پڕە لە رووداوی سەمەرە و خۆش، بە تایبەتی لەو کۆنگرە و کۆنفرانسانەی لە وڵاتانی ئەوروپا بەشداریی تێدا کردووە. عەلی یەکێک لە بەسەرهاتە خۆشەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "لە ساڵی 1962 بەشداریم لە میهرەجانێکدا کرد کە یوری گاگارین کەشتیوانی بۆشایی ئاسمانیش تێیدا ئامادە بوو، کڵاوێکی چنراوی کوردیم بەدەستەوە بوو، قادر دیلان کە لەتەنیشتم بوو پێمگوت دەڵێی چی بچم ئەو کڵاوە بکەمە سەری گاگارین؟ قادر دیلان گوتی وازبێنە ئەو هەموو پاسەوانە دەتکوژن، بەڵام من سوور بووم و رۆیشتم، لە پەنایەکەوە خۆم گەیاندە بەردەمی و بەپەلە کڵاوەکەیم لابرد و کڵاوە کوردییەکەم کردە سەری، دواتر پاسەوانەکان رایانکێشام و کردمیانە دەرەوە".

### بە پاسپۆرتی ساختە دەسووڕایەوە

ئەو پیاوەی 8 ساڵ سکرتێری خوێندکارانی کورد بوو لە پۆڵۆنیا، پێویستی بەوە بوو لە هەموو شوێنێک هەبێ، بەڵام پاسپۆرت گرفتی سەرەکیی سەفەرەکانی بووە. ئەو دەڵێت "پاسپۆرتم ساختە دەکرد، هەرچۆن بوو پاسپۆرت و ڤیزامان دروست دەکرد، زۆربەی کۆنگرەی وڵاتانم بە پاسپۆرتی ساختەوە بینیوە".

هێشتا ئەو لە بەغدا بوو کە دکتۆر قاسملوی ناسی، ئەو رێبەرە کوردەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دواتر ئێران لە تاراوگە تیرۆری کرد. عەلی غەفوور دەڵێ بەو پێیەی پۆڵۆنییەکان زۆرتر حەزیان بە ئابووری هەیە و قاسملوش شارەزاییەکی باشی لەو بوارە هەبوو، یەکێک لەو کۆرسانەی خوێندکارە پۆڵۆنییەکان بە تامەزرۆیی بەشدارییان تێدا کرد کۆرسەکانی قاسملو بوو، دواتر کتێبی کورد و کوردستانەکەی ئەویان وەرگێڕایە سەر زمانی پۆڵۆنی.

### دیداری سەرۆک

لە نێو بینای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وارشۆ، وێنەی جۆراوجۆری پرۆتۆکۆڵی و چالاکیی سیاسی و پێشوازی لە سەرکردە و دیبلۆماتکاران و کەساییەتییەکان هەڵواسراون، لە بەشێکی زۆری وێنەکاندا عەلی غەفوور دەبینی. ئەو پیاوە لەسایەی چالاکییەکانی و ژیانە بێسرەوتەکەیەوە، هاوڕێیەتی لەگەڵ چەندین کەسایەتی پۆڵۆنی و ئەوروپی لەسەر ئاستی بەرز هەبووە، لەوانەش سەرۆکی پۆڵۆنیا کە دیداری تایبەتیان هەبووە. عەلی غەفوور لەبارەی ئەو دیدارە دەڵێت: "لەگەڵ کاک زیاد رەئوف نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان داوەتی ئەو بووین. سەرۆک پرسی: باشە کورد لە تورکیا بۆچی کاری ئاژاوەگێڕی دەکەن؟ پێمگوت باشە ئەی بۆچی ئێوە کاتی خۆی ژەنەراڵێک و چەند کەسی دیکەتان کوشت، سینەمایەکتان رووخاند تەنیا لەبەر ئەوەی ژەنەراڵێکی ئەڵمانی تێدابوو؟ گوتی ئاخر ئەوە دژی داگیرکاریی ئەڵمانی بوو. گوتم لە کوردستانی تورکیاش داگیرکاری هەیە، ئەوەش وەڵامدانەوەیە بۆ داگیرکاری. ئیدی قسەکان بۆ ئاقارێکی خۆش گۆڕان و سەرۆک گوتی دەبوو ئێمە زووتر یەکدیمان ببینیایە".

## بۆ کەمکردنەوەی نەشتەرگەریی منداڵبوونە

# کوردستان "منداڵبوونی بێ ئازار" پەیڕەو دەکات

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی خانمانی کوردستان لە ئازاری تاقەتپڕووکێنی منداڵبوون ڕزگاریان ببێ. بەڵام پسپۆڕێکی ژنان و منداڵبوون دەڵێ ئەستەمە لەو قەیرانەدا بتوانین ئەو شێوازە بۆ هەموو خانمانی دووگیان پەیڕەو بکەین.

د.ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی لە بارەی پرۆژەکەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "وەکوو تێبینی کراوە بوونی ئازار لەکاتی منداڵبوونی سروشتیدا پاڵنەرێکی دیارە بۆ ئەوەی خانمان ڕوو لە منداڵبوون بە نەشتەرگەری بکەن، بۆیە لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئەو ئازارەوە دەمانەوێ هانیان بدەین ڕووبکەنەوە منداڵبوونی سروشتی".

وەزیری تەندروستی دەڵێت ئێستا پرۆژەیەکیان ئامادەیە بۆ پێڕەوکردنی ئەو سیستمە. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکانی منداڵبوون و سەرۆک بەشەکانی بێهۆشکاری کۆبوونەتەوە تاوەکوو گوێ لە تێبینییەکانیان بگرن، بەر لە ناردنی پرۆژەکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

د.ڕێکەوت گوتیشی ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو منداڵبوونی سروشتی بەبێ ئازارە و بەمزووانە کوردستانیش دەچێتە ڕیزی ئەو وڵاتانەوە، لە هەردوو شیفتی بەیانیان و ئێواران پرۆسەی منداڵبوونی سروشتی بەبێ ئازار دەبێت.

پزیشکێکی پسپۆڕی بێهۆشکاری و چارەسەری ئازار لە سلێمانی، چوار ساڵ لەمەوبەر لە شارەکەی خۆی منداڵبوونی بەبێ ئازاری بۆ چەند خانمێک کردووە، بەڵام دواتر گرفتی لۆجستی و تەکنیکی ڕێگربوون لە بەردەوامی و فراوانبوونی پرۆژەکەی.

د.سامان فەهمی، سەرۆکی بەشی بێهۆشکاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی، ئێستاش هاتووەتە مەیدان و لە پرۆژە نوێیەکەش بەشدارە. ئەو گوتی "منداڵبوونی بێ ئازار بە چوار ڕێگەی سەرەکی دەکرێ، دەبێ خانمەکە سەرپشک بکرێ لە هەڵبژاردنی یەکێکیان".

بە گوتەی ئەو پزیشکە، گونجاوترین و ئاسانترین ڕێگە لەو چوار ڕێگەیە، بریتییە لە هەڵمژینی گازێکی تایبەت "ئینتۆنۆکس هێندە سادەیە کە کارمەندێکی تەندروستی یان تەنانەت خودی خانمەکەش دەتوانن بەکاری بهێنن، بەڵام ڕێگاکانی دیکە ئاڵۆزن و پێویستیان بە پزیشک یان لانیکەم پەرستاری زانکۆیە".

ئێستا لە کوردستان و عێراق کارگەی بەرهەمهێنانی ئینتۆنۆکس نییە، بۆیە دکتۆر سامان کردنەوەی کارگەیەکی لەو جۆرە بە هەنگاوێکی کاریگەر دەزانێ لە سەرکەوتنی پرۆژە نوێیەکەدا "تێچووەکەی هەرزانە و نەک حکومەت بەڵکو دەوڵەمەندێکی مامناوەندیش دەتوانێ بیکات، بە خێرخوازی بێ یان بازرگانی".

دکتۆر سامان لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە دەڵێ هەر دەوڵەمەندێک بیەوێ ئەو کارگەیە دروست بکات، ڕێوشوێنەکانی پێدەڵێت و هاوکاریشی دەکات.

ئینتۆنۆکس جگە لە ئازارشکاندن لەکاتی منداڵبوون، بۆ قوربانیانی سووتاوی، هەروەها کۆنترۆڵی ئازار لە منداڵانی ئۆتیزم، ئیفلیجیی مێشک و چارەسەری ئازاری پەیوەست بە شکاوی و لەجێچوونی ئێسک، کارا و بەسوودە.



### پزیشکێک: ئەستەمە جێبەجێ بکرێ

پزیشکێکی پسپۆڕ وای نابینێ لەم کاتەدا پرۆژەیەکی لەو جۆرە بە ئاسانی جێبەجێ بکرێ. د.هەوری محەممەد، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبوون لە کۆیە، لەبارەی پرۆژە نوێیەکەی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "من ئێستا گەشبین نیم ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێ، بەڵام زۆر دڵم بەم هەواڵانە خۆشە، بەڵکو لە وڵاتی ئێمەش ڕۆژێک بێت باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی خانمی دووگیان بکرێ".

لەبەرەی هۆکارەکانی ڕەشبینییەکەی، د.هەوری دەڵێ: "ئێستا حکومەت دەرمانی ئاسایی وەکو پێویست دابین ناکا، چجای دەرمان و پێداویستیی نوێ و گرانمان بۆ بکڕێ. هەروەها ئەو تەکنیکە پێداویستیی لۆجستیی زیاتری دەوێ بۆ چاودێریی باری تەندروستیی منداڵ و دایک، جگە لەوە هۆڵەکانی منداڵبوون قەرەباڵخن و پێویستمان بەوەیە پرۆسەی منداڵبوون زۆر نەخایەنێ، بەڵام ئەم تەکنیکە نوێیە ماوەی منداڵبوون بۆ نزیکەی دوو هێندەی ئاسایی درێژ دەکاتەوە".

لە سایەی قەیرانی دارایی و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بۆ کوردستان و بەردەستنەبوونی پێداویستییە لۆجستییە پێشکەوتووەکان، دکتۆرە هەوری بە مەحاڵی دەزانێ هەموو خانمێکی دووگیان ئۆفەری ئەوەی پێشکەش بکرێ بەبێ ئازار منداڵی ببێ "ئەگەر تەنیا بۆ ئەوانەش بکرێ کە ژانی دەستکردیان بۆ دەکرێ، هەر باشە، چونکە ئەوانە ئازارێکی زۆر توندتریان هەیە بەراورد بەوانەی خۆبەخۆ ژانی سروشتییان بۆ دێ".

### 24 هەزار نەشتەرگەریی قەیسەری

بەپێی ئامارێک کە (ڕووداو) لە وەزارەتی تەندروستی وەریگرتووە، ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان 198117 منداڵ لەدایک بوون، کە 163421 یان لە نەخۆشخانە حکومییەکان و 34696 یان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بوون. لە کۆی هەمووشیان لانیکەم 24200 حاڵەتیان بە نەشەرگەریی قەیسەری لەدایک بوون.

### ڕێگاکانی منداڵبوونی بێ ئازار:

**1 - ئیپیدیوراڵ:**
لە ڕێگەی سۆندە (کاسیتەر)ێکی پزیشکیی تایبەتەوە بەشێوەی بەردەوام دەکرێتە چواردەوری دڕکەپەتک تاوەکو پرۆسەی منداڵبوون تەواو دەبێ. ئەوەیان دەبێ پزیشکی پسپۆڕ جێگیری بکات و پێویستی بە پەرستاری زانکۆیی ڕاهێنراوە لەسەر مامانی و منداڵبوون کە چاودێریی بەردەوامی بکا.

**2 - سپایناڵ:**
لەو ڕێگەیەدا دەرزیی دژە ئازار بە یەکجار لە دڕکەپەتک دەدرێ و نزیکی کاژێر و نیوێک کاریگەرییەکەی بەردەوام دەبێ.

**3 - ئینتۆنۆکس:**
بە شێوەی گاز (ئۆکسیدی نیتریک و ئۆکسجین) هەیە و خانمەکە کاتی ئازاری ژانەکە هەڵیدەمژێ و بە خێرایی ئازارەکەی کەم دەکاتەوە. ئەمەیان سادەیە، کارا و سەلامەتە و کارمەندێکی ئاسایی یان هەر تەنانەت خودی خانمەکە دەتوانێ کۆنترۆڵی بەکارهێنانی بکات.

**4 - سڕکردنی دەماری حەوز و زاوزێ:**
ئەمەیان پسپۆڕی ژنان و منداڵبوون دەیکات و دەماری ناوچەی حەوز (پیودێنداڵ نێرڤ) سڕ دەکات و ئەوەش هەستی ئازار لە زێ و دەوروبەری ناهێڵێ و سڕیان دەکات.

# بۆ دەستکەوتنی ڤیتامین D خۆتان بدەنە بەر هەتاو

داستان محەممەد قادر

ڤیتامین Dجۆرێکە لە هۆرمۆنە ستیرۆیدەکان و ناوی ڤیتامینی بەسەردا بڕاوە. ئەم هۆرمۆنە دوو جۆری سەرەکیی هەیە، ئەوانیش (D2 و D3) ، جۆری یەکەمیان لە قارچک و هەوێن و سەوزەدا هەیە، جۆری دووەمیش مرۆڤ و ماسییە پڕچەورییەکان دروستی دەکەن. ڤیتامین D ڕێژەیەکی بەرچاو لە فەرمانە گەردی و خانەییەکان ڕێکدەخات و بە ڕۆڵە کاریگەرەکەی لەسەر کارتێکەرە ماسولکە و ئێسکییەکان دەناسرێتەوە. لە چەوریدا دەتوێتەوە و یارمەتی مژینی ئاسن و کالیسیۆم و فۆسفۆڕ و زینک لە ڕیخۆڵەوە بۆ نێو خوێن دەدات. سەرباری ڕۆڵە پڕ لە سوودەکەی بۆ ئێسک و ماسولکە، هاوکات ئەم ڤیتامینە سیستمی بەرگریی لەش و سووڕی خوێن و زیندەپاڵ بەهێز دەکات و دژی شێرپەنجەیە و ئەگەری مردن کەم دەکاتەوە. هەروەها لە دژی ئەنفلۆنزا، نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم و تەنانەت خەمۆکیش ڕۆڵ دەبینێت.

مرۆڤ بەشێکی کەم لەم ڤیتامینەی لە خواردنەوە دەستدەکەوێت، بەڵام سەرچاوە سەرەکییەکەی لە خۆرەوەیە، هەر لەبەر ئەوەشە بە ڤیتامینی خۆرەتاو ناسراوە.

کاتێک ئێمە خۆمان دەخەینە بەر خۆر، پێستمان بەشێوەیەکی سروشتی ماددەی 7-dehydrocholestrol بۆD3 دەگۆڕێت کە ئەمیش وەکو D2 ناچالاکە و پاشان لە جگەر و دواتر لە گورچیلەدا چالاک دەبێت.

کەمیی ڤیتامین D گرفتێکی جیهانییە و کاریگەری لەسەر نزیکەی 50%ی دانیشتووانی سەر زەوی هەیە، ژمارەی ئەوانەی لە جیهاندا بەدەست کەمیی ئەم ڤیتامینەوە دەناڵێنن بە یەک ملیار کەس خەملێنراوە. هەڵبەت عێراق یەکێکە لەو 20 وڵاتانەی لە ڕیزبەندی پلەی یەکەمدان، ڕەگەزی مێیینەش بەگشتی و باڵاپۆشەکان بەتایبەتی پشکی شێریان بەرکەوتووە.

کەمیی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی ئێسکەنەرمە لە منداڵدا، لە پێگەیشتووەکانیشدا دەبێتە هۆی لاوازیی ماسولکە و پووکانەوە و شکانی ئێسک، درێژەکێشانیشی دەبێتە هۆی ئازاری درێژخایەن لە پەلەکاندا. لێکۆڵینەوەیەک سەلماندوویەتی کە ڤیتامین D بەشێوەیەکی بەرچاو دەتوانێت ڕێژەی مردن کەم بکاتەوە.

ڤیتامین D تاکە ڤیتامینە کە سەرچاوە سەرەکییەکەی تیشکی خۆرە، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە بۆ دروستبوونی ئەم ڤیتامینە پێویستە بەبێ بەکارهێنانی دژەخۆر، پێست ڕاستەوخۆ بەر خۆر بکەوێت و لەپشتی شووشە و پلاستیکی ڕوون یان قوماشەوە نەبێت، تاوەکو پێستمان بتوانێت تیشکی سەروو وەنەوشەیی جۆری Bهەڵمژێت کە یەکێکە لە تیشکە پێکهێنەرەکانی ڕووناکیخۆر و بۆ دروستبوونی ڤیتامینەکە پێویستە. ئەم بەربەستە ڕوونانە ڕێگری لە تێپەڕبوونی ئەم تیشکە دەکەن و تەنیا ڕێ بە جۆری A دەدەن کە هیچ ڕۆڵێک لە دروستکردنی ڤیتامینەکەدا نابینێت و هاوکاتیش دەبێتە هۆی سووتانی پێست (تاوەسووت) و تەنانەت لەوانەیە شێرپەنجەی پێستیش.

ئەگەرچی چاوگی سەرەکیی دەستخستنی ئەم ڤیتامینە خۆدانە بەر خۆرە، بەڵام نابێ زێدەڕۆیی لە خۆدانە بەرخۆر بکەین، چونکە زیانی زۆرە و ڕەنگە شێرپەنجەی پێستی لێبکەوێتەوە. مەودای کاتەکەش بەپێی ڕەنگی پێست دەگۆڕێت، بۆ بەدەستهێنانی ڤیتامینی پێویست ئەوەندە بەسە کە ڕۆژانە قۆڵمان (تا ئانیشک) و قاچیشمان (تا ئەژنۆ) بەئەندازەی نیوەی ئەو کاتەی دەبێتە هۆی تاوەسووت بخەینە بەر هەتاو.

* زیندەزانی، زانکۆی سلێمانی




## بەرەو وەرزی ژەهراویبوون بە خۆراک

# چۆن دەزانی ژەهراوی بوویت؟

د.محەممەد بەرزنجی

ژەهراویبوون بە خۆراک، تووشبوونە بە نەخۆشی بەهۆی خۆراکێکەوە کە وردە زیندەوەرەکانی وەک بەکتریا و ڤایرۆس و مشەخۆرەکان یان ژەهرەکانیان لەسەری گەشەی کردبێ. بەشێوەیەکی گشتی مەترسیدار نییە ئەگەر زانستیانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ساڵانە لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما و گۆڕانی پلەکانی گەرمی، ژەهراویبوون بەخۆراک سەرهەڵدەدات و دەبێتە کێشەیەکی باو.

### ئەو خۆراکانەی مرۆڤ ژەهراوی دەکەن

خواردنەکان دەکرێ لە هەر قۆناغێکدا (بەر لە لێنان و خواردن، هەڵگرتن و خواردن) تووشی پیسبوون بێن و لەکاتی خواردنیاندا مرۆڤ ژەهراوی بکەن. بەشێوەیەکی گشتی:

- ئەو خواردنانەی بەتەواوی ناکوڵێنرێن، وەکوو گۆشت.
- خواردنێک کە بەشێوەیەکی دروست هەڵناگیرێت، پلەی گەرمی و پاکوخاوێنی شوێنەکە لەبارە بۆ گەشەکردنی زیندەوەری زیانبەخش.
- خواردنی نان بە دەستی نەشۆردراو یان لەکەلوپەلی پیسدا.
- نەشۆردنەوەی میوە و سەوزە و خۆراکەکان.
- ئەو کەسانەی خواردن ئامادە دەکەن خۆیان نەخۆش بن یان مەرجەکانی سەلامەتی وەلابنێن.
- خواردنی ماوە بەسەرچوو، یان ئەو خواردنانەی شوێنی هەڵگرتنیان سەلامەت نییە.
- گەرمکردنەوەی خواردنی ژەمەکانی ڕابردوو.

کاتێک مرۆڤ خۆراکێکی نەشیاو و خراپبوو دەخوات، واتە ئەو خۆراکانەی مەرجی تەندروستییان تێدا نییە، ئەو خۆراکە ژینگەیەکی زۆر لەبارە و بەکتریا زیانبەخشە مەترسیدارەکان زۆر بەخێرایی تێیدا گەشە دەکەن. دوای خواردنی خۆراکێکی لەم چەشنە، زیندەوەرە زیانبەخشەکان کاریگەریی گەورە لەسەر کۆئەندامی هەرس دادەنێن و سیستمی کارکردنی ئەندامەکانی تێکدەدەن، دواتر نیشانەکان دروست دەکەن.

### نیشانەکانی چین؟

بەهۆی ئەوەی ژەهراویبوونی خۆراک بە پلەی یەکەم کاردەکاتە سەر کۆئەندامی هەرس، بۆیە نیشانەکان دەکرێ ئەمانە بن:

- ڕشانەوە و سکچوون.
- سکئێشە یان ئازاری گەدە.
- بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش (تا)
- نەمانی ئارەزووی خواردن.
- هەستکردن بە ماندوویەتیی زۆر و ئازاری ماسولکەکان.

### چارەسەر چییە؟

چارەسەری ژەهراویبوون بەخۆراک بەپێی ئاستی تووشبوون و نیشانەکان دەگۆڕێت، هەندێجار پێویست ناکات سەردانی پزیشک بکەیت، لەماڵەوە دەتوانی چارەسەری خۆت بکەی، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت.

### چارەسەرکردن لە ماڵەوە:

شلەمەنی و ئاوی زۆر بخۆوە: پێویستە ڕۆژانە لانیکەم دوو بۆ سێ لیتر ئاو بخۆیتەوە. هەروەها شەربەتی میوەی فرێش یارمەتیدەر دەبێ بۆ قەرەبووی ئاو و خۆراکە لەکیسچووەکان.

- ژەمە خۆراکەکانت دابەش بکە و ژەمی زۆر و کەم کەم بخۆ. هەروەها ئەو خۆراکانە بخۆ کە هەرسکردنیان ئاسانترە، وەک شۆربا و میوەکان.
- پشوودان زۆر گرنگە و هەرچەند باشتر پشوو بدەن هێزی زیاترتان بۆ دەگەڕێتەوە و سیستمی بەرگریی لەشتان چالاک دەبێتەوە و بە تەواوی لەدەست ژەهراویبوون ڕزگارتان دەبێت.
- خواردنەوەی شلەی (ORS) کە لە دەرمانخانە و مارکێتەکان بەردەستە و بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لەسەری نووسراوە ئامادەبکرێت و بخورێتەوە.

### کەی سەردانی پزیشک دەکەیت؟

زۆربەی کات کە مرۆڤ تووشی ژەهراویبوون دەبێ، پێویستی بە سەردانی پزیشک نابێ، تەنیا بە پشوودان و خواردنەوەی زۆری ئاو و شلەمەنییەکانی دیکە لە ژەهراویبوونەکە ڕزگاری دەبێ، بەڵام کاتێک نیشانەکانی درێژخایەن بوون یان یەکێک لەمانەی هەبوو، پێویستە سەردانی پزیشک بکات:

- جەمسەرەکانی تەمەن: منداڵی بچووک و کەسانی بەتەمەن لەبەرئەوەی سیستمی بەرگریی لەشیان وەک پێویست نییە، ئەگەری دروستبوونی کێشەی تەندروستییان زیاترە.
- نیشانەکانی وەک سکچوون و ڕشانەوە و تا، ئەگەر ماوەیەکی زۆریان خایاند.
- نیشانەکانی وشکبوونەوەت لەسەر دەرکەوت: لە ئەنجامی سکچوون و ڕشانەوە، شلەیەکی زۆر لە لەشی کەسەکە دەڕوات، بۆیە دەکرێ کەسەکە وشک ببێتەوە، ئەویش بەو نیشانانە دەناسرێتەوە: وشکبوونەوەی دەم و زمان، بەقووڵداچوونی چاو، میز نەکردن یاخود کەمبوونەوەی میز، خێرا لێدانی دڵ و دابەزینی گوشاری خوێن.
- بوونی خوێن لەپیسایی یان لە ڕشانەوەدا: هەندێ بەکتریای مشەخۆر ڕووپۆشەکانی کۆئەندامی هەرس دەڕووشێنن یان بریندار دەکەن، ڕەنگە ڕووداوی نەخوازراو بەدوای خۆیاندا بهێنن، بۆیە دەبێ سەردانی پزیشک بکەیت.
- تێکچوونی باری هۆشمەندی و بەرزبوونەوەی زۆری پلەی گەرمیی لەش.
- ئەو ئافرەتانەی دووگیانن.
- ئەو کەسانەی سیستمی بەرگریی لەشیان لاوازە، بۆ نموونە نەخۆشانی شێرپەنجە و ئایدز و ئەو کەسانەی نەخۆشیی سستبوونی گورچیلە و دڵیان هەیە.

خۆپاراستن لە ژەهراویبوون بە خۆراک:

- خواردنەکان لەشوێنی گونجاو و تەندروست هەڵبگیرێت و جوان بکوڵێنرێ.
- شۆردنەوەی سەوزە و میوە و خۆراکەکان بەر لەخواردنیان.
- دڵنیابە لەسەرچاوەی ئاوی ماڵەکەت، ئەگەر کرا بەپێی ڕێنمایی لایەنە پەیوەندیدارەکان کلۆر بەکاربهێنە.
- ڕۆژانە بەبەردەوامی دەستەکانت جوان بشۆ، بەر لەنانخواردن، دوای نانخواردن و لەکاتی دەستلێدان لە شتی ناپاک.
- هەتاوەکوو بۆت دەکرێت لە دەرەوە نان مەخۆ، یان چێشتخانەیەک هەڵبژێرە کە مەرجی تەندروستیی تێدابێت.
- منداڵان فێری پاکوخاوێنی بکرێن و لەخواردنی سەر عەرەبانە و دەرەوە ئاگادار بکرێنەوە.
- خواردنەکان بەپێی پێویستیی ژەمەکە دروست بکرێن و خواردن هەڵنەگیرێت بۆ ژەمی داهاتوو، گەر خواردنیشت هەڵگرت لە ژینگەیەکی گونجاو دایبنێ.

# "سوڵتانی نوێ" تورکیا بەرەو کوێ دەبات؟



ڕووداو- هەولێر

لە کانوونی یەکەمی 1921 دا ئەنجوومەنی باڵای نیشتمانیی تورکیا نیمچە دەستوورێکی بەناوی "یاسای ڕێکخستنی بنەڕەتی" پەسەند کرد. ئەو یاسایە نزیکەی سێ ساڵ پێش ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئاتاتورک داڕێژرا کە خۆی یەکێک لە هاندەرە سەرسەختەکانی داڕشتنی ئەو یاسایە بوو. ئەو نیمچەدەستوورە نوێیە کە بە مەبەستی دامەزراندنی تورکیای نوێ لەسەر بنەمای سیستەمی پەرلەمانی نووسرابوو، بناغەی دەستووری کۆماری تورکیای دانا. ئاکامی گشتپرسییەکەی ڕۆژی 16ی نیسان، داخستنی دەرگا لەسەر ئەو نیمچە یاسایە و ئەو مۆدێلە لە تورکیا بوو کە سەردەمانێک ئاتاتورک خەونی پێوە دەبینی، ئەمەش هەم لەسەر ئاستی نێوخۆیی و هەم نێودەوڵەتی، کاریگەریی گەورەی دەبێ.

## دەرفەت و بەربەستەکانی بەردەم ئەردۆغان

لە گشتپرسییەکەی ڕۆژی 16ی نیساندا 51.4%ی دەنگدەران دەنگیان بە "بەڵێ" (واتە گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئیداری بۆ سەرۆکایەتی) و 48.6%یش دەنگیان بە "نەخێر" (واتە هێشتنەوەی سیستەمی پەرلەمانی لە تورکیا) دا. جیاوازیی کەمی نێوان دەنگەکان لەلایەکەوە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تورکیای ئێستا بەسەر دوو بەرەی یەکساندا دابەش بووە و لەلایەکی دیکەشەوە هۆشدارییەک بە ئەردۆغان دەدا کە جێبەجێکردنی پلانەکەی کارێکی ئاسان نابێ.

سۆنەر چاگاپتای، لێکۆڵەر و شارەزای کاروباری تورکیا لە پەیمانگای واشنتن پێیوایە ئەردۆغانیش بەنیازە دامەزراوە و ئامرازەکانی دەسەڵات بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئاتاتورک هەوڵی داڕشتنەوەی تورکیا لەسەر بنەمای ئەو وێنایە بدات کە خۆی بۆ تورکیای هەیە "واتە تورکیایەکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی، لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسی".

لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەرکی ئەردۆغان لە هی ئاتاتورک قورستر دەبێ، لەبەر ئەوەی "ئاتاتورک وەکوو ژەنەراڵێک دەسەڵاتی (وڵاتێکی شکستخواردووی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) وەرگرت، بەڵام ئەردۆغان حوکمی دەسەڵاتێکی دیموکراتیکی کردووە". چاگاپتای کە نووسەری کتێبی "سوڵتانی نوێ"یە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە "تورکیا لەڕووی دیموگرافییەوە زۆر لەوە فرەڕەنگترە، لەڕووی ئابوورییەوە لەوە گەورەترە و لەڕووی سیاسیشەوە لەوە ئاڵۆزترە کە یەک کەس بتوانێ بەپێی بیرکردنەوەی شەخسیی خۆی دایبڕێژێتەوە. هەتا ئەو کاتەی تورکیا وڵاتێکی دیموکراتیک بێ، ئەردۆغان ناتوانێ بەحەزی خۆی مامەڵە بکات، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ لە هەنگاوەکانی داهاتوویدا تاکلایەنەتر مامەڵە بکات و تەنانەت کۆتاییش بە پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیا بهێنێ".

ئارۆن ستاین، لێکۆڵەر و شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک پێیوایە پێکهاتە و ئامانجە سیاسییە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا خاڵێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەردۆغان. ستاین جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرچەندە دەنگەکانی گشتپرسییەکە زۆر لە یەک نزیک بوون، بەڵام کەمپینی دەنگی "نەخێر" بەسەر "ڕاستڕەوە سێکولارە توندئاژۆکان، جەهەپە و لایەنگرانی هەدەپەدا دابەش بووە. ئەم سێ لایەنە ڕقیان لە یەکدییە و ئەمەش ئەو خاڵەیە کە ئەردۆغان دەتوانێ بیقۆزێتەوە، چونکە هەرچەندە دەنگی ئەم سێ لایەنە پێکەوە یەکسان بووە بە دەنگی "بەڵێ"، بەڵام دەنگی ئەوان بەسەر سێ لایەنی دژبەیەکدا پارچە بووە".

بۆیەش یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەوەیە ئایا ئۆپۆزیسیۆنە سێ کوچکەییەکەی تورکیا دەتوانێ لە داهاتوویەکی نزیکدا لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەشی درێژخایەن بۆ تورکیا ڕێکبکەون کە بتوانێ بەربەست بۆ ئامانجە ستراتیژییەکەی ئەردۆغان دروست بکات؟

## تورکیا و ڕۆژئاوا

لەسەرەتای کەمپینەکانی گشتپرسیی هەمواری دەستووردا، ئەردۆغان و بەرپرسانی ئاکپارتی هێرشی توندیان کردە سەر ڕۆژئاوا. لە میتینگێکدا لە ئیستانبوڵ، سەرۆککۆماری تورکیا هەتا ئەو شوێنەش چوو کە وڵاتانی ئەورووپی بە "فاشیست" ناوببات. لێدوانە توندەکانی ئەردۆغان پاش ئەوە هاتن کە ئەڵمانیا، هۆڵەندا و سویسرا ڕێیان نەدا بەرپرسانی حکومەتی تورکیا بەشداری میتینگی لایەنگرانی دەنگی "بەڵێ" لە وڵاتەکانیان بکەن. ئەردۆغان ئەم هەنگاوەی ئەورووپییەکانی وەکوو ئامرازێکی بانگەشە بۆ ڕاکێشانی دەنگی تورکە ڕاستڕەوە توندئاژۆکان قۆستەوە.

بەڵام چاگاپتای پێیوایە دژایەتیی ئەردۆغان لەگەڵ ئەورووپییەکان بۆ پێش ڕووداوەکانی مانگی ئاداری ڕابردوو دەگەڕێتەوە، واتە ڕەگوڕیشەی ئەو کێشەیە لە ڕووداوەکانی کاتی کودێتاکەی 15ی تەمووزی ساڵی ڕابردوودایە. بەبۆچوونی ئەو لێکۆڵەرە تورکە، لە کودێتا شکستخواردووەکەی پارساڵدا خەڵک دوو ڕووداویان بینی. لەلایەک کودێتاچییەکان هەوڵی لادانی ئەردۆغانیان دا. لەلایەکی دیکەش ئیسلامییەکانی دژی کودێتا ڕێگەیان لە کودێتاکە گرت. لە شەوی کودێتا خوێناوییەکەدا 150 کەس لە لایەنگرانی ئەردۆغان کوژران، هەر بۆیە 15ی تەمووز هاوشێوەی ساتەوەختی شۆڕشەکەی 1979ی ئێران بوو لە تورکیا.

هەرچەندە ئەردۆغان لە ساڵانی هەشتا و نەوەتەکاندا ئەندامی پارتی ڕەفاهی ئیسلامی بووە کە وەکوو بیرکردنەوە سەر بە قوتابخانەی ڕوانگەی نیشتمانی (میللی گوروش) ـەو ڕۆژئاوای بە فاسید دەزانی، بەڵام لە کاتی دامەزراندنی ئاکپارتی لە 2001 ، بیرۆکەی ئیسلامی سیاسیی ڕەتکردەوە. بەڕای چاگاپتای، ڕووداو و هەڵوێستەکانی پاش کودێتاکەی تەمووزی ڕابردوو دەریدەخات کە ڕوانگەی نیشتمانی وەکوو بەشێک لە بیرکردنەوەی ئەردۆغان ماوەتەوە. چونکە هەتا ئەو کاتەش ئەردۆغان لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە نێوان ڕوانگەی نیشتمانی و پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕۆژئاوا باڵانس دروست بکات، هەرچەندە لە کێشەی کۆچبەران و لە قەیرانی سووریاشدا (بە پشتگیریکردن لە ئەحرار ئەلشام)، ئەنقەرە ڕووبەڕووی داواکانی ئەورووپا و ئەمریکا بووەوە.

لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پاش شکستهێنانی کودێتاکەی تەمووز لەسەر دەستی ئیسلامییەکانی تورکیا، هاوسەنگیی نێوان مەیلی ئەردۆغان بۆ ڕوانگەی نیشتمانی و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەورووپا و ڕۆژئاوا تێکچوو، لەو کاتەشەوە "ئیسلامی سیاسی بوو بە فاکتەری زاڵ لە سیاسەتی نێوخۆ و پەیوەندییەکانی دەرەوەی تورکیاشدا". لە ئاستی سیاسەت و گوتاری نێوخۆییدا، ئەم گۆڕانکارییە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی وەکوو "نازی"، "فاشیست" و "دوژمنانی گەلی تورکیا"دا دەبینرێ کە لە میتۆدی پەروەردەی نوێی تورکیاشدا دەبینرێ، لەو میتۆدەدا دەستەواژەی جیهاد وەکو "بەهایەکی نیشتمانی و ڕوحی" وەسف کراوە.

لەم سۆنگەیەشەوە چاوەڕێ دەکرێ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەورووپا لە قۆناغی دوای گشتپرسییەکەدا ئاڵۆزتر ببێت. بە تایبەتیش دوای ئەوەی ئێوارەی 16ی نیسان سەرلەنوێ باس و خواسی گەڕاندنەوەی فەرمانی لە سێدارەدان بۆ نێو سیستەمی سزادانی تورکیا هاتەوە ئاراوە.

مارک پیەرینی، توێژەر لە پەیمانگەی کارنیگی، پێیوایە ئەوە دوو ئاماژەی تێدایە کە یەکێکیان نێوخۆییە وئەوەی دیکەیان داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا دەگرێتەوە. لە ئاستی نێوخۆییدا "ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ نارازییەکان کە دروستکردنی کێشە بۆ دەوڵەتی تورکیا دەشێ فەرمانی لەسێدارەدانی بەدواوە بێ. لەسەر ئاستی دەرەوەشدا ئەمە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بەوەی تورکیا وازی لە هەوڵەکانی بۆ ئەندامێتیی یەکێتی ئەورووپا هێناوە". لێکۆڵەرەکەی کارنیگی پێشبینی دەکات تورکیای داهاتوو زیاتر لە کۆمارەکانی ئاسیای نێوەڕاست بچێ، نەک ئەو دیموکراسییەی کە یەکێتیی ئەورووپا تەمەننای دەکرد.

هەرچەندە پاش سەرکەوتنی ئەردۆغان لە گشتپرسییەکەدا، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، پیرۆزبایی لە ئەردۆغان کرد، بەڵام پیەرینی چاوەڕێ دەکات لەمەودوا ئەنقەرە سیاسەتێکی توندتر لە ئاست واشنتن پەیڕەو بکات، بەتایبەتیش لە دوای 2019 کە ئاکامەکانی گشتپرسییەکە دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە. خاڵە ناکۆکەکانیش پەیوەندییان بە ڕادەستکردنەوەی فەتحوڵڵا گولەن (کە ئەردۆغان بە ڕێکخستنی کودێتاکە تۆمەتباری دەکات)، دادگاییکردنی ڕەزا زەراب لە ئەمریکا کە تۆمەتبارە بەوەی پارەی بۆ حکومەتی تورکیا سپی کردووەتەوە و سزاکانی سەر ئێرانیشی دەور داوەتەوە. خاڵی سێیەمیش کە لە دوو خاڵەکەی دیکە گرنگترە و تورکیا بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆی دەزانێ، پەیوەندی بە هاوکارییەکانی واشنتن بۆ هێزەکانی یەپەگە و هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە هەیە. چاوەڕێ دەکرێ ئەنقەرە لەسەر ئەم سێ پرسە هەڵوێستی بەرامبەر واشنتن توند بکات.

پێشنیازێک بۆ سەرۆک ترەمپ:

# فیدراڵیزمی سووریا دەتوانێ ڕێ لە جینۆساید بگرێ

جەیسن جۆنز و جۆن زمیراک*

ئێستا هەموومان دەزانین لە سووریا چی ڕوودەدا. ڕاپۆرتەکانی شەڕی سووریا، چیرۆکەکان سەبارەت بە توندوتیژی لە هەموو لایەکەوە بەر گوێمان دەکەون. هەموو ئەوانە هانمان دەدەن پشتگیری لە بەشدارییەکی گەورەی ئەمریکا لە سووریا بکەین.

چ هیوایەک هەیە بۆ وڵاتێک کە هاووڵاتییەکانی بە سێ زمانی تەواو جیاواز قسە دەکەن، بڕوایان بە ئاینی تەواو دژبەیەک هەیە، ئەندامانی هەرکام لەو ئایینانە نەفرەت لە ئەندامانی ئایینەکانی دیکە دەکەن و بەبێ باوەڕیان دەزانن؟ چ هیوایەک هەیە بۆ وڵاتێک کە تێیدا توندوتیژیی ئاینی و ئێتنیکییەکانی هەرکام لە لایەنەکان دەتوانێ مێژوویەک لە توندوتیژی دروست بکات. ئەوەی باسی دەکەین سووریا نییە، بەڵکو سویسرایە.

ئەوە ڕاستییەکە، سویسرا یەکێک لە دەوڵەمەندترین و ئارامترین وڵاتانی سەر گۆی زەوییە. سویسرا باجی کەمە، حکومەتێکی بچووکی هەیە و خاوەنی دیموکراتیکترین دەستوورە. لەوێ ئازادیی ئاینی،، مافەکانی چەکهەڵگرتن و ئازادیی ڕادەربڕین، تەنانەت باشتر لەوەی ئەمریکاش پارێزراوە. زۆربەی باجەکانی هەر تاکێکی سویسری دەچێتەوە شارۆچکەکەی خۆی، نەک حکومەتی فیدراڵی. هەر هاووڵاتییەک دەتوانێ واژۆ کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی داوای گشتپرسی بۆ گۆڕینی یاساکانی وڵاتەکەی بکات.

بەڵام سەردەمانێک سویسرا زۆر لە سووریا دەچوو. پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتە دەستیان لە هێرشی تۆڵەسەندنەوەی خوێناویدا هەبوو. کەنیسەکانی ئەو وڵاتە بە زەبری قامچی ئەندامەکانی خۆیان دەبردە ئەو شەڕەی هەردوولا بە شەڕی پیرۆزیان دەزانی. کاتۆلیکەکان لە مەراسیمی ڕازاوەدا و بە نان و شەرابەوە بەناو شارۆچکە پرۆتستانتەکاندا دەڕۆیشتن. ئەمە مەترسیی هێرشی کالڤینییەکان (بۆ سەر کاتۆلیکەکان)ی هێنابووە ئاراوە. هەر بۆیە کاتۆلیکەکان لە نێوان گەنجەکاندا تاقمی تەقەکردنیان دروستکرد. ئەو گەنجانە شانبەشانی قەشەکان ڕێیان دەکرد و چەکەکانیان نمایش دەکرد. ساڵی 1847 کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان شەڕێکی نێوخۆییان هەڵگیرساند، شەڕەکە بەوە کۆتایی هات کە یەسوعییەکان لە سویسرا دوورخرانەوە.

## لامەرکەزی سویسرای ڕزگارکرد

چ شتێک سویسرای ڕزگار کرد لەوەی وەکوو سووریای لێبێ؟ وەڵامی پرسیارەکە سادەیە: لۆکاڵیزم و لامەرکەزی سویسرای ڕزگار کرد. ئەمە دەتوانێ سووریاش ڕزگار بکات. ڕاستییەکەی، ئێستا پلانێکی ئاشتی لەسەر هەمان کۆمەڵە بنەما لەسەر مێزی دانوستاندنەکانی ئاستانەیە کە ڕووسیا پشتگیریی دەکات و هەتا ئێستا ئەمریکا بایکۆتی دەکات.

"فیدراڵیزم"ێکی ڕاستەقینەی ئەمریکی نموونەیەکی باش و بەرجەستەبووی لۆکاڵیزمە. لەو سیستەمەدا ماین، میسیسیپی، کالیفۆرنیا و کۆلۆرادۆ خۆیان زۆربەی یاساکان بۆ خۆیان دادەنێن و یاساکان لەگەڵ بەها و نەریتەکانی هاووڵاتیانی خۆیان دەگونجێنن. لە ئامۆژگارییەکانی پاپاکاندا، ئەم بیرۆکەیە "بەرتەسککردنەوەی سنووری دەسەڵاتی ناوەند"ی پێدەگوترێ. ئەم بیرۆکەیە دانراوە بۆ ئەوەی هێندەی مومکین بێ دەسەڵاتی سیاسی لەو هاووڵاتیانە نزیک بکرێتەوە کە بڕیارەکانی دەسەڵاتی سیاسی کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات. واتە (لەو سیستەمەدا) تۆ دەتوانی لە کۆبوونەوەیەکی لۆکاڵیی شارۆچکەکەی خۆتدا لەبارەی قورسایی باجی سەر شانت دیبەیت بکەیت.

سویسرییەکان کە دوای شەڕە نێوخۆییەکەی 1847 خەریکی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان بوون، چاویان لە حکومەتی ناوەندگەرای فەرەنسا نەکرد. بەڵکو سیستەمی سیاسیی خۆیان لەسەر مۆدێلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانا. ئەوان لە یاسا نوێیەکەیاندا کۆمەڵێک ڕێوشوێنیان بۆ پاراستنی مافەکانی هەموو هەرێمەکان دانا و بەشی زۆری دەسەڵاتە سیاسییەکەیان خستە دەستی هەرێمەکانەوە.

بێگومان کەسانێک هەبوون خوازیاری دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز بوون، دەسەڵاتێک بتوانێ خواستەکانی یەکێک لە لایەنەکان بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەدا بسەپێنێ. ئەو سویسرییانەی بەمجۆرە بیریان دەکردەوە پێشوازییان لە هێرشی ناپلیۆن دەکرد، بەڵام ناکۆکییە قووڵە نێوخۆییەکان وایان کردبوو ئەم پلانە مەحاڵ بێ، لانیکەم بەبێ حکومەتێکی سەرکوتکەر مەحاڵ بوو کە خوازیاری سەرکوتکردنی کاتۆلیکەکان و کالڤینییەکان، فەرەنسی و ئەڵمانزمانەکان، شارنشین و جووتیاران بێ، بۆ ئەوەی ناچاریان بکات بە ناخۆشی و نابەدڵییەوە ملکەچ بن.

بێگومان ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە حکومەتە سێکولارە گرژەکەی بەشار ئەسەد کردی. ئەو زۆرینەی سوننەی سووریای سەرکوت کرد، لە کاتێکدا پارێزگاری لە کەمینە عەلەوییەکەی خۆی، مەسیحییەکان و گرووپە بچووکەکانی دیکە دەکرد کە داڵدە دراون. گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانیش کە تورکیا و سعودیە پشتگیرییان دەکەن، بەهەمانشێوە پشت بە توندوتیژی دەبەستن.

پێکەوە گونجاندنی زۆرەملێی گەلەکان و هەرێمەکان مۆدێلی دەوڵەتی سەدەی بیستەمە. حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز، کە خۆی بۆ "مەزنیی نەتەوە" تەرخان کردووە، یەک ئایدیۆلۆژیا دەکات بە قورگی هەموو گوند و گەڕەکێکی وڵاتەکەدا.

ئەوە ئەو مۆدێلەیە کە هێزەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ لە 1916 بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیاندا سەپاند و هاوکاتیش کۆمەڵێک سنووری نالۆژیکییان لە ناوچەکەدا کێشا و هیچ حیسابێکیان بۆ جیاوازییە قەومی و ئاینییەکانی ئەو خەڵکانە نەکرد کە سنوورەکانیان بۆ کێشراوە.

هەتا ئێستاش تاکە ئەڵتەرناتیڤ بۆ دەسەڵاتە ناسیۆنالیستییە توندوتیژ و ناوەندگەراکانی وەکوو ئەسەد (کە پێشتر سەدام حوسێن بەکاری هێنابوو) بریتی بووە لە تیۆکراسییەکی ئیسلامی. ئێستا گرووپە ئیسلامییەکانی وەکوو قاعیدە تینووی گرتنەدەستی دەسەڵاتن لە سووریا. ئەوانیش دەیانەوێ یەک بیروباوەڕ و یەک شێوازی ژیان بەسەر ناوچە جیاجیا و زیندووەکاندا بسەپێنن. جیاوازییەکەی هەر ئەوەندەیە کە ئیسلامییەکان بۆ سەرچاوەی یاسا و نەزم پەنا بۆ شەریعە دەبەن. ئەمەش بۆ کەمینە ئاینییەکان هەواڵێکی ناخۆشە. هەر بۆیە چەندین ملیۆن عەلەوی و مەسیحی بۆ پاراستنی خۆیان یان پەنا بۆ ئەسەد دەبەن یان بۆ میلیشیا کوردییەکان.

ئەگەر بڕیار بێ ئەسەد دەست بەسەر هەموو سووریادا بگرێتەوە، ئەوە ئەو بە شێوەیەکی دڕندانە دەکەوێتە گیانی ئیسلامییەکان و ژیان لە سوننەکان دەکاتە دۆزەخ. ئەگەریش ئەمریکا دەسەڵاتی ئەسەد بڕووخێنێ و لێگەڕێ ڕووداوەکان "بە ئاسایی" ڕەوتی خۆیان بکەن، ئەوە تیۆکراتەکانی پەیوەندیدار بە ئەلقاعیدە هەمان شت بەسەر عەلەوی، شیعە و مەسیحییەکان دەهێنن.

ئەگەر تورکیا دەستی باڵای هەبێ لە چارەسەرکردنی ڕەوشی سووریادا، لە میلیشیا کوردییەکان دەدات کە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلە تایبەت و ئازارچەشتووەکەی خۆیان دەکەن.

هیچ هیوایەک نییە بەوەی حکومەتێکی بەهێزی ناوەندی (لە سووریا) بێتە سەر کار کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی بگرێ. کەواتە حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز چارەسەر نییە بۆ وڵاتێک کە لەڕووی ئاینی و کولتوورییەوە هێندە فرەبەش بێت. دەسەڵاتی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز لە دەستی هەرکەسێکدا بێ، دەکەوێتە گیانی ئەوانی دی و سەرکوتیان دەکات.

## دەست بە دانوستاندنەکانی ئاشتی بە پشتگیریی ڕووسیا بکەنەوە:

ڕێگەچارەیەکی باشتر هەیە. دانوستاندنی ئاشتیی لە ئاستانە کە ئێستا وەستاوە، وێنای چارەسەرێک لەسەر ستایلی سویسرایان بۆ قەیرانی سووریا کردبوو. هەرکام لە ناوچەکان کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی لایەنێک لە لایەنەکاندایە، جۆرێک لە کانتۆن دروستدەکات، ئەو کانتۆنەش زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی دەبێ کە لە حاڵەتە ئاساییەکەدا بۆ دەوڵەتی ناوەندی دەگەڕانەوە. ئەم کانتۆنانەش لە ڕێگەی کۆنفیدراسیۆنێکەوە بە یەکەوە دەبەسترێنەوە کە ئامانج لێی پاراستنی ئاشتی و ئارامییە لە نێوان کانتۆنەکاندا. ئەو خەڵکەش کە کەوتوونەتە کانتۆنێکەوە و بەو کانتۆنە دڵخۆش نین، دەتوانن لێی دەربچن و ڕوو لە کانتۆنێکی دیکە بکەن کە مامەڵەی دۆستانەیان لەگەڵدا دەکەن.

مۆدێلی سویسری ئێستا لە سووریا هەیە، فیدراسیۆنی باکووری سووریا کە لە لایەن کوردەوە بە هاوپەیمانێتی مەسیحی و عەرەبە لێبووردەکان بەڕێوەدەبردرێ، لە کۆمەڵێک کانتۆنی خۆبەڕێوەبەر پێکهاتووە کە لە پەیوەندییەکی ئارەزوومەندانەدان. ئەوە ئەو بەشە لە سووریایە کە تێیدا ئافرەتان لە سیاسەتدا بەشدارن، هەموو گرووپە ئاینییەکان ئازادن، دەسەڵاتیش لە خەڵک (واتە خەڵکی ناوچەکە) دوور نەکەوتووەتەوە.

یان لەبری ئەمە دەشێ ئەوەی عێراق دووبارە بکەینەوە. ئێمە لە عێراق پلانێکی دیکەمان تاقیکردەوە: سەندنەوەی دەسەڵات لە ناسیۆنالیستە دڕندە و سێکولارەکان. پاشان چەند تریلیۆن پارەمان خەرج کرد بۆ ئەوەی دیموکراسییەکی ناوەندگەرای لەرزۆک دامەزرێنین و خۆمان عێراق جێبهێڵین. ئەمە داعشی خستەوە، دواتریش زۆربەی عێراقی وێران کرد و مەسیحییەکانی پاکتاو کرد. لە جیهانی عەرەبیدا حکومەتێکی ناوەندیی دیموکراتیکی لێبووردە نییە کە لەسەر بنەمای دەستوور کار بکات. بۆیە لە هیچ شوێنێکی جیهانی عەرەبیدا ئەم جۆرە حکومەتە نییە کە وەکو مۆدێل وەربگیرێ.

بۆچی لە جیاتی تاقیکردنەوەی دووبارە و چەندبارەی ئەم پلانە گەمژانەیە، سەیری مۆدێلێکی دیکە ناکەن کە لە واقیعیشدا هەیە. ڕەنگە باشتر بێ سویسرا، لە بری ئەمریکا یان ڕووسیا گفتوگۆکانی ئاشتیی سووریا بەڕێوەبەرێت.



(فۆتۆ: AFP)

* **جەیسن جۆنز،** 43 ساڵ، ئەکتەری کۆمیدی ئەمریکییە و لە کەنەدا لەدایک بووە. ساڵی 2005-2015 پەیامنێری بەرنامەی (The Daily Show)ی جۆن ستیوارت بوو. گرنگترین کارەکانی لەو مایەوەدا ڕووماڵکردنی هەڵبژاردنە پڕکێشەکەی 2009ی ئێران بوو کە مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرکەوتنی بەسەر میرحوسێن مووسەوی و مەهدی کەڕوبی، کاندیدەکانی ڕیفۆرمخوازاندا بەدەستهێنا.

**جۆن زمیراک:** ئەکادیمیست و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ماڵپەڕی (The Stream). هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژوو، شارەزای مێژووی سیاسیی مۆدێرنی سویسرایە.

### سەرقاڵی تاوتوێکردنی بژاردەکان

# ئەمریکا سزای قورستر بەسەر ئێراندا دەسەپێنێ

ڕووداو- هەولێر

کۆشکی سپی سەرقاڵی ئامادەکردنی پلانێکە بۆ دانانی ژمارەیەک سزای نوێ لەسەر ئێران، بۆ ئەوەش خەریکی پێداچوونەوەیە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و زلهێزەکانی جیهان کە دوو ساڵ لەمەوبەر واژۆ کرا. بەرپرسانی ئەمریکی بە دووری نازانن واشنتن کۆتایی بە پابەندیی خۆی بە ڕێککەوتنەکەوە بهێنێ.

هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئێران پابەند بووە بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا کە ئامانج لێی سنووردارکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بووە بۆ کاروباری مەدەنی. هەرچەندە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکە باس لە پابەندیی ئێران بە ڕێککەوتنەکەوە دەکات، بەڵام لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "ئێران بەهۆی زۆر پلاتفۆرم و شێوازەوە وەکوو یارمەتیدەری سەرەکیی تیرۆر ماوەتەوە".

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە، سەرۆکی ئەمریکا فەرمانی بە فەرمانگە پەیوەندیدارەکان داوە کە لەژێر چاودێریی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیدا پێداچوونەوەیەک بکەن، بۆ ئەوەی "هەڵیسەنگێنن ئاخۆ هەڵپەساردنی سزاکانی پەیوەندیدار بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکایە یان نا".

ڕۆژێک پاش ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوە، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکاش ڕایگەیاند "تاران پابەند نەبووە بە ڕوحی ڕێککەوتنەکەوە و ئەمە ئەو شتەیە کە ئێران دەبێ بیکات". وەکوو لە لێدوانی ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا دەردەکەوێ، مەبەست لە ڕوحی ڕێککەوتنەکە، کەمکردنەوەی "جموجۆڵ و چالاکییە تێکدەرانەکانی ئێرانە لە ناوچەکەدا".

ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی وڵاتانی 5+1 هەر لەسەرەتاوە لەلایەن کۆمارییەکانەوە ڕەخنەی لێگیرا، ترەمپیش لە ماوەی کەمپینەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بە "خراپترین ڕێککەوتنی مێژوو" ناوی برد و چەند جارێکیش بەڵێنی دڕاندنی ڕێککەوتنەکەی دابوو. بەڵام ترەمپ لە کاتی دەستبەکاربوونی لە کۆشکی سپی ڕەخنەکانی خۆی لە ڕێککەوتنەکە سووکتر کرد.

ڕەخنە توندەکانی هەفتەی ڕابردووی ترەمپ و تیلەرسن لە کاتێکدایە کە بڕیار وایە ڕۆژی 25ی نیسان تۆم شانۆن، جێگری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری سیاسی، هاوشان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی 5+1 لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی کۆببێتەوە. ئەمەش یەکەم کۆبوونەوەی بەرپرسێکی باڵای ئەمریکا دەبێ لەگەڵ ئێرانییەکان. ئەم جۆرە کۆبوونەوەیە هەموو سێ مانگ جارێک بە بەشداری هەر شەش وڵاتەکە و ئێران بەڕێوەدەچێ.

بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی کە بەهۆی هەستیاریی بابەتەکە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە گۆڤاری فۆرێن پۆلیسی ڕاگەیاندووە: "ئەمریکا دەیەوێ بەشێوازێکی قورستر ئامرازەکانی بەردەستی (لەدژی ئێران) بەکار بهێنێ".

بەگوتەی ئەو بەرپرسە، یەکێک لە بژارەکان کە ئیدارەی کۆشکی سپی بیری لێدەکاتەوە، ئەوەیە لیستی ئەو کۆمپانیایانە فراوانتر بکات کە دەگوترێ پەیوەندییان بە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە هەیە.

شارەزایان پێیانوایە ئەم هەنگاوە دەکرێ دواجار ئێران ناچار بکات لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە، جگە لەمە قورسکردنی سزاکانی سەر ئێران لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کێشەی گەورە بۆ حەسەن ڕوحانی دروست دەکات کە خۆی بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئێران ئامادە دەکات. ڕوحانی بە نیازە لە ماوەی کەمپینەکانی هەڵبژاردنی ئێراندا جەخت لەسەر ئەو دەستکەوتە ئابووریانە بکاتەوە کە دوای ڕێککەوتنە 159 لاپەڕەییەکەی ڤیەننا بەدەستهاتوون.

ڕیچارد نێفیو کە وەکوو شارەزای بواری سزاکان لە تیمی دانوستاندنە ئەتۆمییەکانی ئێراندا بووە، پێیوایە سەپاندنی سزای ئابووریی نوێ دەکرێ ئێران بهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی بۆ ئەوان وا باشترە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێنەوە، لەبەرئەوەی لە هەردوو حاڵەتەکەدا (واتە بوون یان نەبوونی ڕێککەوتنەکە) گوشاری ئابووریی قورس لەسەر ئێران هەیە.

نێفیو پێیوایە یەکێک لەو بژارانەی ئیدارەی کۆشکی سپی دەکرێ پشتی پێ ببەستێ، ئەوەیە لێکدانەوەیەکی قورستر بۆ مادە بنەڕەتییەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکات، لەکاتێکدا ڕێککەوتنەکە خۆی ئەو بوارەی بۆ ئیدارەی ئەمریکی و ئێرانییەکانیش هێشتووەتەوە.

کەسانی نزیک لە ترەمپ بە (فۆرێن پۆلسی) یان ڕاگەیاندووە سەرۆکی ئەمریکا لە کاتی دەستبەکاربوونییەوە هیچکات ئاماژەی بە "دڕاندنی ڕێککەوتنەکە" نەکردووە. بەم حاڵەشەوە ئیدارەی کۆشکی سپی نەیشاردووەتەوە کە بە شێوازێکی قورستر سزاکان بەکاربهێنن. بۆ نموونە ئەم مانگە وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا ڕایگەیاند، کۆمەڵێک سزایان بەسەر سۆهراب سولەیمانی، برای قاسم سولەیمانی (فەرماندەی سوپای قودسی ئێران)دا سەپاندووە. بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکەی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا، هۆکاری ئەو سزایانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە براکەی قاسم سولەیمانی ڕۆڵی هەبووە لە دەستدرێژییەکانی نێو زیندانەکانی ئێران.

بەرپرسێکی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە "هەتا ئێستاش ئەو سزایانەی ئەمریکا بەسەر ئێرانیدا دەسەپێنێ، هەمان ئەو سزایانەن کە ئیدارەی پێشوو داینابوون بەبێ ئەوەی جێبەجێیان بکات".

بەگوێرەی بەرپرسانی ئەمریکا، کۆشکی سپی تەرکیزێکی تەواوی خستووەتە سەر سوپای پاسداران کە لق و پۆپێکی زۆری لە کەرتە ئابووری و پیشەسازییەکانی ئێراندا هەیە. بەرپرسانی کۆشکی سپی تاوتوێی ئەوە دەکەن هەموو سوپای پاسداران بخەنە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. حاڵی حازر تەنیا سوپای قودس کە لقی چالاکییە دەرەکییەکانی سوپای پاسدارانە، لە لیستی تیرۆری ئەمریکادایە.

یەکێکی دیکە لە بژارەکان کە ئیدارەی ئەمریکا بیری لێکردووەتەوە ئەوەیە سزای سەر ئەو کۆمپانیایانە قورستر بکات کە بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی سەر بە سوپای پاسداران دەکەن. بەپێی ڕێوشوێنەکانی ئێستا، ئەگەر سوپای پاسداران لە کۆمپانیایەکدا زیاتر لە 50% پشکی هەبێ، بازرگانیکردن لەگەڵ کۆمپانیاکە سزای بەدواوەیە، بەڵام کۆشکی سپی تاوتوێی ئەوە دەکات ئەو ڕێژەیە کەم بکاتەوە.

بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ بتوانێ ئەوە جێبەجێ بکات، دەبێ دەستکاری ڕێنماییەکانی وەزارەتی خەزێنە بکات. چونکە هەتا ئێستا سزاکانی سەر ڕێکخراو و وڵاتان هەموو کات بۆ سەرەوەی 50%ی پشکەکان دانرابوون و ئەمە وەکوو ستانداردێکی وەزارەتی خەزێنەی لێهاتبوو.

بەرپرسانی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا بە فۆرین پۆلسییان ڕاگەیاندووە، ئەگەر ترەمپ بتوانێ ئەو ڕێژە ستانداردە کەم بکاتەوە، ئەوە سەدان کۆمپانیای ئێران دەکەونە لیستی ڕەشەوە، بەو هۆیەشەوە ئەستەمە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان حەزێکی ئەوتۆیان بۆ وەبەرهێنان لە ئێران بمێنێ، واتە ئەو ئامانجەی ئێران ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی بۆ کردبوو لە بنەڕەتدا کۆتایی دێ.

بەرپرسانی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا هۆشدارییان داوە ئەم هەنگاوە بە کردەوە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و بەڵێنەکانی کە بە ئێران دراوە هەڵدەوەشێنێتەوە. بە دووری نازانن ئێران بەو هۆیەوە مەترسیی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق دروست بکات.



# ئەمریکا کارتەکانی لەدژی کۆریای باکوور تاقیدەکاتەوە

ڕووداو- هەولێر

چارەسەری کێشەی ئەتۆمی و سیستەمی مووشەکیی کۆریای باکوور تەوەری سەرەکی سەردانەکەی مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بووە. هەر بۆیە سەیر نییە کە یەکەم وێستگەی گەشتە 10 ڕۆژییەکەی پێنس کۆریای باشوور بوو.

لەو گەشتەدا کە لە 15ی نیسانەوە دەستیپێکردووە، مەلەفی ئاسایشی ناوچەکە لەبەرامبەر هەڕەشە مووشەکی و ئەتۆمییەکانی کۆریای باکوور و فراوانخوازییەکانی چین لە دەریای باشوور لەسەر هەموو مێزەکانی گفتوگۆ بووە لەگەڵ بەرپرسانی کۆریای باشوور، ژاپۆن، ئیندۆنیسیا و ئوسترالیا.

جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەم گەشتەیدا ویستوویەتی وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەتیش کۆریای باشوور و ژاپۆن، دڵنیا بکاتەوە کە ئەمریکا پشتگیریی بەرگری پێشکەشی ئەو دوو وڵاتە دەکات و ئەگەر ڕێگەچارەی ئاشتیانە بۆ چەککردنی کۆریای باکوور شکستی هێنا، ئەوە ئەمریکا ئامادەیە یەکلایەنە لە دامەزراوە ئەتۆمی و سەربازییەکانی پیۆنگ یانگ بدات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی ئەمریکیی ستراتفۆر، هەڕەشەی واشنتن لە بەکارهێنانی یەکلایەنەی هێز لەدژی کۆریای باکوور بۆ ئەوەیە حکومەتی چین ناچار بکەن بێتە سەر خەت. میدیاکانی نزیک لە حکومەتی چین ئاشکرایان کردووە وڵاتەکەیان هۆشداری داوەتە کۆریای باکوور کە ئەگەر تاقیکردنەوەی دیکەی ئەتۆمی بکات، ئەوە ئەوانیش گواستنەوەی سووتەمەنی بۆ کۆریای باکوور ڕادەگرن. زۆربەی سووتەمەنی کۆریای باکوور لەلایەن چینەوە دابین دەکرێ.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، مایک پێنس لە کاتی سەردانی ئوسترالیادا ڕایگەیاند، هەتا ئێستاش هیوای ئەوە ماوە بە شێوازێکی ئاشتیانە کێشەی ئەتۆمیی کۆریای باکوور چارەسەر بکرێ، هۆکاری ئەوەشی بۆ هاوکارییەکانی نێوان چین و ئەمریکا لەم بوارەدا گەڕاندەوە. جێگری سەرۆکی ئەمریکا گوتی "بەڕاستی بڕوامان بەوەیە کە هاوپەیمانەکانمان لە ناوچەکە هاوشان لەگەڵ چین ئەو گوشارە هەڵدەگرن، چانسی ئەوە هەیە بە ئامانجێکی مێژوویی خۆمان بگەین، واتە بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە نیمچە دوورگەی کۆریا لە چەکی ئەتۆمی پاک بکەینەوە، هەنگاوەکانی چین لەو بارەیەوە جێی دڵخۆشین".

سەرەتای ئەم مانگە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە فلۆریدا لەگەڵ شی جینپینگ، سەرۆککۆماری چین، کۆبووەوە. کۆبوونەوەکە لە بواری پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئەمریکا و چیندا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە مەلەفی کۆنترۆڵکردنی کۆریای باکووردا پێشکەوتنی بەرچاو لە نێوان واشنتن و پەیژین بەدی هاتووە.

هەرچەندە بەرپرسانی ئەمریکی وای دەردەخەن چین هاوکارییەکی بەرچاوی ئەمریکییەکان دەکات لەم کێشەیەدا، بەڵام بەپێی ستراتفۆر، سێ پرسیاری سەرەکی هەیە کە لە لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکیدا ئاماژەیان پێنادرێ: یەکەمیان ئەوەیە چین هەتا کوێ ئامادەیە بۆ جڵەوکردنی کۆریای باکوور یارمەتی ئەمریکا بدات و ڕۆڵی نێوبژیوان بگێڕێ؟ (وەکوو چۆن مۆسکۆ بە حوکمی پەیوەندییە نزیکەکانی لەگەڵ تاران، لە دانوستاندنە ئەتۆمییەکانی نێوان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئێراندا ڕۆڵی نێوبژیوانی دەگێڕا).

پرسیاری دووەم ئەوەیە چین تا چ ئاستێک دەسەڵاتی بەسەر کیم جۆنگ ئون، سەرۆکی کۆریای باکووردا هەیە و کارتەکانی گوشاری چین هەتا چەندە کاریگەرن لەوەی تێڕوانینی سەرۆکی کۆریای باکوور بگۆڕن؟

پرسیاری سێیەم ئەوەیە ئەمریکا ئامادەیە هەتا چ ڕادەیەک باجی بازرگانی بە چین بدات، بۆ ئەوەی چین ڕازی بێ ڕۆڵی نێوبژیوانێکی تەواو بگێڕێ؟ بە جۆرێک کە لەگەڵ سیاسەتە ئابووری و بازرگانییەکەی ئیدارەی ترەمپدا بگونجێ. (ترەمپ لە کەمپینی هەڵبژاردنەکاندا چینی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە "دەستدرێژی" کردووەتە سەر ئابووریی ئەمریکا.

چین و کۆریای باکوور لە ساڵی 1961 ڕێککەوتنێکی بەرگرییان واژۆ کرد، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە پەکین و پیۆنگیانگ پابەندن بەوەی هەر کام لەو دوو وڵاتە ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئەمنیی دەرەکی بووەوە، وڵاتەکەی دیکە هاوکاریی بکات، لە ڕێککەوتنەکەدا جەخت لەسەر ئەوەش کراوەتەوە کە هەردوو وڵات دەبێ هەوڵی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە بدەن.

بەڵام شارەزایانی ئاسایشی چین پێیانوایە چین چیدی ناچار نییە پابەند بێ بەو ڕێککەوتنەی زیاتر لە پێنج دەیە بەسەر تەمەنیدا تێدەپەڕێ، لەبەر ئەوەی کۆریای باکوور بە چەکە ئەتۆمییەکەی، هەڕەشەی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی ناوچەکە (لەوانەش چین خۆی) دروستکردووە. ئاماژەیەکی ڕوونی ئەو نیگەرانییەش لە لێدوانی بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکادا دەردەکەوێ کە باس لەوە دەکەن فڕۆکە جەنگییەکان و تۆپخانەی چین لە حاڵەتی ئامادەباشیدان بۆ ئەو حاڵەتەی تاقیکردنەوە مووشەکی و ئەتۆمییەکەی کۆریای باکوور مەترسییەکی نەخوازراو لەسەر چین دروست بکات.

لە لایەکی دیکەوە سەرۆکی چین بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئاسیاییەکان خۆیان دەبێ کێشەی ناوچەکانیان چارەسەر بکەن، ئەوەش ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی چین نایەوێ ئامادەیی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بە تایبەتیش لە نیمچەدوورگەی کۆریا، هێندە بەهێز بێ کە کێشە بۆ ئەوان دروست بکات. بەڵام هەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی کۆریای باکوور ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی کۆریای باشوور ڕازی بێ بەوەی ئەمریکا سیستەمی بەرگریی مووشکی لەو وڵاتە دابنێ. جگە لەمەش بە گوتەی پێنس، کەشتیی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکا لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەگاتە ئاوەکانی نیمچە دوورگەی کۆریا.

دەیڤید کۆهین، جێگیری پێشووی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی ناوەندی و جێگری وەزیری خەزێنە لە ئیدارەی پێشووی ئەمریکا، پێیوایە سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئێران دەکرێ مۆدێلێک بێ بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ بتوانێ کیم جۆن ئون بە چۆکدا بهێنێ. کۆهین لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ئاماژە بەوە دەدات کە لە حاڵەتێکدا چین خۆی لە نێوبژیوانی دزییەوە، ئەمریکا دەتوانێ پشت بە سزای ناڕاستەوخۆ ببەستێ، واتە دانانی سزای ئابووری بۆ هەموو ئەو بانک و ناوەندە بازرگانیانەی مامەڵە لەگەڵ کۆریای باکوور دەکەن.

ئیدارەی ئۆباما ئەو جۆرە سزایەی لەسەر ئێران تاقیکردەوە. کۆهینیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکێک لەو هۆکارانەی ئێرانی ناچار کرد دانوستاندن بکات، سزا ناڕاستەوخۆکان بوو. لەو جۆرە سزایەدا بانکەکانی وڵاتان دوو بژارەیان دەخرێتە بەردەم: پەیوەندی و ئاڵوگۆڕ لەگەڵ پیۆنگیانگ، یان لەگەڵ واشنتن. واتە هیچ بانکێک ناتوانێ هاوکات لەگەڵ هەردوولا مامەڵە بکات. لە دۆخێکی وەهادا هیچ بانک و دامەزراوەیەکی دارایی، واشنتن بە پیۆنگیانگ ناگۆڕێتەوە.



(فۆتۆ: AFP)



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بەنیشتمانیکردنی پرسی گشتپرسی

بێگومان گرنگتر بوو ئەو کۆبوونەوانە لە پەرلەمان و لە بارەگای پەرلەمانی کوردستان بان لەبری ئەوەی وەک هەنگاوی یەکەم هێزە سەرەکییەکانی کوردستان لەبارەگای (پارتی و یەکێتی) تاوتوێی پرسی ریفراندۆم بکەن. بەڵام کە پرسێکی گرنگی وەک گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەت نەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو عینادە سیاسییەی دۆخی کوردستانی بە ئەمڕۆ گەیاند، کەواتە ناشکرێ ئیتر کورد بەدوای هیچ دەرەتانێکی تردا نەگەڕێت و هەر دەرفەت و پێشهاتێکی بۆ هاتە پێش، فەرامۆشی بکات بەهۆی ئەوەی لەسەر شێواز و چۆنێتی کاراکردنەوەی پەرلەمان ناکۆکین.

زۆر کەسایەتی سیاسیی گرنگ لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوەندەکانی توێژینەوە، باوەڕیان وایە کۆتایی داعش، سەرەتای قۆناغێکی ترە لە هاوکێشە و نەخشەی ئەم ناوچەیە. زۆربەی ئەو دەوڵەتانە بەهۆی بوونی بەرژەوەندی یاخود پێویستبوونی پێگەی سیاسی و سەربازییان بۆ سەقامگیری و ڕاگرتنی هاوسەنگیی هاوکێشە گەورەکان، چاویان لە ئایندەی ئەم وڵاتانەیە و هەموویان خۆیان بۆ هەر ئەگەر و پێشهاتێک ئامادە کردووە کە وەک لێکەوتەی شەڕی سێ ساڵەی داعش چاوەڕوانی ئەنجامەکانی دەکرێت. دڵنیام لە کوردستانیش زۆربەمان خوازیاری ئەوە بووین میللەتی ئێمەش وەک یەکێک لە گەورەترین قوربانیبەخشەکانی ئەم جەنگە، مشتومالی ناومالی خۆمان بکردایە و هەموو پێکەوە ئامادەی هەر گۆڕانکاری و ئەگەرێک باین. بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. لەکاتێکدا کۆمەڵێ هەڕەشە و مەترسیش وەک دەرئەنجامی شەڕ دوور نەبوو بێنە ڕێمان.

ئێستا دۆخێکی تازە هاتووەتە پێش، پێچەوانەی ئەو مەترسیانە، چاوەڕوانی ڕەخساندنی هەلومەرج و کۆمەڵێک دەرفەت دەکرێن کە بەهۆیانەوە کورد بتوانێ هەنگاو بەرەو دەستکەوتی گەورە بنێت. وەک هەڕەشە و مەترسییەکان یەکیاننەخستین، چاوەڕێ بووین ئەو دەرفەت و پێشهاتە تازانە ببنە هەوێنی چارەکردنی ناکۆکی و ناتەباییە سیاسییەکانمان، بەڵام دەرکەوت نە مەترسی و هەڕەشە، نە دەرفەت بۆ دەستکەوتیش، نەیانتوانی ببنە دەروازەیەک بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی کوردستان. هیچ نەبووایە لەسەر شێوازێک و بۆ چەند ئەرکێکی دیاریکراو تایبەت بە سەرخستنی پرۆسەی گشتپرسی دەکرا ڕێککەوین لەسەر ئەوەی پەرلەمان بەو جۆرەو بۆ ئەو مەبەستە کارا بکرێتەوە کە ئەمە واقیعی تاڵی پرۆسەی سیاسییە لە کوردستان، ئەوەش نەکرا. پرسیار ئەوەیە کە ئێمە لەناو ماڵی خۆمان بەو جۆرە بین و جارێ ئاسۆیەک نەبێت بۆ ڕێککەوتن و چارەکردنی کێشە نێوخۆییەکانمان، ئیتر هەموو دەرگاکان لەخۆمان دابخەین و بەنیازی هیچ دەستکەوتێک نەبین لە ئەگەری گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، یاخود ئەم دوو کەیسە لێک جیابکەینەوە، هەر لایەنە هەڵوێستی لەسەر کێشە ناوخۆییەکان هەرچۆنێکە، نەیکەین بە گرفت لەبەردەم هەنگاوەکانمان بۆ پرسی گرنگتر. پێویستە ئەمەی دووەمیان هەڵبژێرین.

وەک لە دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانی نێوان پارتی و یەکێتی ڕاگەیێنراوە، پێدەچێت هەر ئەوەیان کردبێتە نەخشە ڕێگا، کە نە ڕاپرسی لەسەر حسابی فەرامۆشکردنی کێشەکان بێت و نە مانەوەی کێشەکانیش بکرێت بە لەمپەر بۆ ریفراندۆم. بۆیە بڕیار وایە کۆبوونەوەی فراوانی هەموو حیزبە سیاسییەکان بکرێت بۆ دیاریکردنی کاتی ریفراندۆم و پێکهێنانی کۆمیتەیەک بۆ سەرپەرشتیکردنی. هەرچەندە گرنگە هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و شانبەشانی ئەوان، نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی تری کوردستانیش بەشداربن. ئەمە بۆ دەرخستنی هەڵوێستی دەستەجەمعیی خەڵکی کوردستان و نەهێشتنەوەی بواری دەستوەردانی نەیارانمان باشە نەک بۆ ئەوەی بە کردار حیزبەکان سەرپەرشتی ڕاپرسی بکەن. ئەم پرسە نابێت بە حیزبی بکرێت، بەحیزبیکردن مانای ئەوە نییە ئەگەر یەک یان دوو حیزب سەرقاڵی بوون، ئەوە بە حیزبی کراوە و ئەگەر زۆرترین حیزب تیایدا بەشدار بوون ئەوە نیشانەی ئەوە بێت کە پرسێکی نیشتمانییە.

بۆئەوەی ئەم بابەتە ببێت بە پرسێکی نیشتیمانی، پێویستە بیخەینە سەر ڕاستەڕێی خۆی، پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی 2014/7/23 یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەرکرد. لە بڕگەی یەکەمی مادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە: (بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەیەک دادەمەزرێ لەژێر ناوی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتیەکان ئەنجام بدات لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان. عێراق). ئێستا ئەو دەستەیە دامەزراوە و نوێنەری لایەنە سەرەکییەکانی وەک (پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) ئەندامن تێیدا. بۆیە پێویستە ئەوان بکرێنە واجیهەی ئەم پرسە نەک ئەوەی هەر حیزبە و نوێنەرێک دیاری بکات و دەستەیەکی تری حیزبی پێکبهێنرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی ڕاپرسی.

دەکرێت لەسەر ئاستێکی باڵا لەبری یەک کۆمیتە چەند کۆمیتەیەک لە کەسایەتیە سیاسییەکانی کوردستان دروستبکرێن بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان، هەر کۆمیتەیەک لە چەند ئەندامێک پێکبێت لەسەر بنەمای گونجاوی بۆ ئەو کارە نەک هەر حیزبە و بە نوێنەرێ بەشدار بێت. سبەی ئەگەر کۆمیتەیەک لە نوێنەری هەموو حیزبەکان دروستکرا، کێ دەڵێت هەموو ئەندامەکانی بۆ ئەرکێکی لەو جۆرە گونجاون، یان ئەگەر حیزبێک دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتێک هەبوو مەرج نییە بۆ وڵاتێکی تریش هەر ئەو نوێنەرە شیاو بێت. دەکرێت لە کەسایەتییەکانی ناو حیزبە سیاسیەکان و کەسایەتیە بێلایەنەکان کە پەیوەندیی دیبلۆماسییان فراوانە، دەستەیەکی باڵا دروست بکرێت و دابەشبکرێنە سەر چەند کۆمیتەیەک.

پێویستمان بە کۆمیتەیەک دەبێت بۆ لایەنە عێراقییەکان، ئەمە ئەرکی گفتوگۆکردنە لەگەڵ بەغدا بە حکومەت و حیزبەکانەوە، لە دەستپێکردنی ئەرکەکەیەوە تا کۆتایی ڕاپرسی ڕەنگە پێویست بکات دەیانجار سەردانی لایەنە عێراقییەکان بکات بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەش بە قازانجی سەربەخۆیی کوردستان. ئەمە بۆ ئێران و بۆ تورکیا پێویستی بە کۆمیتەی جیاواز هەیە کە ئەندامەکانی بریتی بن لەو کەسانەی بۆ ئەو وڵاتانە گونجاون و توانای دروستکردنی دڵنیاییان هەیە لە ئێران و تورکیا. کەواتە دەبێت هەر کۆمیتەیەک بۆ کارێکی دیاریکراو دروستبکرێت، عێراق و وڵاتانی دەرودراوسێ، ئەوروپا و ئەمریکا و ڕووسیا و نەتەوەیەکگرتووەکان.

سەرباری ئەوەی بەهۆی کێشەی نێوان پارتی و گۆڕانەوە، وەزیرەکانی گۆڕان لە حکومەت نەماون، بەڵام هێشتا حکومەتی هەرێم هەر سیمایەکی حکومەتێکی بنکە فراوانی هەیە، دەکرێت بەشێک لە ئەرکەکان بخرێتە سەر ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت وەزیری لایەنەکانی تر بەشدار بکرێن لەو ئەرکانە. بە کورتی و کوردییەکەی بۆ ئەوەی پرسی سەربەخۆیی سیمای حیزبی وەرنەگرێت و ببێتە خەمی هەموو خەڵکی کوردستان، پێویستە پارتی زۆرترین ڕۆڵ بدات بە لایەنەکانی دیکە کە ئەوەش تاکە زامنی سەرکەوتنێتی.



بەختیار کەریم

# هەلێکی زێڕین بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی ناوازە

لە وتاری پێشوودا باسمان لە مۆدێلی حوکمڕانیی عێراق کرد وەک مۆدێلێکی نێگەتیڤ، مۆدێلێک کە دەبێ هەموو هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی وەکو ئەو نەبین. لێرەدا هەوڵ دەدەین باس لە چوارچێوەیەکی کردەیی بکەین بۆ بەشداریی بێمەرجی کەمینەکان لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتێکدا کە هیچ نەتەوە و ئاینێک هەژموونی نەبێت بەسەر ئەوانی تردا.

دەوڵەتی عێراق، هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ، نەیتوانیوە ببێتە نیشتیمانێک بۆ هەمووان و لە ئەنجامدا هەستی نیشتیمانپەروەری دروست نەبووە. دەوڵەت لە عێراق نەیتوانیوە شوناسێکی سەربەخۆی سیاسی- یاسایی وەربگرێت، بەڵکو تەنها وەک دیوەخان/ تەکیەی نەتەوەی سەردەست وێناکراوە، ڕۆژێک مزگەوتێکە لەسایەی عەرەبی سوننەدا و ڕۆژێکی تر حوسەینییەیە لە سێبەری عەرەبی شیعەدا. لە دەوڵەتێکی لەم جۆرەدا، کەمینەکان دەخرێنە بەردەم بژارەی قبوڵکردنی چوارچێوەی سەپێنراو یان پۆلێنکردن وەک خیانەتکار. چونکە ئەوەی لەم ڕوانگەیەدا سەروەری دەوڵەتە، خەڵک نییە، بەڵکو گرووپێکی دیاریکراوە لە خەڵک کە شوناسێکی "نەتەوەیی باڵا" و "ئاینیی پیرۆزیان" هەیە.

هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی ددانپێدانراو، چەندین ساڵە وەک دەوڵەت کاردەکات. لە زۆر ڕووەوە هەرێمی کوردستان سەرکەوتووتر بووە لە دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵێک هەنگاو لەپێش عێراقەوە بووە. کەمینەکان کە لە دۆزەخی عێراق ڕادەکەن، لە هەرێمی کوردستان ئامێزیان بۆ دەکرێتەوە. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەژانی سیاسی، سەربازی و ئابووری بووەوە و یەکێک لە ئاکامە خراپەکانیشی پشتکردنە ئەو پرەنسیپە دیموکراسییانە بوو کە جێی سەرنجی جیهان بوون. ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم ڕێچکەیە و دووپاتکردنەوەی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، لەڕێگەی داڕشتنی چوارچێوەیەکی سیاسی- یاساییەوە بۆ کیانی ئایندەی هەرێمی کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان (دەوڵەت بێت یان هەر فۆرمێکی تر)، چوارچێوەیەک کە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا دابڕێژرێت بۆ سیستمێکی سیاسی کە دیموکرات، فیدراڵ، سێکولار و مەدەنی بێت.

لەڕاستیدا ڕێکخستنی یاسایی ئێستا بەپێی دەستووری عێراق بۆ پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، گونجاو نییە بۆ ئەم دۆخە تازەیە. دەسەڵاتدارانی عێراق بەردەوام کاردەکەن بۆ دواخستن و هەڵواسینی دۆسییەکان، بەئامانجی ئەوەی لەکاتی بەهێزبوونەوەیاندا بەو شێوەیە چارەسەریان بکەن کە خۆیان دەیانەوێت. ئەم عەقڵیەتە لە پشت جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 ـەوە بەڕوونی ئامادەیە. کەواتە ناکرێت سەرکردایەتی کورد و پێکهاتەکانی تری کوردستان بەشداربن لە دواخستنی پرسەکاندا، بەڵکو پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن، لەڕێگەی گەڵاڵەکردنی دۆکیۆمێنتێکەوە کە بەغدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بکات کاردانەوەی پێویستیان هەبێت.

ڕێگەکان زۆرن بۆ داڕشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی لەم جۆرە: پەرلەمان، ئەنجوومەنێکی کاتی، پلاتفۆرم یان بەرەیەکی سیاسی و هتد... بەدەر لەوەی چ ڕێگەیەک دەگیرێتەبەر، گرنگە پرۆسەکە کراوە و دیموکراتی بێت و هەموو گرووپ و پێکهاتەکان بەشداری بکەن. ئەزموونی پێشتری ئێمە لەم ڕووەوە، ئومێدبەخش نییە. پەرلەمان، وەک دیموکراتیترین دامەزراوەی سیاسی، وێڕای ئەوەی لەژێر هەژموونی حیزبەکاندا دەنگی نووسابوو، کەچی بەو دەنگە نووساوەشەوە، هاواری دەکرد بۆ کەمکردنەوەی مافی کەمینەکان و نوێنەرایەتیان لە لیژنەکانی داڕشتن و پێداچوونەوەی ڕەشنووسی دەستوور!

دەکرێت لە داهاتوودا لەکاتی داڕشتنی هەر دۆکیۆمێنتێکی لەم جۆرەدا، کۆمەڵێک پرەنسیپی وەک کرانەوە، دیموکراسیبوون، نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان، نە سەپاندنی هیچ شوناسێکی نەتەوەیی و ئاینیی، بکرێنە بنەمای کاری ئەو جۆرە لیژنە یان ئەنجوومەنەی دۆکیۆمێنتێکی لەم جۆرە دادەڕێژن.

ڕەهەندێکی کردەیی کە زۆر گرنگە بۆ هەر پرۆسەیەکی ئاشتیانەی بونیاتنانی دەوڵەتێکی مەدەنی، بەشداری سیاسیی کەمینەکانە لە کۆی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا. دیاریکردنی جێگری سەرۆکی دەوڵەت و حکومەت یان چەند وەزارەتێکی سیادی بۆ کەمینە جیاوازەکان، یان زامنی ژمارەی نوێنەرەکانیان لە پەرلەمان لەڕێگەی کۆتاوە، کۆمەڵێک میکانیزمی کردەیی گرنگن. بەڵام لەمانە گرنگتر بەشداری سیاسیی کەمینەکانە لە دانانی ئەم جۆرە میکانیزمانەدا.

ئەوەی زامنی سەرکەوتنی پرۆسەی ئەم بەشدارییە دەکات و ئارامیی دەبەخشێت بە کەمینەکان، بەشداریی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانە، بەتایبەتی ئاژانسە تایبەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆ نموونە، ئەنجوومەنێکی تایبەتی هەمەلایەن، بەنوێنەرایەتی دادوەرانەی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، لەژێر سەرپەرشتی ئاژانسێکی تایبەتمەندی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کار بکەن بۆ داڕشتنی بەڵگەنامەیەکی یاسایی کە ببێتە بنەما بۆ دەوڵەتی ئایندە (یان هەرێمی کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان)، ئەنجامی کاری ئەم ئەنجوومەنە ڕەوایەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەدەستدەهێنێت.

پێویستە لەکاتی داڕشتنی هەر چوارچێوەیەکی یاسایی (دەستوور یان یاسای بنەڕەتی) بۆ کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە و فرەئایین، بیر لە ئاستەنگەکانی جێبەجێکردن بکرێتەوە. دیسان عێراق لەم ڕووەوە مۆدێلێکە کە دەبێت هەوڵ بدەین وەک ئەو نەبین. دەستووری نوێی عێراق (ئەگەرچی ئەو کاغەزە ناهێنێت کە لەسەری نووسراوە!) کۆمەڵێک پرنسیپی یاسایی گرنگی جێگیر کردووە، بەڵام لە واقیعدا هیچ یەکێک لەوانە جێبەجێ ناکرێن، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کەس جیاوازی لەنێوان فەرمانڕەواکانی ئێستا و ڕابردوو نەبینێت، کەواتە پێویستە چوارچێوە یاساییەکە هەر لەسەرەتاوە بیر لە کێشەی جێبەجێنەکردن بکاتەوە و میکانیزم و زامنی گونجاو دابنێت بۆ ڕێگرتن لە هەڵواسینی چوارچێوە یاساییەکە لە بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو.

پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت پرۆسەیەکی یەک هەنگاوی نییە و لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکە کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەت بەردەوام دەبێت. لەبەرئەوە بەشداریی ڕاستەقینەی کەمینەکان هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە، زامنی دروستبوونی هەستی نیشتیمانپەروەریی ڕاستەقینە دەکات و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەستوەردانی دەرەکی و بەکارهێنانی کەمینەکان وەک دەستکەلا لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە. کەمینەکان کاتێک هەستی نیشتمانپەروەریی ڕاستەقینەیان دەبێت، کە دەوڵەت بێلایەن بێت بەرامبەر بە شوناسی هەموو پێکهاتەکان و ئەرکی پاراستنی هەموو هاووڵاتیەک بێت بەدەر لە شوناسی.

هیچ ڕێگەیەک لەوە کاریگەرتر نییە کە کەمینەکان بەشداربن لە دیزاینی ئەو دەوڵەتەی تێیدا دەژین و دەیانپارێزێت. کوردستان هەلێکی زێڕینی هەیە بۆ دانانی بناغەی دەوڵەتێکی ناوازە و جیاواز لە دەوڵەتانی ناوچەکە، کە دواجار ئەم ناوازەییە دەبێتە کرۆکی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو و خۆشگوزەران.



بەرزان عەلی حەمە

# لە فەیسەڵی یەکەمەوە تا مەعسومی یەکەم

لای من حکومەتە خراپەکان تەنیا دوو جۆرن، جۆرێکیان ئەوانەن کە میللەت دەیانڕووخێنێ، جۆرەکەی تریان ئەوەیانە کە میللەت دەڕووخێنێت. نزیک بە هەشتا ساڵی ڕابردوو گەلانی عێراق حکومەتەکانیان دەڕووخاند، بەڵام لەوە بەدواوە، حکومەتەکان گەل دەڕووخێنن!

هەموو میللەتێک مافی ئەوەی هەیە حکومەتە خراپەکەی خۆی بڕووخێنێت، بەڵام بەو مەرجەی بزانێت دانەیەکی لەو باشتر دروست بکاتەوە! لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا، گەلانی عێراق هەر حکومەتیان ڕووخاند و هی نوێیان خستە جێی، بەڵام هەرگیز لەوەی پێشتر باشتریان پێ دروست نەکرایەوە. دەیان نیشانە دەیسەلمێنن کە سەردەمی مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە سەردەمی مەلیک غازیی یەکەم باشتر و سەردەمی مەلیک غازی لە سەردەمی ئەمیر عەبدوللیلا باشتر و هی ئەمیش لە فەیسەڵی دووەم باشتر و ئەمیشیان لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم باشتر و هتد...، تا دەگاتە کۆمارە خوێناوییەکەی فوئاد مەعسوم!

ئێوە لە فەیسەڵی یەکەمەوە هەتا مەعسومی یەکەم تەماشای بکەن، کورد چ ئێستا و چ ڕۆژگاری شۆڕش، بەهیچ شێوەیەک دانی بە شکۆ و پێگەی دەوڵەتی عێراقدا نەناوە، لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە هەتا ئێستا، هیچ کوردێک عێراقی بە وڵاتی خۆی نەزانیوە، سەرۆکی عێراقی بە سەرۆکی خۆی نەزانیوە، وەزیری حکومەتەکانی عێراقی بە وەزیری حکومەتی خۆی نەزانیوە، هەرچی کوردە لە وڵاتێکی دەرەکی کە لێی دەپرسن خەڵکی کوێیت؟ هەرگیز ناڵێت عێراقیم، هیچ کوردێک سروودی نیشتمانیی عێراق بە هی خۆی نازانێت و لەبەری نییە، هەرگیز کوردێک بە بەرزی و شەکاوەیی ئاڵای عێراق کەیفخۆش نییە، ئێوە نابێت هەر بەو جۆرە لە عێراق بڕوانن کە دانی بە مافەکانی کورددا نەناوە یان خۆی لێ دزیوەتەوە، لەپاڵیشیدا کورد دانی بە هیچ پیرۆزییەکی عێراقدا نەناوە.

کورد دەیەوێت لە عێراق جیابێتەوە، وڵاتێک کە بەیەک فەتوا، سێ ملیۆن لە نێرینەکانی، ناوی خۆیان لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی نووسی و ئامادەی هەموو جۆرە شەڕێکن لەگەڵ هەر نەتەوە و ئاینێکی عێراقدا پێیان بسپێردرێت، لەوانەش کورد! کورد دەیەوێت لە وڵاتێک جیابێتەوە کە سەد لەسەدی داهات و سامانەکەی لێت دەوێت و ئامادەش نییە سەددی 17ی بە دروستی و بێ کەموکورتی بداتەوە! کەواتە کورد لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە خراپە و ئەم ڕژێمە خوێناوییە، بۆیە دەیەوێت لێی جیابێتەوە. ئەدی خۆی چ دەوڵەتێک دروست دەکات؟ نە پەرلەمانی لەجێی خۆیەتی و نە سەرۆکایەتی، نە داهاتی شەفافە و نە گەلی ئامادە کردووە بۆ ڕاپرسی، مەکتەبی سیاسیی دوو حیزب لەبری نەتەوەیەک بڕیار دەدەن، گەلیان خستووەتە دووڕیانێکەوە لە ریفراندۆمەکەیاندا بڵێن: بەڵێ، بەرەو تاریکیی دەبەن و بڵێن نەخێر: هەلی لەکیس دەدەن!

بەکورت و کرمانجی، کورد نایەوێت لەگەڵ عێراقدا بژی و ناشیەوێت دەوڵەتێکی خراپتر لەوەی عێراق دروست بکاتەوە، دەوڵەتێک کە لە یەکەم هەنگاویدا نە داروڵنەدوەی هەیە و نە مەجلیس و نە پەرلەمان، دەوڵەتێک کە هەندێک لە گەلەکەی سەرۆکی وڵاتیان ناوێت و هەندەکەی تریش سەرۆکی پەرلەمان! ئەم جۆرە دەوڵەتە، یان گەل دەیڕووخێنێ، یان گەل دەڕووخێنێ!

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.




ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net


# هەڵەو کاک نەوشیروان، چۆنی؟

## 1

پێش هەڵبژاردنە گشتییەکەی ساڵی 2009 و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە، کاک مەسعود بارزانی سەردانێکی چاوەڕوانکراوی بۆ سلێمانی هەبوو، ئەوکات بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی گۆڕان وەکو پارتێکی سیاسی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکرد، نە گۆڕان و نە حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن (کۆمەڵ و یەکگرتوو) کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبوو، بە ئاشکراش پشتگیریی خۆیان بۆ کەس ڕانەگەیاندبوو.

لەو سەروبەندەدا، خەڵکێکی زۆر هەم هەوڵیان دا و هەمیش بەهیوا بوون کە بارزانی وەک چۆن سەردانی حیزبەکانی دیکەی کرد بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییان، ئاوهاش سەردانی گۆڕان و دوو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکەی دیکەش بکات. بەداخەوە ئەمە ڕووی نەدا و دوو ساڵ تێپەڕی و لە کۆتاییەکانی 2011دا، ئەو دیدارانە کران. دیداری بارزانی و نەوشیروان مستەفا زۆر یەکلاکەرەوە بوو، چونکە ڕاستە گۆڕان بەشداری لە کابینەی حەوتەم بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی نەکرد، بەڵام ئەوکات کوردستان لە بەردەم تەحەددیاتی گەورەدا بوو کە گرنگترینیان سەرکێشی و ملهوڕییەکانی نووری مالیکی بوو. هەمان دیداریش بوو بە بناغەی ئەو ئیجماعە نیشتمانییەی کە دواتر لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، گێڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان، پێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم و زۆر پرسی دیکەدا، بەدی کرا.

وا بۆ دوو ساڵ دەڕوات کە نەوشیروان مستەفا لە دەرەوەی کوردستانە و کەم تا زۆریش خەڵک دەزانێ کە چارەسەری پزیشکی وەردەگرێت. ئەگەر پەیام گۆڕینەوە و بەشداریی ماڵی بارزانی لە پرسەی خوالێخۆشبوو هاوسەری نەوشیروان مستەفادا کاریگەرییەکی کەمیشی لەسەر هێورکردنەوەی گرژییەکان هەبووبێ، ئەمڕۆ تەلەفۆنێکی ئەحواڵپرسیی بارزانی بۆ نەوشیروان مستەفا، سەد ئەوەندە کاریگەریی دەبێت. ڕاستە بە تەلەفۆنێک و دیدارێک هەموو کێشەکان چارەسەر نابن، بەڵام ئەمڕۆ گەورەترین خاڵی لاوازیی کوردستان لە پرۆسەی سەربەخۆییدا، یەکنەبوونی ناوماڵی کوردە. قەت (ئەو دەستانە نابردرێنەوە) کە تەوقە لەگەڵ یەکتری دەکەن، بۆیە چاوەڕوانی هەرە گەورە لە کاک مەسعودە کە هەموو ژیانی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک تەرخان کردووە و ئێستا چەند هەنگاوێک لێیەوە دوورە. درێژکردنی دەستی برایەتی و تەبایی بۆ نەوشیروان مستەفا، قەت لە شەڕی داعش و نەیارانی کورد قورستر نییە و قەتیش مانای تەنازول نییە، بگرە سەروەرییە بۆ بارزانی و براوە و دۆڕاوی تێدا نییە، چونکە ئەگەر ئەمجارە بیدۆڕێنین، هەموومان دۆڕاندوومانە، ئەگەریش بردمانەوە هەموومان بردوومانەتەوە.

---

## کام یەکێتی با دەداتەوە؟

## 2

ئەڵبەتە یەکێتی هەر ئەوەی ئێستا بوو، بەس تا مام جەلال هەبوو، خەڵک وەکو ئێستا نەیاندیتبوو. ئەگەر مام جەلال بە قسەی مەکتەب سیاسیی یەکێتی کردبایە، قەت ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ کاک مەسعوددا ئیمزا نەدەکرد و خوا دەیزانی ئێستا لە چ وەزعێکی دیکەدا دەبووین. بۆیە ئەوەی ئێستا دەبینرێ ئەوەیە کە یەکێتییەک هەیە لە سلێمانی کۆبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دەکات و چی ئەوان حەزیان لێبێت ئەوەیان لەگەڵ دەڵێن، یەکێتییەکی دیکەش هەیە کە لە هەولێر لەگەڵ پارتی دادەنیشن و ئەوانیش بێدڵیی پارتی ناکەن!

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد (کە داهاتووی خۆی و کوڕەکانی لە حوکمڕانیی کوردستاندا قایم کردووە) بۆ دڵنەوایی گۆڕان، بەشداریی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لەگەڵ بارزانی ناکات و، لە سلێمانی لەگەڵ گۆڕان دادەنیشێ، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلیش کە نیوەی میراتی یەکێتی بەرکەوتووە، لەگەڵ پارتی دادەنیشێ، بەڵام بۆ دانیشتن لەگەڵ گۆڕان، کوڕەکەی وەک ئەندامی لیژنەی باڵای هەماهەنگیی نێوان هەردوولا ئامادە دەبێ! بە کورتی یەکێتی هەم خوای دەوێ و هەم خورما، بەڵام ئەسڵی مەوزوع ئەوە نییە. یەکێتی زۆر زیرەکانە بە هەردوو باڵەکەیەوە لەوە دەترسن کە دەرگایەکی دیکە لەنێوان گۆڕان و پارتیدا بکرێتەوە، لە هەولێر پارتییان شاگەشکە کردووە و، لە سلێمانیش زەردەخەنەی درۆیین بۆ گۆڕانەکان دەکەن. یەکێتی باش دەزانێ کە گۆڕان بەو حاڵەی ئێستای توانای مانەوەی نییە و یاری بە ئەعسابیان دەکات. یەکێتی تەنها دوو ساڵی دیکەی پێویستە بۆ ئەوەی بە هەموو کەموکوڕییەکانی خۆیەوە، بتوانێ گۆڕان هەڵلووشێت.

ئەگەرچی یەکێتی بەو حاڵەی ئێستای توانای گۆڕینی تێکڕای هاوکێشەکەی نییە و ناتوانێ لە مەسەلەی سەربەخۆیی و ریفراندۆمدا گۆڕەپانەکە بۆ پارتی چۆڵ بکات، بەڵام توانای ئیدارەدانی پارتی و گۆڕانی هەیە. لە هەردوو ئاستدا یەکێتی سوودمەندە و ئەو بارودۆخە هەلێکی زێڕینە بۆیان و هەردوو باڵەکەش ئەوپەڕی ئیستیفادەی لێدەکەن. بۆیە پێناچێ یەکێتی لە کەس باداتەوە.

## درۆی خێرا

## 3

جاران و لەو سەردەمەیدا کە تەکنۆلۆژیای گەیاندن و زانیاری هێندە پێشنەکەوتبوو، قسەیەک هەبوو، درۆیەک بە دوو ساڵ ئینجا ئەگەر سپی بێتەوە! ئێستا ئەگەرچی درۆیەک بە دوو دەقیقە سپی دەبێتەوە، بەڵام وەکو ئەوە وایە کە دوو ساڵ بێت بڵاوبووبێتەوە! کەواتا هیچ لە ئەسڵی قەزیەکە نەگۆڕاوە، درۆ هەر درۆیە. بەڵام کاریگەرییەکەی ئێستای گەلێک زیاترە.

هەڵمەتی ناوزڕاندن، هەواڵی درۆ، فۆتۆمۆنتاژ و تەنانەت گۆڕینی دەنگی مرۆڤ و بەکارهێنانیان وەکو ئامرازێک لە دژیان سەرتاسەری سۆشیال میدیای داگیر کردووە. میدیای فەرمیش کە ئێستا بووەتە پاشەڕۆی سۆشیال میدیا، بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی هەرزان و کاریگەر، پشت بەو زانیارییانە دەبەستێ کە زۆربەی کات ناڕاستن. سۆشیال میدیاش توانای ئەوەی نییە بە خێرایی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لێک جیابکاتەوە، کە کردیشی ئیدی کار لەکار ترازاوە. بۆیە سیاسی و میدیاکاران دەتوانن ڕۆڵیان هەبێ لە بەرزەفتکردنی سۆشیال میدیادا، چونکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی هیچیان نییە و تەنها ئامرازێکە بۆ چەندین بەرابەرکردنی شتەکان نەک جەوهەری ڕاستەقینەیان.

---




عەبدوڵڵا ڕێشاوی


# کوردستان وەک قەوارەیەکی نامەزهەبی

لەبەر ئەوەی کورد پێکهاتەیەکی فرەڕەنگ و فرەچەشنە چ لەڕووی زمان و چ لەڕووی ئایین و چ لەڕووی مەزهەبیشەوە، بۆیە ئەمە دەشێت یەکێک بێت لەو هۆکارانەی لە مێژوودا کوردی بەلایەکدا نەخستووە.

ئەم فرەڕەنگییەی کورد دەشێت تەفسیرێکیش بێت لەو تەفسیرە زانستیانەی بە دوای دیاردەی "ئەفسانەی نایەکگرتوویی" لەنێو کورد دەگەڕێت.

کورد نە زمان، نە مەزهەب، نە دین و تەنانەت وەک جەماعەتەکەی سامرییش گوێرەکەیەکی نەبووە کە هەمووان لەسەری یەکدەنگ بن و ببێتە هۆی یەکخستنیان، ئەم حاڵەتە کەم تا زۆر لەناو گەلانی دیکەشدا هەیە، بەڵام لەناو کورددا حاڵەتێکی بونیادیی قووڵترە.

ڕاستە کورد لەڕووی مەزهەبییەوە زۆرینە سوننەیە-وەک دەڵێن- بەڵام هەم پێکهاتەیەکی شیعەش هەن و هەم کوردیش لە سوننەگەراییدا سەروەر و سەردار نەبووە، بەڵکوو شوێنکەوتە بووە. جگە لە پێکهاتە ئاینییەکانی تر.

جا لێرەوە لەم باسەدا ئێمە دەمانەوێت فرەڕەنگیی کورد لە خاڵێکی لاوازییەوە بۆ خاڵێکی هێز بگۆڕین. وەک قەدەرێکی خێر تەماشای بکەین نەک وەک قەدەرێکی شەڕ.

لە مێژووی ناوچەکەی ئێمەدا یەک لەو کێشانەی بە درێژایی مێژوو بووەتە کێشەیەکی ڕاستەقینە، ململانێی شیعە و سوننە بووە.

ئەم کێشەیە وەک کێشەیەکی تەمەندرێژ هەمیشە هەڕەشەی نائارامیی بووە لە ناوچەکەدا و ململانێ و چەوسانەوە و شۆڕش و ئیستیبدادێکی زۆری لێکەوتووەتەوە، بە ئێستاشەوە ئەم کێشەیە بەردەوامە و داینەمۆی زۆرێک لە کێشە سیاسییەکانی ناوچەکەیە.

دەشێت شیعەگەری بۆخۆی و سوننەگەری بۆخۆی کێشەیەکی ڕاستەقینە دروست نەکەن — هەر دروستیشی ناکەن- ئەگەر بێت و پەیوەندیی دەوڵەت بەم دووە و پەیوەندیی ئەوان بە دەوڵەتەوە ڕێکبخرێتەوە.

لە بنەڕەتدا کێشەی هەموو (جیاوازەکان) کێشەیەکی سیاسییە، ئەوەتا لە هەندێک شوێن دەبینیت ئەو جیاوازییانە چەندە تەبا و لەهەندێ شوێنی دیکەش چەندە ناتەبان.

هەر ئەمە بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کێشەی نێوان هەموو جیاوازەکان، وەک مەزهەبەکانی کاتۆلیک و پرۆتستانت، شیعە و سوننە، کێشەیەکی سیاسیی پەیوەست بە هەیمەنە و دەسەڵات و "بوون"ەوەیە، نەک کێشەیەکی بونیادی لەناو خودی جیاوازەکاندا.

واتە (جیاوازەکان) چەندە ئەگەری ڕێکنەکەوتنیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەوەندەش ئەگەری ڕێککەوتنیان هەڵگرتووە، بەشێکی گەورە لەم ڕێککەوتن و ڕێکنەکەوتنە، لەم تەبایی و ناتەباییە، پەیوەندی بە دەسەڵات و ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییانە بە دەوڵەتەوە هەیە.

لە جێگایەکی وەک خۆرئاوا بەو هەموو جیاوازی و فرە ڕەنگییەوە ڕێککەوتنەکە زیاترە وەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات یان وڵاتانی ئیسلامی کە دەشێت لە هەندێک حاڵەتدا لەم وڵاتانە جیاوازی و هەمەڕەنگییەکە کەمتریش بێت.

ئەم جیاوازییە لە ڕێککەوتن لەنێوان ئێرە و ئەوێدا هیچ نییە جگە لە جیاوازی لە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئاین و دەوڵەت، مەزهەب و دەوڵەت.

بێلایەنکردنی دەوڵەت لەنێوان ئایین و مەزهەبەکاندا کلیلی ئەو چارەسەرە بوو کە ڕۆژئاوا پاش چەندین سەدە لە جەنگ و کوشتار دۆزییەوە و وەک ڕەچەتەیەک نووسییەوە.

کاتێک دەوڵەت و دەسەڵات بێلایەن بوو لە نێوان ئایین و مەزهەبە جیاوازەکاندا، ئیدی کەس تامەزرۆیی ئەوەی نامێنێ یان ئەوە بە پێویست نابینێت کە هەوڵ بدات لەڕێگەی دەوڵەتەوە وجودی ئەوی دیکە بسڕێتەوە، نەبا ئەوی دی دەستپێشخەریی بکات و لەڕێگەی دەوڵەتەوە بوونی ئەم بسڕێتەوە.

ئێستا ڕوونە ئێمە لێرەدا باسی چی دەکەین، باسی سیکولاریزم دەکەین کە بنەما و فەلسەفەی داکوتراوی ئەم چەمکە کتومت ئەوەیە دەوڵەت بێ دین بێت! پێناسەیەک کە ئاییندارەکان لێی دەترسن، بەڵام بە سادەیی، بێدینیی دەوڵەت واتە بێلایەنیی دەوڵەت لە بەرامبەر ئایین و بە یەک مەودا وەستان لەنێوان ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا (پێناسەیەک کە ئاییندارەکان ئاساییتر وەریدەگرن).

لێرەوە دەڵێین، ئەگەر قەدەری دەوڵەتانی عەرەب ئەوە بووبێت لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام و لەناو ئاینی ئیسلامیشدا مەزهەبی سوننە دامەزرابن، هەروەها قەدەری فارس ئەوە بووبێت کە لەڕووی ئاینییەوە دەوڵەت پابەندی ئیسلام بێت و لە ئیسلامیشدا پابەندی مەزهەبی شیعە بووبێت، ئەوا قەدەری کورد پێناچێت هیچکام لەمانە بێت، ئەمەش خۆشبەختانەیە و چانسێکی جیاواز بە کورد دەدات تا ئیمتیازێکی مێژوویی تۆمار بکات بەوەی کە دەوڵەتێک بونیاد بنێت لەڕووی ئاینییەوە بێ ئاین و لەڕووی مەزهەبیشەوە بێلایەن بێت، تا هەمووان بێ جیاوازی هەست بە ئینتیما بۆ ئەو دەوڵەتە بکەن و بتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

دەوڵەتێکی لەم شێوەیە سێکولار چانس بە کورد دەدات ئیحتیوای کێشەی مەزهەب بکات و مەزهەب نەبێتە یەکێک لە هۆیەکانی ئیستیبداد لەم دەوڵەتەدا، دەوڵەتێکی لەم شێوەیە بێلایەن، وەک هەڕەشەیەک لەلایەن هیچکام لە جەمسەرەکانی شیعەگەری و سوننەگەریی جیهانییەوە تەماشا ناکرێت، هەروەک لەلایەن وڵاتانی خۆرئاواشەوە وەک نموونە دەبینرێت.

دەوڵەتێکی لەم شێوەیە چانس بە کورد دەدات جیاوازییە مەزهەبی و ئاینییەکانی بۆ خاڵی هێز بگۆڕێت.

بێلایەنیی دەوڵەت لەڕووی مەزهەبییەوە لە دواڕۆژی هەر دەوڵەتێکی کوردستاندا دەکرێت دەستپێکی کۆتاییهێنان بێت بە ململانێی شیعە و سوننە لە ناوچەکەشدا، ئەم دەوڵەتە سێکولارە کوردستانیانە، دەتوانن باوەش بۆ هەردوو لایەنی ناکۆک بکەنەوە، دەتوانن جێگە و پەنای هەر کەسێک بن کە لەڕووی مەزهەبییەوە دەچەوسێنرێتەوە.

بێلایەنیی ئەم دەوڵەتە لەنێوان شیعە و سوننەدا لە ئێستاوە دەستپێدەکات، پێویستە کورد هەمیشە سیگناڵەکانی خۆی بۆ دەرەوە بەو شێوەیە بنێرێت کە ئێمە لە ململانێی شیعە و سوننەدا بێلایەنین و کێشەیەکی لەو شێوەیەمان نییە، ئەمەش ئەرکی پارتە سیاسییەکانی کوردستانە.

---




دەیڤید ڕۆمانۆ*


# تورکیا بەرەو سەرکوتگەری

لە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵی 2017 دا لەژێر ناونیشانی "سەبارەت بە دەسەڵاتی سەرکوتکار"، تیمۆسی سنیدەر، مامۆستای زانکۆی یەیڵی ئەمریکی، فۆکەس دەخاتە سەر مێژووی سەدەی بیستەمی ئەڵمانیا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، بۆ ئەوەی هۆشداریمان بداتێ لەبارەی ئەوەی چۆن دیموکراسییەکان دەکرێ بۆ ئاستی فاشیزم دابەزن. ئەو لە کتێبەکەیدا ئەوەمان بیردەخاتەوە کە نازییەکانی ئەڵمانیا بە هەڵبژاردن هاتنەسەر کار، بەڵام دەمودەست بەرەو خنکاندنی ئازادییە مەدەنییەکان، ڕێوشوێنەکانی لێپرسینەوە لە حکومەت و ئازادی هەنگاویان نا، کە بەردی بناغەی هەموو دیموکراسییەکن. نازییەکان جێی خۆیان وەکوو دیکتاتۆرییەکی فاشیستی قایم کرد، بەم شێوازەش گەرەنتی ئەوەیان کرد لە داهاتوودا هیچ هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕاست بەڕێوەنەچێ و دەسەڵاتیان لێوەرنەگیرێتەوە.

کتێبەکەی سنیدەر دەیەوێ لەبارەی هەڕەشەکانی سەرۆکایەتی ترەمپ لە چوار ساڵی داهاتوودا هۆشداری بداتە خوێنەرە ئەمریکییەکانی خۆی. بەڵام لە هەندێک شوێندا نموونەی هاوچەرخی دیکەش دەهێنێتەوە کە بەڕای ئەو، هەمان پرۆسە لە ئاستێکی پێشکەوتووتردا بەڕێوەدەچێ، یەکێک لە نموونەکانیش تورکیای ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە.

بڕگەیەک لە کتێبەکە بەتایبەتی دەکرێ وەکوو هاوشێوەی ڕووداوەکانی تورکیا ببینرێ، لەو بڕگەیەدا هاتووە:

"ئاگرگرتنی بینایەی پەرلەمانی ئەڵمانیا ئەو ساتەوەختە بوو کە حکومەتی هیتلەر... بە شێوەیەکی مەترسیدار بوو بە ڕژێمی هەمیشەیی نازی. ئەمە نموونەی باڵای کارگێڕیی ترس و تۆقاندن بوو. کاژێر نۆی شەوی 27ی شوباتی 1923 بینایەی پەرلەمانی ئەڵمانیا ئاگری تێبەربوو. کێ ئەو شەوە لە بەرلین ئاگرەکەی کردەوە؟ وەڵامی ئەمە نازانین و ڕاستییەکەی هەر گرنگیش نییە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم کردەوە تۆقێنەرە بوو بە دەستپێکی سیاسەت لە دۆخی ئاوارتەدا. هیتلەر بە دڵخۆشییەوە چاوی بڕیبووە ئاگرەکە و گوتی "ئەم ئاگرە جارێ سەرەتایە". گرنگ نییە ئاخۆ نازییەکان ئاگریان لە بینایەکە بەرداوە یان نا. گرنگ ئەوەیە هیتلەر ئەوەی وەکوو هەلێکی سیاسی قۆستەوە و ڕایگەیاند "لێخۆشبوون نییە. هەرکەسێک ڕێگریمان لێبکات لایدەدەین". بۆ ڕۆژی دواتر بەپێی فەرمانێک هەموو مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی ئەڵمانیا هەڵپەسێردران و ڕێگە بە پۆلیس درا لە چوارچێوەی سیاسەتی پێشگیریدا هاووڵاتیان دەستبەسەر بکەن. هیتلەر بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئاگرکەوتنەوەکە کاری دوژمنانی ئەڵمانیا بووە و بە هێزی ئەم بانگەشەیەش پارتی نازی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی پێنجی ئازاردا سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد. دواتر ئەندامانی پارتە چەپەکان دەستبەسەر دەکران و لە کەمپەکانی کۆکردنەوە ڕادەگیران. پاشان هیلتەر بۆ ماوەی 12 ساڵ و هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، لە دۆخی ئاوارتەدا حوکمی کرد.

پێدەچێ پێویست نەکات گۆڕانکارییەکی گەورە لەو گێڕانەوەیە بکەین بۆ ئەوەی گشتپرسییەکەی 16ی نیسانی تورکیاش بگرێتەوە. تەنیا پێویستە کاردانەوەی ئەردۆغان بەرامبەر کودێتاکەی 15 بۆ 16ی تەمووزی 2016 بیر خۆمان بهێنینەوە کە ئەردۆغان بە "دیارییەک لە لایەن خواوە" وەسفی کرد. گرنگ نییە ئاخۆ سۆفیە تورکە گۆشەگیرەکەی پێنسیلڤانیا لە پشت کودێتاکەوە بووە یان نا. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هەوڵی کودێتاکە و تەقینەوەکانی پارساڵ لەلایەن هێزە جێی گومانەکانەوە، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی سیاسەتی باری نائاسایی لە تورکیا پەیڕەو بکرێ.

ئەردۆغان و گوێڕایەڵەکانی ئەویش، بەهەمانشێوە بەڵێنیان دا کە "لێخۆشبوون نییە"، و هەرکەسێک بێتە سەر ڕێگایان دەیکوژن. با بۆ ساتێک تەکتیکەکانی یەک ساڵی ڕابردوو لە تورکیا بیری خۆمان بهێنینەوە: نزیکەی 500 بەرپرسی پارتی دیموکراسی گەل (هەدەپە) هێرشیان کرایە سەر. سەرکردەکانی هەدەپە، لەوانەش سەلاحەدین دەمیرتاش، دەستگیرکران. دۆخی ئاوارتە قۆزرایەوە بۆ ئەوەی 100 هەزار کەس لەسەرکار لابدرێن و 40 هەزاریش بەند بکرێن، یانیش بەهۆی چەکهەڵگرتنی ژمارەیەک چەکداری پەکەکە هەندێک گەڕەکی شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵات تەخت بکرێن و 150 ڕۆژنامە و ناوەندی میدیایی دابخرێن یانیش بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە.

بەڵام هیچکام لەمانە بەس نەبوون بۆ ئەوەی فێڵ لە زۆرینەی دەنگدەرانی تورکیا بکرێ. بە گوێرەی زۆربەی چاودێران، لەوانەش ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئەوروپا (OSCE) کە خاوەنی "پێوەری زێڕینە"، هەروەها بەگوێرەی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش، گشتپرسییەکە تەنیا نادادپەروەرانە نەبووە (بە هۆی بەکارهێنانی ڕوومالی میدیاکان و سەرچاوەکانی حکومەت لە قازانجی دەنگی بەڵێ)، بەڵکو فێڵیشی تێدا کراوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز، موختاری گوندەکان چەندین دەنگی "بەڵێ"یان دەخستە ناو سندوقەکان، دەنگی "نەخێر" لە سندوقەکان دەردەکران، لە هەمووشیان سەیرتر لە ناوەڕاستی دەنگدانەکەدا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند بۆ ئەوەی دەنگێک بڕواپێکراو بێ، پێویست ناکات مۆری فەرمی لەسەر بێ.

ئەنجامی گشتپرسییەکە بە ڕێژەی 51% لە قازانجی ئەردۆغان بوو. بۆ ڕۆژی دواتریش پەرلەمان بۆ سێ مانگی دیکە دۆخی ئاوارتەی درێژ کردەوە. ماوەتەوە سەیر بکەین بزانین ئاخۆ ئەردۆغانیش وەکوو دەسەڵاتە سەرکوتکارەکانی دیکە بە شێوازێکی کارەساتبار دەسەڵاتەکەی خۆی دەخاتە کار یان نا.

---




هێمن عەبدوڵڵا

hemen@rudaw.net


# ناڵ و بزمار و یەکێتی

یەکێتی لەم ڕۆژانەدا سەری لە یار و نەیار شێواندووە. ئەوانەی کوێرانە یەکێتین دەڵێن "یەکێتی لەسەر ڕێبازی مام دەڕوات و باش دەزانێ سیاسەت بکات"، بەڵام یەکێتییە ڕاستگۆ و ڕاشکاوەکان دەڵێن "خۆشمان نازانین خەریکی چییە". ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەرچەندە یەکێتی لە ناڵ دەدات و لە بزماریش، بەڵام ناڵبەند دەردێکی گەورەتری هەیە و بەو قەرەباڵغی دروستکرنە خۆی لە خۆیەکلاکردنەوە دەدزێتەوە.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو لەو هەڵسەنگاندنە ڕۆژانەییانەدا کە بۆ دۆخی کوردستان دەیکات و دەینێرێت بۆ بەڕێوەبەرانی ڕووداو، ئەنجامگیریی ئەوەی کردووە کە یەکێتی و یەکگرتوو پێکەوە دەتوانن گوشار لەسەر پارتی و گۆڕان بکەن و لە کەلی شەیتان بیانهێننە خوارەوە. ئەمە ڕاستە، بەڵام چەندە جێبەجێ دەکرێت وەستاوەتە سەر ئەوەی کە کەی یەکێتی دەگاتە قەناعەت، خۆی یەکلایی بکاتەوە.

لەو شاندە باڵایانەی یەکێتیدا کە سەردانی گۆڕان دەکەن، هەمیشە هێرۆ ئیبراهیم و کەسانی نزیک لەو ڕۆڵی میحوەرییان هەیە. لەوانەی پارتیشدا کاک کۆسرەت برا گەورەیە. جارێکیان لەوەڵامی پرسیاری ئەوەدا کە بۆچی هێرۆخان لە کۆبوونەوە لەگەڵ پارتیدا بەشدار نابێت، بەرپرسێکی باڵای یەکێتی گوتی "هێرۆخان لەبەر نەخۆشی ناتوانێ بەشدار بێ"، کەچی هەر هەمان هێرۆخان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ گۆڕان دەبێتە گوێزی ساخ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە یەکێتی باش دەزانێ بەردەوامبوونی ئەو دۆخە قەیراناوییەی ئێستای کوردستان لە قازانجی ئەودایە و پێیخۆشە هەروا بەردەوام بێت. ئەگینا دەتوانێ بەلایەکیدا بخات. بەڵام ئەگەر لەگەڵ پارتی پێکبێت، هەرچەندە دەستکەوتە سیاسی و ئیداری و داراییەکانی دەپارێزێ و دەبێتە شەریکی ئەوەش کە دێت، بەڵام هێشتا ئەزموونی تۆڵەکردنەوەی دەنگدەرە دژەپارتی و دژەبارزانییەکانی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا لەبیر نەچووەتەوە و دەزانێ چۆن گۆڕان ئەمەی لەدژ بەزیرەکی بەکاردەهێنێت. ئەگەریش یەکێتی لەگەڵ گۆڕان ڕێکبکەوێت، جگە لەوەی شەراکەتی خۆی لەگەڵ پارتی لەسەر دەستکەوتەکانی دەخاتە مەترسییەوە، بەو هەموو باڵ و ناکۆکییانەوە کە هەیەتی وەک نێچیرێکی بریندار دەکەوێتە دەست پڵنگێکی بێبەزەیی کە ناوی گۆڕانە و بەئاسانی دەتوانێ زەفەری پێ ببات. بژارەی سێیەم کە یەکێتی هەیەتی دروستکردنی بەرەیەکی گوشاردروستکردنە لەگەڵ یەکگرتوو، کە ئەمەش دیسان لە قازانجی یەکێتیدا نییە و بەدەستی خۆی خۆی بچووک دەکاتەوە و چیدیکە هەم پارتیش و هەم گۆڕانیش کێبڕکێ ناکەن لەسەری بۆئەوەی بەلای خۆیاندا ڕایبکێشن.

بۆیە لەم ماوەیەدا جوان دیقەت بدەنە ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکانی یەکێتی و پارتی و یەکێتی و گۆڕان و تەنانەت نەخشەڕێگەکەش، لە هەموویاندا یەکێتی وەستایانە ناڵیش و بزماریش دەکوتێ و ناشهێڵێ نە دەستی خۆی خوێنی لێبێ و نە ئەسپە شێی یەکرپیزیش بحیلێنێ!

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# دەشنیێ بۆ زبڵی ئێوە گەڕاوەتەوە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net








